زنجیرە داستانی پێغەمبەران «٦»

ژیانی موسا

«علیه السلام»

نوسینی:
دانا عتمان حسن

بەشی دووەم

چاپی یەکەم

زنجیرەی داستانی پێغەمبەران (٦)

ژیانی موسا

- عليه السلام -

- بەشی دووەم -

نوسینی
دانا عثمان حسن

١٤٢١ ك
٢٠٠٠ ز

بسم الله الرحمن الرحيم

ناوی کتێب : زنجیرەی داستانی پێغەمبەران (ژیانی موسا)
ناوی نوسەر : دانا عثمان حسن
ساڵی چاپ : ١٤٢١ک ، ٢٠٠٠ ز
ژمارەی سپاردن (٦٨) ساڵی ٢٠٠٠ ز.
مافی چاپ : پارێزراوە بۆ نووسەر
ئۆفسێت و چاپەمەنی :

COMPUTER CENTER SOZ
بنکەی کۆمپیوتەری سۆز

پێشەکی

پاش سوپاس و کڕنوش بردنی بەندایەتیم بۆ پەروەردگاری بەسۆز و بـالا دەسـت و ناردنی هەزاران سلاو بۆ سەر گیانی پاکێ و پیرۆزی رابەر و پێشـەوای مرۆڤایـەتی پێغەمبەری خۆشەویست (**محمـد**) ﷺ خوێنـەری بـەڕێز و خۆشەویسـت سـەلامی پەروەردگارتان لێ بێت ـ السلام عليكم ـ.

خۆشەویستان پێشـەکی داوای لێ بوردن لـە ئێـوەی بـەڕێز دەکـەم کـە بەشـی دووەمی چیرۆکی موسا عليه السلام کەمێک دواکەوت ئەویش لەبەر چەند هۆکارێک بوو کە بەراستی بواری نەدەدام بەشـی دووەمـی ئـەم بەسـەرهاتەتان پێشـکەش بکـەم ، بەلام سوپاس بۆ خوای گەورەکەوا ئێستا و لەم کاتەدا بەشی دووەم وا لەبەردەستی بەڕێزتاندا و دەی خوێننەوە .

بەشـی دووەمـی ئـەم چـیرۆک و بەسـەرهاتە کۆمەڵـە باسـێکی بنچینـەی و هەمەچەشنی لـەخۆگرتووە و بەشـێکی ترمـان لـە تـابلۆ قەشـەنگەکەی ژیـانی ئـەو سەروەرە نیشان دەدات ..

دانا عثمان حسن

بــەندی چــوارەم

راوێژوو را پرسی فرعەون بەدارودەستە و نزیکەکانی سەبارەت بە مووسا و بانگەوازەکەی .

حاڵەتــە دژوار و ســامناکەکان رووداوەکــان پێچەوانەدەکەنــەوە و هەڵوێســتی چاوەڕوان نەکراو دێننە دنیاوە و کاری سەر سوڕهێنەر دەسازێنن !!

پاش ئەوەی کە موسای هــەڵبژێردراوی خــوای گــەورە و خــاوەن حــەق و پــەیامی خوایی سەرجەم قسەو بەڵگە و بیانووەکــانی فرعــەونی لەبــەردەم دارو دەســتەکەیدا پوچەڵ کردووە ، جار لە دوای جار شکستی تازە و روخێنەر روودەکەنە فیرعــەون ، هەر بۆیە لەم کاتەدا تەنها چارەی بریتیە لە راوێژکردن بــە داروەســتە و نزیکــەکانی چــوار دەوری کورســیەکەی ، ئــەویش بــەوەی رووی دەمیــان تێدەکــات و لــەبارەی موساوە پێیان دەڵێت .

(قال للملإ حوله إن هذا لساحرعليهم * يريد أن يخرجكم من أرضكم بســحره فَماذا تأمرون ؟) . (الشعراء : ٣٤ ــ ٣٥)

واتە : فرعەون بە کۆمەڵە کەی چوار دەوری وت: بەراستی موسا جادووگــەرێکی زۆر لێ زانە ، پاشان دەیەوێت بەهۆکاری ئەو جادووگەریەی خۆیەوە دەرتان بکــات لە زەوی و خاك و نیشتمانی خۆتان ؟!! دەی کەواتە هەڵوێستان چیەو دەڵێن چی ؟!

(سید قطب) لە تەفسیری (فماذا تأمرون) دا دەفەرموێت :

((وتلك شنشة الطغاة حينما يحسون أن الأرض تتزلزل تحت أقدامهم يلينــون في القول بعد التجبر ، ويلجأون إلى الشعوب يتظاهرون باالشورى في الأمر وهــم كانوا يستبدون بالهوى)[1]

[1] في ظلال القرآن /ج (٦) ، (ص) (٢٠٤)

واتە : ئەمە رەوشت و حاڵی ستەم کار و طاغوتانە لە کاتێکدا هەست دەکەن بەوەی کە زەوی توشی بومەلەرزە بووە لە ژێر پێکانیاندا ، پاشان نەرم و نیانی لە قسەکردنیاندا دەبێتە هەڵوێستیی بەردەوامیان !! ئەمیش پاش لە ئەوەی کە فەرمانەکانی خۆیان بە زۆر چەسپاندووە بەسەر خەڵکیدا !! ئەوجا ئەم ستەم کارو طاغوتانە رووبەڕوو دەکەنەوە گەل و میللەت و داواکاری دەربڕینی هەڵوێستیان لیّ دەکەن و لەکارو فرمانەکاندا دەیان کەنە شەریک بۆ هەڵوێست دەر بڕین ، بەڵێ ئەوانە کەسانێک بوون هەردەم بەهەواو نەفسی خۆیان کاریان کردووە ... ...).

هەڵوێستەیەکی خێرا !! بەراستی رووداوێکی هێجگار سەیر و سەرسوڕهێنەرە !! فیرعەونێک بەوهەموو هێزو دەسەلات و سەربازەکەم وێنەیەوە ، فیرعەونێک ی دکتاتۆر و ستەمکار کە هەرگیز ئامادە نەبووە گوێ بۆ قسەی هیچ کەسێکی دوور یان نزیک بگرێ ، فرعەونێک کە بە ئاشکرا و پڕ بەدەمی هاوار دەکان و دڵێت : (أنا ربكم الأعلى) !!من خوای هەر بەرزو دەستەلات داری ئێوەم ، ئێستا لەم کاتەدا لە بەردەم بانگەوازی حەق و روناک و رۆشنی موسادا هاتۆتەوە ئاستی مرۆڤایەتی سادەی خۆی و کەم تریش و راوێژبە کەسانێک دەکات کە تا ساتێک لەوەوپێش بە مرۆڤیشی نەدەزانین !!

لە چ کات و سەردەم و حاڵەتێکدا دەستەلات دارە ستەمکارەخۆبەزل زانە دورلەخواو نزیک لە شەیتانەکانە گوێچکەیان بۆ قسەو راوێژ و هەڵوێستی کەسانی خوارخۆیان گرتووە و حسابیان بۆ کردوون !!؟؟

ئەم رووداوە بەڵگەی رووخان و هیچ پێ نەمان و دۆڕاندن دەگەیەنێت لەبەر دەم راستی و پەیامی خوایی و هەڵگرانیدا !!

(وقل جاء الحق وزهق الباطل إن الباطل كان زهوقاً)) !!

وەڵامی دارودەستەو کەسە نزیکەکانی فرعەون لەبەردەم داواکاریەکەی فیرعەوندا .

سروشتی مرۆڤی خۆفرش و دەروون نەخۆش و کەسایەتی بەزیوو و دۆڕاو هەمووکات رەها بووەکە هەردەم بێئاگا بن لە قسەو کرداری ئەو دەستەڵات دار و فەرمان رەوایەی کە فەرمان رەوای سەردەم بووە دارودەستەکەی فرعەون بەتەنها لاشەی خۆیان فرۆشتبوو بە فرعەون بەڵکو هەست و نەست و شعور و ژیریشیان فرۆشتبوو بە فرعەون لە خزمەتی کورسی و دەستەڵاتە کەیدا بەکاریان دەهانی هەروەک ئەمڕۆی حاڵی وەزیر کار بەدەستە بچوکەکان بۆ کار بەدەست گەورە و دەستەڵات دارە زلەکان بەڵێ کاربەدەستەکانی چواردەوری فرعەون دەبوایە ئەوەندە ژیربوونایە و بیان زانیایە کە فرعەون لەبەر چاوی جوانیان و ژیری و حساب بۆ کردنیان راوێژ و را پرسیان پێ ناکات بەڵکو لەبەر بەر ژەوەندی تایبەتی خۆی راوێژیان پێ دەکات و حسابیان بۆ دادەنێت !!

بەڵام بەهەرحاڵ راستە گەر کەسێ شوێن پەیامی خوای گەورەنەکەوێت ئەوە لەردەم ژیانی خۆی بۆ خزمەتی خەڵکانی ستەم کارو بێ دین و دور لە خوا بەکاردەهێنێت و دەبێتە دەم راست وئیش راپەڕێنەریان .

بەڵێ شەیتان هەردەم شوێنکەوتوان و دۆستانی خۆی لەیادە و ئامادەی بەرنامە انانە بۆیان !! دارودەستەکەی فرعەون لەوەڵامی پرسیار و راوێژەکەی فرعەوندا وتیان :

(ئەی جەنابی فرعەون ئێستا و لەم کاتەدا مۆڵەتی موسا و هارونی برای بدە و اریان دوابخەن و چەند پیاوێک هەڵبژێرە و تەرخانیان بکەن ، کە تەنها کاریان یتی بێت لە کۆکردنەوەی جادووگەرانی ئەم وڵاتە ، پاشان ئەگەر بەگوێمان بکەیت ەوە ئێمە ئەرکی کۆکردنەوەی جادووگەرە زۆر لێ زانەکان دەخەینە سەر ئەستۆی ۆمان و هەموو جادووبازە شارەزاکانت بۆ خڕ دەکەینەوە !!

خوای گەورە لەم بارەوە دەفەرمووێت :

(قالوا ارجه وأخاه في المدائن حاشرين * يأتوك بكل سحارٍ عليـــــم) الشـعراء .(٣٧،٣٠

داواکاری فرعەون و دارودەستەکەی لە موسابە دیاری کردنی رۆژێك بۆ رووبەرووبونەوە .

فرعـەون دارودەستەکەی سات لـەدوای سـات هەرەسـی گـەورە گـەورە دێـت بەسـەریاندا و بـەدرۆو سـاختەکاری خۆیـان ی تارادەیـەک لیّ دەربازدەکـەن بـۆ مەبەستی مانەوە یان لەسەر کورسی تاوان و مژینی خوێنـی میللەت ، وا ئێـستاو لەم کاتەشدا رێگایەکی تر بە کاردەهێنن بۆ دژایەتی کردنی موساو بەکـەم دانـان و بێ نرخ کردنی پەیامەکەی ، ئەوش بەوەی کە فرعون خۆی و داودەستەکەی زۆر بـە خاوەن حەق و مـاف نیشـان دەدات و وا خـۆی دەردەخـات کـە هەڵوێسـت ولایـەنی خۆیان زۆر بەهێزە و سەرکەوتن هەر بۆخۆیانە و لایەنی بەرامبەریشی کە موسـایە ـ ﷺ ـ زۆر لاوازە و ژێرکەوتن و سەرکزی هەربۆ پـەیامی خـوای گەورەیـە ! بـەڵام (العاقبة والنصر للمؤمنين والندامة للظالمين) .

فرعەون و دارودەستەکەی داوایان کرد لـە موسـا ـ ﷺ ـ ـ کـە رۆژێـک دیـاری بکات کە تێیدا کۆببنـەوە بـۆ مەبەستی رووبەرووبونـەوە و زۆران بـازی و هەڵدانـە ژێری ئەوی تر و سەرکەوتنی لایەک بەسەرلایەکەی تردا ، بەڵێ قورئـان باسی ئـەم روداوەمان بۆ دەکات و دەفەرموێت :

(ولقد أريناه أياتنا كليا فكذب وابي * قال أجئتنا لتخرجنا من أرضنا بسـحرك يا موسى ؟* فلنأتينك بسحرٍ مثلهِ فاجعل بيننا وبينك موعداً لا تخلفه نحن ولا أنـت مكاناً سوى *) (طه :٥٦-٥٨)

واتە : پاش ئەوەی فرعـەون و سـەرجەم بەڵگـە و معجزاتـەکانی ئێمـە (خـوای گەورە)ی بینی دەست بەجێ خۆی بەزل زانی و بەرپـەرچی دایەوەوپشتی تێکرد ، ئەوجا بە موسای وت : ئەی موسا ئایا تۆ هاتویت بۆ ناومان کـە بـە هۆکـاری ئـەو جادووەتەوە لە خاک و نیشتمانی خۆمان دەرمان بکـەیت !! بـەڵێن بێـت بەهـەمان شێوەی جادووبازیەکەی خۆت هـەمان جادووت بـۆ بـهێنین و لـە بەرامبـەرتدا رای

بگرین !!! کەواتــە ئـەی موسا کـاتێکێ دیـاری بکـە لـە نێـوان ئێمـە و خۆتـدا کـە کۆببینەوە تیایدا پاشــان هیـچ لایـەکمان لـەکاتی دیـاری کردنـی ئـەو رۆژووکاتــەدا پەیمان شکێنی نەکات و بەباشی ئامادەبێت !!

سەرنج بدە !! تاکە رێگەیەکێ کە بەدەست فرعەونەوە ماوە و دژایــەتی موســا و هارونی پێی بکات وبریتیە لە بانگێ کردن و کۆکردنــەوەی جادووبازەکـان لـە دەوری خۆی بۆدژایەتی موسا و سەرکوت کردنەوەی پەیامەکەی ،

جـا سـەیر لەوەدایـە کـە فرعـون ئـەوەندە بـەدڵنیایی و سـنگێ دەرپـەڕی وی و ئازایانـە قسـەدەکات کـە بێگومـان سـەرکەوتن هـەربۆ ئەمـە و لاوازبـــوون و ژێــر کەوتنیش بۆ موساو پەیامەکەیەتی !!

ئـەم دڵنیاییەشـی لـە رێگەیەکـەوە دەسـت کـەوتووە کەشــەیتانی مامۆســتا و گومڕاکەری بۆی رازاندۆتەوە خێرا خێرا ئومێدی خەیاڵی بۆ دروست دەکــات وزیــاتر هانی دەدات کە سـوربێت لەسـەر ئـەم کـارەی وپشـتی تـەواو بـەهۆکارە مـاددی و دنیاییە سادەو بێ نرخەکان ببەستی و واش بزانێ کە هەموو شـتێکی ئـەنجام داوە و هیچ نەماوەتەوە و بەدڵنیاییەوە سەردەکەوێت !!

(قال رب بما أغويتني لأزينن لهم في الأرض ولأغوينهم أجمعين) (الحجر ـ ٣٩).

پـاش ئـەم داواکاریــەی فرعــەون دەسـت بـەجێ موسـا ـ عليه السلام ـ رۆژو کـاتی ئــەو رووبەرووبونەوەی دیاری کردوو فەرمووی :

(قال موعدكم يوم الزينة ، وأن يحشر الناس ضحى) (طه :٥٩) .

واتە : موسا لەوەڵامی فرعەون و دارودەستەکەیدا فەرمووی : کاتی دیاریکراوو بەڵێن پێدراوتان رۆژی خۆجوان کـردن و ئارایشـت کردنتانـە ، وەکـاتی کۆبونـەوەی خەڵکیشی لەو رۆژەدا با بریتی بێت لە کاتی چێشتەنگاو .

کۆبوونەوەی سەرجەم جادووگەران لە رۆژی دیاری کراودا .

فرعـەون ی سـتەمکار بەچـەند رۆژێــکێ پێـش رووداون و دەســت پــێ کردنـــی رووبەروو بوونەوە کە لەگەڵ موسادا ـ عليه السلام ـ سەرجەم سەربازە بـەکرێ گیراوەکـانی خـۆی بڵاودەکاتــەوە و بـەناو شـار و کوچـەو کـۆڵان و شـەقامە گشـــتییەکاندا بــۆ

مەبەستی کۆکردنەوەی جادووگەرە زۆر لێزان و کارامەکان لە بواری جادوودا و پاشان ئاگادارکردنەوەی سەرجەم خەڵکی لە رووداوێکی وەها گەورە کە لە و رۆژەدا روودەدات .

بەڵێ سەربازەکانی فرعەون گورگ ئاسا بە فەرمانی فرعەون بڵاوبوونەوە و بەناو شاردار بەخەڵکیان راگەیاند کە ((ئەی خەڵکینە !! ئەی جەماوەری خۆشەویست و حەق خوازی ئایا ئێوە دەتوانن کەوا کۆببنەوە لەو رۆژەی کە دیاری کراوە و رۆژی خۆرازاندنەوە و ئارایشت کردنە !!؟!

ئەمیش بە ئومێدی ئەوەی کە ئەگەر جادووبازەکانی سەربە خۆمان سەرکەوتن ئەوەشوێنیان بکەوین و هەڵگری شوێن قاچەکانیان بین !!؟!

خوای گەورە لەم بارەوە دەفەرموێت :

(يأتوك بكل سحارٍ عليم * فجمع السحرةُ لميقاتِ يومٍ معلوم * وقيل للناس هل أنتم مجتمعون * لعلنا نتبع السحرة إن كانوا هم الغالبين) (الشعراء : ٣٧-٤٠)

واتە: فرعەون بە مووسای وت : بەڵێن بێت سەرجەم جادووگەرە زۆرزاناکانت بۆ بهێنم !! پاشان ئەو جادووبازانە کۆکرانەوە لەکات و ساتی رۆژی زانراوودیاریکراودا ، کە کاتی چێشتەنگاو بوو ، ئەو جابە خەڵکی وترا کە ئایا ئێوە کۆدەبنەوە ؟ لەو رۆژەدا ، ئەویش بۆ مەبەستی ئەوەی کە شوێن جادووبازەکان بکەوین گەر سەرکەوتن !!

هەروەها لە سورەتی (طه)دادەفەرموێت :

(فتولى فرعون فَجَمَعَ كيده ثم أتى) (طه : ٦٠)

واتە : پاشان فرعەون لە شوێنی خۆی هەڵسا و کارەکەی ئەنجامدا ، ئەویش بە کۆکردنەوەی جادووبازەکان بۆ مەبەستی ئەوەی فروفێل و چاووبەستیان پێ ئەنجام بدات لەدژی موسا و هاروونی برایدا (عليهم السلام) .

داواکاری جادووگەرەکان لە فرعەون گەر سەربکەون .

ئێستا و لەمکاتەدا رۆژی دیاریکراوە و کاتەکەشی چێشتەنگاوە و سەرجەم خەڵکی بەوپەڕی خۆشیەوە لەم رۆژەدا خۆیان رازاندۆتەوە و پۆل پۆل بەرەو ئەو

جێگایە دەڕۆن کە رووبە رووبوونەوەکەی تێیدا ئەنجام دەدرێت ، پاشان دەبینن کەوا فرعون ی ستەم کاریشی لەسەر کورسیەکی بەرزی رازاوە دانیشتوون بەوپەڕی گەش بینی و بە ئومێدی سەرکەوتنە وە بزە لەسەر لێوە رەشەکانی نابڕێت و هەردەم قسەی خۆش بۆ داروودەستەکەی دەکات !!

لەولاشەوە سەرجەم جادووبازان دەبینین کەوا ریزیان بەستووە و لەسەرتازەترین شێوەی جادوو بۆ مەبەستی خۆدەرخستن و دڵ خۆش کردنی فرعەون و داروودەستەکەی حەبل و دارد دستەکانیان هەڵدەدەن و لەبەرچاویاندا دەیکەن بە مارو شتی لەوەسەیرتریش !!

بەڵام لەم کاتەناسکەدا جادووگەرەکان کۆبوونەوەیەکی زۆر نهێنی دەکەن و سەرەنجام لەسەر ئەوە رێدەکەون کە هەموویان و بەیەک جار رووبکەنە فرعەون و داوای ئەوەی لێ بکەن کە :

(ئەی فرعەون ، ئەی دەستەڵات دارو خاوەن داری میصر !! ئەی ئەوکەسەی هەموو کەس بەرزترو چاک ترو باشتریت!! ئێمەی گرۆهی جادوبازان داواکاریەکمان لە بەرێزت هەیە ، کە ئەویش دەڵێین : ئایا ئەگەر ئێمە سەرکەوتین بەسەرموسادا و دەستەوەستانمان کرد هیچ پاداشتێکمان هەیە لەلای تۆ ؟!

فرعەونی ساختەکار لەمکاتەدا لەهەموکاتێک زیاتر پێویستی بەدرۆ کردن و پەیمان دانی درۆو وکار راپەراندنی خۆی هەیە و لەوەلامدا بەجاووبازەکان دەڵێت :

(ئەی گرۆهی جادووبازان !! بەڵێن تان پێدەدەم گەر ئێوە سەرکەوتن و موساتان دەستەوەستان و دەستەمۆکرد ئەوە بەدڵنیاییەوە پاداشتێکی زۆر گەورە و نرخێنەتان هەیە لەلای من !! کە ئەویش بریتی یە لەوەی دەتان کەم بەدەستەڵات ارە نزیکەکانی چواردەوری خۆم و شوێن و جێگای زۆر بەرزتان پێ خەلات دەکەم

قورئان لەم بارەوە دەفەرموێت :

(فلما جاءَ السحرة قالوا لفرعون أئِن لنا لأجراً إن كنا نحن الغالبين ؟* قال نعم إنكم إذا لمن المقربين) (الشعراء : ٤١ــ٤٢).

ئامۆژگاری موسا ـ عليه السلام ـ بۆ جادوو بازەکان پێش دەست پێ کردنی رووبەروبونەوەکە .

رەوشت و کاری سەرەکی و گرنگی پێغەمبەران ـ علیهم السلام ـ لە هەموو سەردەم و کاتێکداوە هابووە کە هەردەم لە بانگەوازکردنی خەڵکی و ئامۆژگاریی کردنیان و رێگە نیشان دانیان لە تاریکاییەکانەوە بۆ روناکی پەیامی خوای گەورە و رێگە راستەکەی نەوەستاون و روداوە دژاوارو هەرەشە توندەکان لە کاری سەرەکی و فەرمان پێ کراوی خۆیان دوای نەخستوون !! بەڵێ لەم کاتەدا کە ئەوەندەی نەماوەکەوا نمایشەکە دەست پێبکات و حەق و ناحەق و دەربکەوێت موسای بانگ خواز و خێرخواز رووی دەمی پیرۆز و پڕ پەیامی پەروەردگاری دەکاتە جادووبازان و ئامۆژگاریان دەکات و پێیان دەفەرموێت .

(ئەی جادووبازان باش گوێم بۆ بگرن تا چەند قسەیەکتان بۆ بکەم ئەویش بریتین لە :

(خەجاڵەتی و سەرکزی و سەرگەردانی دنیاو قیامەت بۆ ئێوە کەوا خۆتان فرۆشتووە بەستەمکار و دور لە خوایەکی وەک فرعەون و بونەتە لایەنگری و دژایەتی من و پەیامی پەروەردگار دەکەن ، دەی سەرگەردانی و خەسارەت مەندی بۆتان کەوا دژی خوای گەورە بووە ستن وببنە پاڵپشتی ستەمکارێکی وەک فرعەون ، هۆشیاربن و درۆ بەدەم خوای گەورەوە مەکەن ، چونکە ئەوەی دۆر بەدەم خوای گەورەوە بکات ئەوە بە دڵ نیاییەوە بەرسزاسەختەکانی خوای گەورە دەکەوێت و لەرەحم وسۆزی پەروەردگاری دەردەچێ !!

دوا ووتـە و دوا ئامۆژگـاریم بۆتـان بریتیەلـەوەی کـە ئاگادارتـان دەکەمـەوە هەرکەسـێ لـە ئێـوە درۆبـەدەم پـەروەردگارەوە بکـات ئـەوە خەسـارەت مـەند و رەنجەڕۆو زیان دار دەبێت !!))

خوای گەورە لەم بارەوە دەفەرموێت :

(قال لهم موسى لا تفتروا على الله كذباً فيسحتَكم بعذاب وقدخـــاب مـن أفترى) (طه : ٦١)

هەڵوێستی جادووبازان لەبەرامبەر بەم ئامۆژگاریەو کاری گەری لەسەر ناخیان و بەردەوام بوون لەسەرکاری خۆیان

گومان لەوەدا نیـە کـە پێغەبمـەران ئـەوەندە پـاکێ بـوون و لەپەروەردگاریانـەوە نزیکێ بوون و قسەکانیان کاریگەری هەبووە لەسـەر دڵـی لایـەنی بەرامبـەر دەست بەجێ کاری گەری دروست کـردووە چونکـە بـۆ خـوا بـوون و راسـتگۆیی بنچینـەی وتەکانیان بووە و لەدڵیانەوە !!

ئاراستەی دڵەکان کراوە ..

گەر هەر قسـەیەکێ لەدڵەوە دەربچێت ئەوە بەدڵنیاییـەوە دەچێتـەوە بـەرەو دڵ و دەرگـاو دەروازەی دڵـەکان دەکاتـەوە و سـەرجەم کۆت وزنجیرەکـان دەقرتێنـێ و لەناویان دەبات .

بەڵام گرنگێ لەوەدایە !! ئایا تا چ رادەیەکێ لایەنی بەرامبەر کـاری گـەری قسـە راستەکانی لەسەر دەردەکـەوێت و رەنـگێ دانـەوەی واقعـی و عـەمـەلی و بـەرچاوی تیادا رەنگێ دەداتەوە و دەبێتە فاکتەرێکی گۆڕێنـەر لـە ژیانی ئەوکەسـەیان چـەند کەس و کۆمەڵ دا !!

گەر هەر لەم روانگەیەوە بڕوانینەهەڵوێستی جادووبازان لەبەردەم ئامۆژگاری و ئاگادار کردنەوەکانی موسا ـ ﷺ ـ بۆیان دەبینین کەوا ئەوەندەکاری گەریان لەسەر دروست دەکات کە لە گوفتار وکرداریاندا بەتەواوی رەنگ دەداتەوەو بەتەواوی و بەشێوەیەکی بەرچاوتیاندابەدی دەکرێت قورئان باسی ئەم حاڵەتەمان بۆ دەکات و دەفەرموێت :

(فتنازعوا أمرهم بينهم واسروا النجوى ...) (طه :٦٢)

واتە : پاش ئەوەی جادووگەرەکان لەلایەن موساوە ـ ﷺ ـ ئامۆژگاریی کران و گوێ بیستی قسەکانی بوون ، دەست بەجێ دژایەتی و ئاژاوە و کێشە لەنێوانیانا دروست بوو ، بەلام لەگەڵ ئەمەشدا دژایەتی و کێشە و جیاوازیەکەی نێوانیان ئاشکرا نەکرد تا موسا و هارون هەستی پێبکەن !! بەڵکو بەنهێنیی ئەو دووبەرەکیەیان لەنێوانادروست بوو و ئاشکرا یان نەکرد .

بەلام کۆمەڵێک لە جادوو بازەکان کە زۆر سووربوون لەسەرکاری خۆیان بۆ بەدەست خستنی بەرژەوەندی دنیا و دەست کەوتنی پلەو پایە و لێپرساوی و هەندێ سوپاس و ئافەرین وەلامی ئەوکۆمەڵە جادووبازەیان دایەوەکە رازیی نەبوون بەرووبەرووبوونەوە لەگەڵ موسادا ـ ﷺ ـ و وتیان :

(بەدڵنیایی ئەم دووانە ـ واتە موسا و هارون ـ جادووبازن و مەبەستیان بریتیە لەدەرکردن و دەر پەڕاندنی ئێوە لە خاک و ئاوو نیشتمانی خۆتان بەهۆکاری جادووەکەیانەوە ، پاشان یەکێکی تر لە مەبەستە سەرەکی و گرنگەکانی ئەم دووجادووبازە ـ موسا و هارون ـ ! بریتیە لەوەی کە لاتان بەرن لەسەر ئەو رێگە راستەی کە هەڵتان بژاردووە و کردووتانەبە یاسای و پێشەنگی ژیانی خۆتان لەدنیادا ، خوای گەورە لەم بارەوە دەفەرموێت :

(قالوا إن هاذانِ لِساحرانِ يريدانِ أن يخرجاكم من ارضكم بسحرِ هما ويذهبا بطريقتكم المثلى) (طه : ٦٣)

واتە: جادووبازەکانی ترووتیان بەوانەی کــە سورنەبوون لەســەر ئــەوەی کــە ئــەو رووبەرووبوونەوە نەکرێت : بەراستی ئەم دوانە ـ موســا و هــارون ـ دووجادووبــازن و دەیانەوێت بەهۆی جادووکەیانەوە دەرتان بکەن لە خاکێ و نیشتمانی خۆتان بــەهۆی جادووەکەیانەوە ، پاشان لاتان بــدەن لــەو رێگــە و رێبــازە بەرزوچاکــەی کەلەســەری دەڕۆن !!

جادووگەرەکان بەم قسانەیەکێ کەوتنەوە و هــەموو بەیــەکێ جار بڕیاریــان دا لــە سەر ئەوەی گــە دژایــەتی موسا و هــارون بکــەن و دژیــان بووەســتن لەبــەرژەوەندی خۆیــان وسەرخســتنی فرعــەون .. پاشــان جادووبازەکــانی دەوری فرعــەون ئــەوەندە دڵنیــابوون لــەخۆیان دەیــان وت : بــەعزەت و گــەورەی فرعــەون هــەر ئێمــە سەردەکەوین و بردنەوە هەر خەلاتی ئێمەیەو بۆکەسی تر نیە !!

بەڵام بێ ئاگا بوون لەوەی کە خــوای گــەورە ئــەم کــارە هەڵدەسوڕێنێ و تریــەی دڵەکان و گۆرینیان لەبێباوەڕیەوە بــۆ ئیمــان و ســەرخستنی موســاو هــارون بەســەر فرعەون ودارودەستەکەیدا بەدەست خۆیەتی و ئەوەی ئــەمان حسابیان بــۆ کــردووە زۆر بە پێچەوانەوە و بەشێوەیەکی تردەبێت :

(وَمَكروا ومَكرالله والله خيرالماكرين) يان (والله من وراءهم محيط).

رۆژی ـ زینەو ـ ســـەرەتـــای دەســـت پێکـــردنی رووبەروبونەوەلەنێوان موســاو جادووگەرەکاندا .

وا ئــەمرۆ رۆژی زینــە و ئارایشــت و خۆرازاندنــەوەی خەڵکیــە و کــاتیش چێشتەنگاوە و پــۆل پــۆل لەخــەڵکی بەگــەورە و بچــوکێ پــیرو منداڵــەوە بەرەو ئــەو شــوێنگایەدێن کــە رووبەرووبونەوەکــەی لێ ســازدەدرێت ، خــەڵکی هــەزاری چەوشــاوەکراوو چاوەڕوانی ئــەوەن کــە فیرعــەون و جادووبــازان ســەربکەون بەســەر موساو هارونی راستگۆو پێغەمبەردا ، جادووبازانیش ئەوەنە متمانەیان بــەخۆیان و

کارەکەیان هەیە کە خۆیا و خەڵکیان دڵنیاکردووە لەوەی **کەسەرکەوتن** و بردنەوە بە تەنها بۆ ئێمەیەو دۆڕاندن و ژێرکەوتن بۆ موساو هاروونە **!!**

لەگەڵ ئەوەشدا جادووبازان هەرهەموویەکۆیلەیەکێ **ریزراوەستاون** و لەبەر خۆیانەوە دەڵێن : ئەمڕۆ هەرکەسێکێ سەر بکەوێت **ئەوە بەدڵنیایەوە** دەگات بەئاوات و مەبەستی خۆی و رزگار دەبێت و بەرژەوەندی **بەدەست** دەهێنێت ، قورئان لەم بارەوە دەفەرموێت :

(فأجمعوا كيدكم ثم ائتوا صفاً وقد افلح اليوم من **استعلى**) (طه : ٦٤).

واتە : ئێوەش ـ جادووبازان ـ بەیەکێ جار بڕیار بدەن **لەسەر ئەوەی** کەلەدەستتان دێت بۆبەرگری کردن لەخۆتان ، دژایەتی‌کردنی موساو **هارون** ، پاشان هەموو وەرنەمەیدانەوە و بەیەکێ ریز بوەستن ، بێگومان **ئەمڕۆ** کەسێکێ رزگارەو گەیشتووە بەمەبەست و ئامانج ی خۆی کە سەربکەوێ و **زاڵ** بیێ بەسەر لایەنی بەرامبەردا .

لە پاشاندا جادووگەرەکان وەکێ دەرخستن و **دەربڕینی** لایەنی بەهێزی ودەستەڵاتی خۆیان بەموسایان وت : (ياموسى : إما أن **تلقي** وإما أن تكون أول من القى) (طه :٦٥)

واتە / ئەی موسا یان تۆلەسەرەتاوە داردەستەکەت فڕێ **بدە** یان ئێمە ئەکەم جار داردەستەکانمان فڕێ دەدەین !!

موساش ـ عليه السلام ـ لەوەلامدا پێی وتن : (القواما أنتم **ملقون**) (الشعراء :٤٣)

واتە : ئەوەی دەتانەوێ و بەدەستانەودیە فڕێی بدەن .

هەروەها لە سورەتی (ألأعراف)دا دەفەرموێت :

(قالوا ياموسى إما أن تلقي وإما أن تكون نحن الملقين * **قال** ألقول ..)
(الأعراف : ١١٥ ــ ١١٦).

واتە : جادووگەرەکان بە موسایان وت : ئەی موسا ئازادبە و بە ئارەزووی خۆت هەڵبژێرە تۆ لەسەرەتادا داردەستەکەی خۆت هەڵدەدەیت !!؟ **یان** ئێمە لە سەرەتادا

داردەستەکانمان هەڵبدەین ؟! موساش ـ عليه السلام ـ فەرمووی ئێوە لەسەرتادا دەست پێبکەن و داردەستەکانتان هەڵبدەن.

(زمخشری) کە خاوەنی تەفسیری (الکشاف)ە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت :

(تخييرهم اياه أدب حسن كما يفعل أهل الصناعات إذا التقوا كالمتناظرين قبل أن يخوضوا في الجدال)[2]

واتە : ئەوسەربەست کردنەی ساحیرەکان بۆ موسا کە هەڵی بژێرێت کاملایان لە پێشدا دەست پێبکەن ئەدەبێکی جوان و باشە ، هەروەک خاوەن پیشەکان کاتێک بەیەک دەگەن وە ئەوانەی بەرامبەریەک دادەنیشن بۆ باس و مێزگرد پێش ئەوەی بکەونە گفتوگۆ و گەرم و جیدال ئەم شێوە هەڵبژاردنە بەیەکتری دەدەن کە یەکێکیان دەست بەباس و خواسەکەی بکات و پێش بکەوێت .

(بەڵام ئەوەی لەم راپرسیو قسانەدا دەربکەوێت بریتییە لە شانازی کردن بە نەفسی خۆیان و بێبایەخ سەیر کردنی موسا و کارەکەی .. ..)[3]

بەڵێ کارەکەیەکلایی بویەوە و جادوبازەکان داردەست و حەبل و ئەمەی بەدەستیانەوە بوو هەڵیان داو لە ئەنجامدا بوو بە مارو بە ئاشکرا لەبەر چاووی هەمو خەڵکیدا دەجووڵایەوە !! بەڵام لە راستیدا حەبل و داردەستەکانیان کە بووبوون بەمار وانە بوو بەڵکو هەر حەبل و شتی تر بوو بەڵام جادوویان لە چاوو خەڵکی کردبوو و خەڵکی چەواشە کرابوو بەوەی کە ئەمانە ماری راستەقینەن نەک حەبل و دار هەروەک قورئان شاهێدی ئەم راستیەمان بۆ دەدات و دەفەرموێت :

(فلما ألقوا سحروا أعين الناس واسترهبوهم وجاءوا بسحرٍ عظيم)
(الأعراف ـ ١١٦ ـ)

---

[2] تفسير الكشاف / ج (٢) ، ص (١٤٠) (زمخشري) .
[3] صفوة التفاسير / ج (١) ، ص (٤٣٠) محمد علي الصابوني

واتە : پاش ئەوەی کە جادووگەران داردەستەکانی خۆیـان هـەڵداو بـوو بـەمار !! بەڵام لە راستیدا جادوویان لە چاووی خـەڵکی کـرد و خـەڵکیان ترسـاند بـەم روداوە سەیرە و پاشان جادوویەکی زۆر گەورەیان ئەنجام دا .

لە سورەتی (الشعراء)دا خوای گەورە بەشێکی تـری ئـەم رووداوەمـان نیشـان دەدات و دەفەرموێت :

(فألقوا حبالهم وعصيهم وقالوا بعزة فرعون إنا لنحن الغالبون) (الشعراء :٤٤)

واتە : پاشان جادووگـەرەکان داردەست و حەبلـەکانی خۆیـان فـڕێدا و وتیـان : بەعزەت و گەورەی و دەستەلاتیی فرعەون ئێمە سەردەکەوین !!

هەروەها لە سورەتی (طه) دا دەفەرموێت :

(فاذا احبالهم وعصيهم يخيل عليه من سحرهم أنها تسعى) (طه :٦٦)

واتـە : لـە پـاش فڕێدانـی حـەبل و داردەسـتی جادووبازەکـان ، دەسـت بـەجێ بەجادووی جادووبازەکان و بەهۆی جادووەکەیانەوە خسـتیانە خـەیاڵی موسـاوە کـە ئەم داردەست و حەبلانە جووڵەدەکەن و دەجووڵێنەوە .

(إبن اسحاق) لە دەربارەی ژمارەی جادووگەرانەوە دەفەرموێت :

(ژمارەی پۆل و صەفی جادووگــەرەکان (٥٠) هـەزار جادووگـەر بـوو و پاشـان لەگەڵ ئەوەشدا هەریەک لەو جادووگەرانە حەبل و داردەستێکی پێبوو .. .. ..)[٤]

بەراستی رووداوێکی هێجگار سەرسوڕهێنەر و ترسـناکە !! پەنجا هەزار حەبل و دارو گۆچان لەیەک ساتدا لەبەر چـاوودا ببنـە مـارو بـە ئاشـکرا بجوڵێنـەوە و ئـەم لاولا بکەن !! و لەگەڵ ئەوەشدا سەرجەم خەڵکی لەدژی بن و گەورەترین مـەبەست و ئاوات و هـەوڵیان بریتی بێت لە نابوت کردن و بەزاندن و دژایەتیی !! موسا ـ ﷺ ـ ئەمە تەنها باوەڕی پتەو متمانەی بەهێزوو خۆڕاگـری و دان بـەخۆدا گرتـن و پشـت بەستن بە پەروەردگارە کە دڵی مرۆڤ لەوحاڵەتەدا رادەگرێ و ئـارامی و جێگـری و هیـواو ژیانـەوەی پێدەبەخشـێ و هەسـتی سـەربەرزی و سـەرکەوتن وگیـانی رووبـە

[٤] تفسير الطبري / ج (١٣) ، ص (٢٨).

ڕووبوونەوە و ڕانەکردنی لە مەیدانی جەنگ پێخەڵات دەکات و وەک شاخە سەختەکان دامەزراوی دەکات .

موسا ـ عليه السلام ـ بینی کەوا بەیەک جار و لەیەک سات و کاتدا (٥٠) هەزار حەبل و داردەست بوونەتە مار و لەبەردەمیدا دەجوولێنەوە دەست بەجێ وەک سروشتی مرۆڤی خۆی ترسێک لەدڵیدا دروست بوو !! بەڵام خوای گەورە دڵ ئارامی کردوو مژدەی سەرکەوتنی پێ ڕاگەیاند و فەرمانی پێکرد کە هەرگیز دڵ گران نەبێت و نەترسێ چونکە بەدڵنیاییەوە هێزی بێ سنووری پەروەردگارت لەگەڵدایەو سەرت دەخات بەسەر سەرجەم ئەوکەسانەی کەدژت وەستاون !! هەروەک قورئان دەفەرموێت :

(فأوجس في نفسهِ خيفةً موسى * قلنا لا تخف إنك أنت الأعلى * والق مافي يمينك تلقف ما صنعوا إنما صنعوا كيد ساحر ولا يفلح الساحِرُ حيث أتى) (طه : ٦٩).

واتە : موسا ـ عليه السلام ـ لە ناخیدا ترسێک دروست بوو ، ئەوجا خوای گەورە نیگای ڕەوانەی موسا کرد و پێی فەرموو : مەترسە چونکە بەڕاستی هەرتۆ سەردەکەویت و زاڵ دەبیت بەسەریاندا !!

کەواتە ئەوەی بەدەستی ڕاستەوەیە هەڵی بدە چونکە ئەوەی ئەوان کردوویانە هەمووی بەیەک جار هەڵدەمژێ و قوتی دەدات ، پاشان جادووبازان هەرگیز ناگەن بە ئاوات و ئامانجی خۆیان لەهەر جێگاو شوێنێک بن ..

(سيد قطب) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت :

(لاتخف إنك أنت ألأعلى ، فمعك الحق ومعهم الباطل ، معك العقيدة ومعهم الحرفة ، معك الأيمان بصدقِ ما أنت عليهِ ومعهم الأجر على المباراة ومغانم الحياة ، انت متصل بالقوة الكبرى وهم يخدمون مخلوقاً بشرياً فانياً مهما يكن طاغية جباراً)[٥]

واتە : ئەی موسا ـ عليه السلام ـ مەترسە چونکە تۆ سەرکەوتویت ، تۆ ڕاستیت پێیەو ئەوان درۆو بەتاڵیان پێیە ، تۆ بیروباوەڕی پتەوت پێیە و ئەوان خاوەن و هەڵگری بیرو باوەڕێکی دەست کاری کراوو (منحرف)ن ، تۆ ئیمانی ڕاستەقینەت

[٥] في ظلال القرآن ج (٥) ، ص (٤٨٣)

هەڵگرتووە و ئیمانت لەگەڵدایە ، بەڵام ئەوان پاداشتێکی دنیایی و دەست کەوتێکی کەم یان بۆ هەیە لەبەرامبەر ئەو رووبەرووبوونەوەدا کە ئەنجامی دەدەن ، ئەی موسا ـ عليه السلام ـ تۆ پەیوەستیت بەهێزێکی گەورەوە ، بەڵام ئەوان دروست کراوێکی مرۆڤی بچوکی دوابڕاو بەکاردەهێنن لەدژی خوای گەورە و پشتی پێدەبەستن گەرچی لە دنیادا طاغوت و ستەم کاریش بن .

پاشان خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا باسی ئەم رووداوە مان بۆ دەکات و دەفەرموێت .

(وأوحينا إلى موسى أن الق عصاك فإذا هي تلقف مايأفكون * فوقع الحق وبطل ماكانوا يعملون * فغلبوا هنا لِكَ وانقلبوا صاغرين) (الأعراف : ١١٧ ، ١١٩)

واتە : نیگامان ناردوبۆ موسا و ئاگادارمان کردەوە و داردەستەکەی هەڵبداو لە پاشاندا بویە مار و سەرجەم حەبل و داردەستەکانی جادووبازانی قوت دا کە بەدرۆو ساختە کاری بەرهەمیان هێنا بوو ، لەم کاتەدا حەق و راستی دەرکەوت و روون بویەوە بۆ سەرجەم خەڵکی و لەگەڵ ئەمەشدا کاری ئەوان کەبێناوەرۆکە پوچەڵ بویەوە و نەما !!

لە پاشاندا فرعەون و داروودەستە و پشتگرانی ژێرخران و دۆڕان و بەدەستیان هێنازەلیلی و بچوکی هەروەها لە سورەتی (الشعراء)دا دەفەرموێت :

(فألقى موسى عصاه فاءذا هي تلقف مايأفكون) (الشعراء : ٤٥) .

واتە : پاشان موسا ـ عليه السلام ـ داردەستەکەی فڕێ داو دەست بەجێ بوو بەمار و داردەست و حەبلەکانی ئەوانی قوتداو هەڵی لوشین .

باوەڕهێنانی جادووگەرەکان و کڕنوش بردنیان بۆ خوای گەورە .

سات لەدوای سات پەردە لەسەر راستیە شاردراوەکان لادەچێ و تیشکێ ی خۆر بە رونکای پرشنگێ داری خۆی شەوی تاریکێ و رەشی بێباوەڕی و بێ ئاگایی روناکێ دەکاتەوە و خەڵکی بەراستی مەسەلەکان ئاشنا دەکات و بەواقعی و لەبەر چاو دا پێیان دەڵێت کەوا کاری جادووگەری تەنها ساختە و چاوبەست کردنی خەڵکیە و دورە لە راستیەوە ، پاشان کاسەلێسیی و پشت گیری فرعەون بەری

کورتە و ئەنجامەکەی لەدەست دانی دنیا و سەرگەردانی و خەسارەت مەندی قیامەتە !!

جادوبازەکان پاش ئەوەی کە بەچاوی یەقین راستی مەسەلەکانیان بینی و حەقیقەتیان بۆ رۆشن بوویەوە و زانیان کەوا ئەوەی خۆیان ئەنجامیان داوە تەنها فڕوفێڵ و چاوبەستە و ئەوەی کە موساش ـ ﷺ ـ ئەنجامی دەدات راستەو دوورە لە ساختەو فڕوفێڵ و چاو بەست کردنی خەڵکی !!

بەڵێ جادووگەرەکان کاتێ ئەم روداوە راستەیان بەدی کرد ، دەست بەجێ و هەموو بە کۆمەڵ کڕنوشیان بردبۆ پەروەردگار و دروشمی یەکتاپەرستیان بەرزکردەوە و ئاشکرای باوەڕی خۆیان کرد لەبەردەم فرعەون و سەرجەم خەڵکی ئامادە بوودا و وتیان : باوەڕمان هێنا بەو پەروەردگارەی کەوا موساو هارون باوەڕیان پێهێناوە !! قورئان لەم بارەوە دەفەرمێت :

(وألقي السحرة ساجدين * قالوا أمنا برب العالمين * ربِ موسى وهارون) (الأعراف : ۱۲۰ ــ ۱۲۲)

واتە : کاتێ جادووبازەکان ئەم رووداوە سەیرەیان بینی دەست بەجێ کڕنوشیان برد بۆ خوای گەورە و بەکۆمەڵ وتیان : باوەڕمان هێنا بە پەروەردگاری جیهان ، پەروەردگاری موساو هارون).

هەروەها لە (طه) دا دەفەرموێت :

(فالقي السحرة سجداً قالوا أمنا بربِ هارون و موسى) (طه : ۷۰) .

واتە : کاتێ جادووگەرەکان ئەو روداوە گەورەیان بینی دەست بەجێ کەوتن بە کڕنوش بردندا بۆ خوای گەورە و وتیان : باوەڕمان هێنا بە پەروەردگاری جیهان پەروەردگاری هارون و موسى ـ علیهم السلام ـ .

لە سورەتی (الشعراء) دا دەفەرموێت :

(فالقي السحرة ساجدين * قالوا أمنا برب العالمين * رب موسى و هارون)

خاوەنی في ظلال لەم بارەوە دەفەرموێت :

(إنها لمسة الأيمان للقلب البشري تحوله لحظة من الكفر الى الأيمان) [٦].

واتە : ئەم روداوە حاڵەت و بەرکەوتنێکی ئیمانیە کە دڵی مرۆڤەکان لە ساتەوە ختێکدا دەگۆڕێ لە بێباوەڕیەوە بۆ باوەڕهێنان .

هەڵوێستی فرعەون لە بەرامبەر جادووگەرەکاندا و هەڕەشەی مەرگ و کوشتن لێ کردنیان .

فرعەونی سەرشۆڕ و دۆڕاو دەبینین کەوا دەستەوەستان راوەستاوە و چاوەکانی سات لەدوای سات لەگەورەبوون و زەق بووندان و رەنگی دەم و چاوی هێندی لەگەڵ بەرەو پێش چونی روداوە یەک لەدوایەکەکان زیاتر چرچ و رەش هەڵدەگەرێ و رەنگی مرۆڤی لێ دووردەکەوێتەوە و سیمای کەسێکی تاوان بار و خراپە خوازی لێ بەدی دەکرێت !! فرعەونی بەسەزمان ئەوەی ئومێدی پی ی بوو ویشتی پێ بەستبوو وکردبویە چەکێک بۆ دژایەتی پەیامی خوای گەورە و هەڵگرانی !! وا ئێستا ئەوانیش لێ دوورکەوتونەتەوە و پشتیان تێکردووە و بونەتە پاڵپشتی دوژمنە سەرسەختەکەی کە بریتیە لە موسا و هارون ـ علیهم السلام ـ.

+ ئاخۆ دەبێت فرعەون لەوکاتەدا چەند بەزەیی بەخۆیدا هاتبێتەوەکە کەسی لە دەور نەماوە و بەتەنها یە !!

+ ئاخۆ ستەم کارو رەفتار دۆزەخیەکی وەک فرعەون چۆن و بەچ شێوەیەک دڵگران و نارەحەت بوویێت بەم دۆڕان و سەرکزیە !!

ئاخۆ چەند بە توند وتیژی و دڵ رەقیەکەوە هەڕەشەی مەرگی لەو جادووگەرانە کردبێ کە وا ئێستا پشتیان تێ کردووە وبونەتە دووژمنی !القورئان هەموو ئەم پرسیارانەمان وەلام دەداتەوە و وێنەیەک لە سزاکانی فرعەونمان بۆ دەگرێت و نیشانمانی دەدات و ئاگادارمان دەکات کە .

[٦] في ظلال القرآن (سيد قطب) ج (٥) ، ص (٤٨٣).

(پاش ئەوەی جادووگەرەکان باوەڕیان هێنا و کڕنوشی تەوبەو پەشیمانیان برد بۆ خوای گەورە و پشتیان کردە فرعەون و دژی وەستان ، دەست بەجێ فرعەون هەڕەشەی مەرگی لێکردن و پێی وتن ، ئەوە باوەڕتان هێنابە موسا و هارون پێش ئەوەی کەوا من ڕێتان پێبدەم !؟ بەراستی ئەمەش جادوویەکی تر بوو کەوا ژێر بەژێر لەمنتان کرد ، وەموسا مامۆستا و فێرکەری گەورە و لێزانی ئێوەیە و ئەو فێری کاری جادووی کردوون ، کەواتە ئەی جادووبازەکان تا فرسەتتان لەبەردەستدا ماوە پەشیمان ببنەوە و لایەنگری موسا و هارون مەبن !! گەرناو هەر سووردەبن لەسەر ئەم کارەتان ئەوە دەستی ڕاست و قاچی چەپتان دەقرتێنم و پاشان بەدار خورماکاندا هەڵتان دەواسم بۆ ئەوەبەستەی کەببنە دەرس و عیبرەت و ئامۆژگاری بۆ ئەوکسانەی کە خۆزگەی دژایەتیان هەیە لەگەڵ مندا و دژم دەوەستن !!).

خوای گەورە لەم بارەوە دەفەرموێت :

(قال ءامنتم له قبل أن ءاذن لكم إنه لكبير كم الذي علمكم السحر فلأقطعن ايدكم وارجلكم من خلافٍ ولأصلبنكم في جذوعِ النحل ولتعلمن اينا اشدُّ عذاباً وابقى) (طه :٧١)

هەروەها لە سورەتی (الشعراء) دادەفەرموێت :

(قال ءامنتم له قبل ءاذن لكم إنه لكبيركم الذي علمكم السحر فلسوف تعلمون لأقطعن ايديكم وارجلكم من خلافٍ ولأصلبنكم أجمعين) (الشعراء :٤٩).

هەمان واتای ئایەتی سەرەوەی هەیە).

وە لە (الأعراف)دا دەفەرموێت .

(قال فرعون ءامنتم به قبل أن ءاذن لكم إن هذا لَمَكر مكرتموه في المدينة لتخرجوا منها أهلها فسوف تعلمون * لأقطعن ايديكم وأرجلكم من خلافٍ ثم لأصلبنكم أجمعين) (الأعراف : ١٢٣ ، ١٢٤)

واتە : فرعەون بە جادووگەرەکانی ووت : ئەوە باوەڕتان بە موساهێنا پێش ئەوەی ئیزن تان بدەم ؟!!

بەراستی ئەم کارەی ئەنجام دا فێڵ و تەڵەکەیەکی ژێر بەژێر بوو کەوا لەگەڵ موسادا کردتان لەم شارەدا ـ واتە میسر ـ وە مەبەستیشتان بریتیی بوو لە دەرکردنی دانیشتوانی ئەم شارە و دەست بەسەراگرتن و جێگیربوونی خۆتان لەجێگەکەیاندا !! دەی باش بزانن کە لەمەوپاش چیتان بەسەردەهێنم و بەکارێکتان دەکەم بەڵێن بێت دەست و قاچتان ببڕم بەشێوەی راست و چەوت ـ واتە دەستی راست و قاچی چەپ ، یان بە پێچەوانەوە ـ پاشان هەمووتان هەڵبواسم !!

(إبن عباس) دەفەرموێت (فرعەون یەکەم کەس بوو کەوا سزای قرتاندنی دەست و قاچی دامەزراند لە جیهاندا) [٧]

(ئیمامی طبري) لە تەفسیری (من خلاف) دا دەفەرموێت :

(هو أن يقطع من أحدهم يده اليمنى ورجله اليسرى ، أو يقطع يده اليسرى ورجلة اليمنى فياخالف بين العضوين في القطع)[٨].

واتە : بریتیە لەوەی کە فرعەون دەستی راست و قاچی چەپیانی قرتاندووە ، یان دەستی چەپ و قاچی راستیانی قرتاندووە ، ئابەو شێوە جیاوازە رەفتاری لەگەڵ پارچەکانی لەشیاندا کردووە لەو بڕین و قرتاندنەدا ..

وەڵامی جادووگەرەکان لە بەرامبەر هەڵوێست و هەڕەشەی فرعەوندا

تەنها شتێ کە مرۆڤەکان ی پێ سەربەرزو بە عزەت ببن لە دنیادا بریتیە لە باوەڕ هێنان بەخوای گەورە و کڕنوش بۆ بردنی ، بەڵێ کڕنوش بردن بۆ خوای گەورە و باوەڕهێنان پێی ئەوهۆکارە گەورەیە کە مردن دەکاتە خواست و خۆزگەی مرۆڤ و بەرزی دەکاتەوە بەسەر سەرجەم ستەم کارو بێباوەڕەکاندا .

پاش ئەوەی فرعەونی ستەم کار هەڕەشەی مەرگ و قرتاندنی دەست و قاچی کرد لە جادووبازە تازە موسڵمان بووەکان !! دەست بەجێ جادووبازەکان بورکان ئاسا هەڵوێستی جوان و بەرزی خۆیان دەربڕیی و وەڵامی فرعەونیان دایەوە و پێیان وت:

---

[٧] تفسير إبن كثير / ج (٣) ، ص (١٦٧) طبعة جديدة مصححة .
[٨] تفسير الطبري / ج(١٣)، ص (٣٤).

(ئەی فرعەون باش بزانە کەوا ئێمە بە هەڕەشەو چاوسوورکردنەوەی تۆناترسین و پەشیمان نابینەوە لەو باوەڕەی کە هێناومانە بە پەروەردگاری جیهان ، پاشان ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ لای پەروەردگارمان ، لەگەڵ ئەمەشدا تۆ ـ واتە فرعەون ـ هیچ رق و قین و ناخۆشیەکت نیە لەگەڵ ئێمەدا تەنها ئەوەندە نەبێت کە باوەڕمان هێناوە بەخوای گەورە و ئایات و نیشانەکانی ، هەروەک قورئان دەفەرموێت :

(قالوا إنا إلى ربنا منقلبون * وما تنقم منا إلا أن آمنا بئايات ربنا لما جاءتنا..)
(الأعراف (١٢٥ ــ ١٢٦).

واتە : جادووگەرەکان لەوەلامی فرعەوندا وتیان : ئێمە بۆ لای پەروەردگارمان دەگەڕێینەوە ، پاشان تۆ ـ فرعەون ـ هیچ رق و قین و بێ زاریەکت نیە لەگەڵ ئێمە دا تەنها ئەوەندە نەبێت کە باوەڕمان هێناوە بە ئایاتەکانی خوای گەورە لەکاتێکدا کە بۆمان هاتووە .

هەروەها لە سورەتی (طه)دا دەفەرموێت :

(قالوا لن نؤثرك على ماجاءنا من البينات والذي فطرنا فاقض ما أنت قاض إنما تقضي هذه الحياة الدنيا * إنا ءامنا بربنا ليغفرلنا خطايانا وما أكرهتنا عليه من السحر والله خيرو أبقى * إنه من يأتي ربه مجرماً فاعن له جهنم لايموت فيها ولا يحى * ومن يأتي مؤمناً قد عمل الصالحات فاؤلئك لهم الدرجات العلى * جنات عدن تجري من تحتها الأنهارخالدين فيها وذلك جزاء من تزكى) (طه : ٧٢ ،٧٦).

واتە : جادووگەرەتازە موسڵمان بووەکان لەوەلامی فرعەوندا وتیان : هەرگیز ئێمە تۆ هەڵنابژێرین بەسەر ئەو بەڵگە و معجزانەی کەهاتووە بۆمان لەلایەن خوای گەورەوە !!

کەواتە چیت لەدەست دێت لەبەرامبەرماندا ئەنجامی بدە ، چونکە ئەوەی تۆ ئارەزووی دەکەیت کە ئەنجامی بدەیت بەسەر ئێمەدا تەنها لە دنیادایەو هیچی تر، بێگومان ئەم ژیانی دنیایەش هەر دەبڕێتەوە و کۆتایی پێدێت ، کەواتە چیت لەدەست دێت کەم تەرخەمی تێدامەکە، چونکە ئێمە باوەڕمان هێناوە بەپەروەدگارمان بۆ ئەوەی لێمان ببورێ و تاوانەکانمان لەسەر حساب نەکات و

بمان بەخشێ ، وە بەتایبەتی گوناه و تاوانی ئەوجادووەی کە تـۆ ـ فرعـەون ـ زۆرت لێکردین کـە ئـەنجامی بدەیت لـە دژی موسـی ـ عليه السلام ـ بێ‌سـرێتەوە و لێمـان ببوورێـت ، بەراستی پاداشتی خـوای گـەورە بـۆ ئێمـە باشـترە و هەمیشـەییە و نەبڕاوەیە و گەرچی تۆ پاداشتمان بدەیتەوە ئەوە تەنها شتی دنیایـەو لـەناوچوون و بڕانەوەی بەسەردا دێت .

پاشان هەرکەسـێک بەتاوانـەوە بچێتـەوە بـەردەم پـەروەردگاری ئـەوە پاداشـتی ئەوکەسـە بریتـی دەبێـت لـە دۆزەخ کـە ژیـانی تێدایـە و نـەمردن !! وە بـە پێچەوانەشـەوە هەرکەسێک بـە باوەڕی پتـەووکاری چاکـەوە بچێتـەوە بـەردەم پەروەردگاری ئەوە ئەوکەسانە بۆیان هەیە پلەی بەرزو بڵند ، بۆیان هەیە بەهەشت ، بەڵێ بەهەشتانێک کە بەژێریاندا جۆگـەی ئاودەڕوات و تیایدا دەمێنێتەوە بەنەمری بەراستی ئەمە پاداشتی کەسێکە کە خۆی بۆ پەروەردگاری یـەکلا بکاتـەوە و پـاک بێت لەهەموو تاوانێک.

هەروەها لە (الشعراء)دا دەفەرموێت :

(قالوا لاخيرلنا إنا إلى ربنا منقلبون * إنا نطمع أن يغفر لنا خطايانا أن كنـا أول المؤمنين) (الشعراء : ٥٠،٥١)

واتە : جادووگەرەکان لەوەڵامی هەڕەشەکەی فرعەوندا وتیان : هەڕەشەکانی تـۆ بەکوشتن و دەست و قاچ قرتاندنمان هیچ زیانێک لە ئێمە نـادات و زەرەرمـان پـێ ناگەیەنێت ، چونکە ئێمە دەگەڕێینـەوە بـۆ لای پـەروەردگارمان ، بەراسـتی ئێمـە ئومێدی ئەوە لە پەروەردگارمان دەکەین کە لەتاوانـەکانمان ببورێ لەبـەر ئـەوەی ئێمە لەم سەردەمەدا بوین بەیەکەم کۆمەڵ لە باوەڕداران .. ..))

زانیاریەکی خێرا دەربارەی جادووبازی (السحر)

خۆشەویستان پێمان باش بوو کەوا لـەم کـات و شـوێنەدا پێـش ئـەوە کۆتـایی بـە بەندی چوارەم بهێنین و بچینە خزمەت پەند و ئامۆژگاریەکانی زانیاریـەکی بچـوک و خێراتان لە دەربارەی کاری جادووبازی و سـەرجەم نهێنیـەکانی تـان پێشـکەش بکەین و پاشان حوکمی ئیسلام تان بۆ روون بکەینەوە دەربارەی ئەم کارە دۆزەخیە.

بەڕێزان لەوەدەچێت کە پرسیار بکەن و بڵێین : ئاخۆ جادووبازی چ پەیوەندی هەیە بە گەوهەروناوەڕۆکی ئەم چیرۆکە وە و ئەمە زیانوسین و لە بابەت دەرچوونە ؟!!

ئێمەش لەوەلامدا دەڵێین : لەگەڵ ڕێزماندا بۆ ئێوەی خۆشەویست وەهانیە کە بەڕێزتان لێی حاڵی بوون چونکە گرنگی ئەم زنجیرەداستانە بەگشتی و چیرۆکی موسا ـ عليه السلام ـ بەتایبەتی لەوەدایە کە ئەوەی گرنگ بێت و بەشێک بێت لەگەوهەری ڕووداوو مەسەلەکان ئەوە ئێمە زانیاری لەبارەوە دەنوسین و خوێنەری بەڕێزی لێ ئاگادار دەکەین .

گومان لەوەدا نیە کە کاری جادووبازی و هونەری جادووگەران بەشێکە لە ژیان و بەسەرهاتی موسا ـ عليه السلام ـ کەواتە زۆر پێویستە کە بەباشی هەروەک باس و بەسەر هاتەکانی تر لێی شارەزا ببین و زانیاریمان لەبارەیەوە هەبێت :

+ پێناسەی جادوو (تعريف السحر)

(١) قال فخر الدين الرازي : لفظ السحر في عرف الشرع مختص بكل أمر يخفى سببه ، ويتخيل على غير حقيقته ، ويجرى ميجرى التمويه والخداع ....)[٩]

واتە : فخر الدين ی رازیی لە پێناسەی جادوودا دەفەرموێت : وشەی جادوو لە زاراوەی شەرعدا پەیوەستە بە هەموو ئەوکارانەیکە هۆکاری ڕوودان و دروست بوونی شاردراوە و نەزانراوە .

(٢) قال إبن فارس (السحر إخراج الباطل في صورة الحق)[١٠]

واتە : إبن فارس لە پێناسەی جادوودا دەفەرموێت : ((جادوو بریتیە لە نیشاندانی شتێکی بێ ناوەڕۆک و بێ بنچینە لەوێنە و شوێنی ڕاستیدا !!)

یان بەشێوەیەکی تر پێناسەی بکەین بریتیە لە :

(٣) (عبارة عما خفي ولطف سببه .. .. .. وسمي السحر سحراً لأنه يقع خفياً .. ..)[١١]

---

[٩] السحر و السحرة في ضوء الحديث النبوي (الدكتور : ـــ سعد المرصفي ـــ) ص (٢٢)

[١٠] الصارم البتار في التصدي للسحرة الأشرار (وحيد عبدالسلام بالي) ص (٧)

واتە : جادوو بریتیە لە کارێک کە هۆکارەکەی نەزانراوبێت .. .. .. پاشان لەبەر ئەوە ناو نراوە جادوو چونکە بەنهێنی روودەدات ..).

هەروەها (قرطبی) لە پێناسەی جادوودا دەفەرموێت :

(٤) (السحر أصله التمويه بالحيل والتخايل ، وهو أن يفعل الساحر أشـــياء و معاني ، فيخيل للمسحور أنها بخلاف ماهي بهِ ، كا الذي يرى السراب من بعيـــد فيخيل إليه أنه ماء)[١٢]

واتە : جادوو لە بنەڕەتدا بریتیە لە لێ گۆڕینی کارەکان بە فێڵ و ساختەکاری، بەو شێوەیەی کە جادوو باز هەڵدەستێ بەکردنی هەندێک کردار و پیشاندانی لەبەر چاوی بینەرە جادوو لێکراوەکەدا بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە راستیدا دەی کات یان هەیە ، هەروەها چۆن کەسێک سەرابێک لە دوورەوە ببینێت و وا بزانێت ئاوە .

وحيد عبدالسلام بالي لە پێناسەی جادوودا دەفەرموێت :

(٦) (هو أتفاق بين ساحر وشيطان على أن يقوم الساحر بفعل بعض المحرمات أو الشركيات في مقابل مساعدة الشيطان له و طاعته فيما يطلب منه)[١٣]

واتە : جادوو بریتیە لەوپەیوەندیە پتەوەی لە نێوان جادووبازەکە و شەیتاندا بڕیاری لەسەر دراوە کە کابرای جادووباز هەڵبسێت بە ئەنجام دانی هەندێک لە کارە حەرام کراوەکان یان ئەو کارانەی کە شرکن لە بەرامبەر یارمەتیەکی شەیتاندا بۆئەو جادووگەرە گوێڕایەڵی کردنی لەوەی کە لێی داوا دەکات .

کەواتە کاری جادووبازی بەشێوەیەکی گشتی بریتیە لەو پەیوەندیە دووقۆڵیەی کە دەبەسترێت لە نێوان شەیتان و جادووزاندا بۆ مەبەستی پیشان دانی ناراست و کاری بێناوەڕۆک و درۆ لەبەر چاوی خەڵکیدا بەشێوەی راست ، وە لەبەر ئەوەش پێی دەوترێت جادوو چونکە هۆکاری روودان و دروست بوونی ئەو کارە

---

[١١] فتح المجيد شرح كتاب التوحيد (ص ٢٤٢).

[١٢] الجامع لأحكام القرآن (قرطبي) ج (٢) ، ص (٤٣)

[١٣] وحيد عبدالسلام بالي الصارم البتار في التصدي للسحرة الأشرار ، ص (٨)

شاردراوەیە لەلایەن خەڵکانی بینەرەوە نەزانراوە ، کە ئاخۆ ئەوکارە چۆن رووی داو ئەو حەبل و گوریسانە چۆن بوون بە مار یان شتی تر ؟!

نهێنی کاری جادووبازی (أسرار السحر)

گومان لەوەدانیە کە هەموو کارێکی جادووبازی (السحر) پەیوەندیەکی راستەوخۆی بە جنۆکە شەیتانەکانەوە هەیە و هۆکارێکی سەرەکی و کاری گەرن بۆ دروست بوونی جادوو . کەواتە لەم حاڵەتەدا زۆر پێویستە کە لە چەند سیفەتێکی جنۆکە بەگشتی تێبگەین .

١ـ _خاوەنی هێز و توانایەکی زۆرن :_ یەکێک لەو خاڵە گرنگانەی کە زیاتر پەیوەستەبە جنۆکەوە و زیاتر رەنگ دانەوەی هەیە لە ژیانیاندا بریتیە لە توانا و هێزێکی زۆر، ئەویش بە بەڵگەی ئەوەی کەلەسەردەمی سلێمان پێغەمبەر ـ عليه السلام ـ یەکێ لە جنۆکەکان کە لە قورئاندا بە (عفریت) ناوبراوە بە سلیمانی وت : من دەتوانم کۆشکی بەلقیست بۆ بگوێزمەوە لەیەمەنەوە بۆ شام هەروەک خوای گەورە دەفەرموێت :

(قال عفريت من الجن أنا أتيك به قبل أن تقوم من مقامك وإني عليه لقويٌ أمين .. ..) (النمل : ٣٩)

واتە : یەکێک لە جنۆکەکان بەسلیمانی وت : من دەتوانم کۆشکی بەلقیست لەیەمەنەوە بۆ بهێنمە بۆ شام پێش ئەوەی هەڵبسیت لەجێگەکەتدا ، وەمن لەبەرامبەر ئەوکارەدا بەهێز و ئەمینم و نایەڵم هیچی لێ بێت .

٢ـ _خاوەنی خێراییەکی بێ ئەندازەن هەروەک خێرایی تیشک :_ دووەم سیفەتی جنۆکەکان بریتیە لەوەی کەلە ماوەیەکی کەمدا هەزار میل ببڕن و بگەڕێنەوە بۆ جێگا و شوێنی خۆیان ، کە هەروەک لە ئایەتەکەی سەرەوە دا ئاماژە بۆ خێرایی بێ ئەندازەی جنۆکەکان دەکات کەبە سلیمان دەفەرموێت : (أنا أتيك به قبل أن تقوم من مقامك) ؟!

سەرنج بدە : شام و یەمەن سەدان میل دوورن لەیەکتری بەڵام یەکێ لە جنۆکەکان بەوپەڕی متمانەبوون بە هێز و پاشان خێرایی خۆیەوە دەڵێت من

دەتوانم لەوماوەکەم و کورتەدا ئەو کۆشکە گەورەیەت بۆ بهێنم پێش ئەوەی لە جێگاکەی خۆتدا بەرزبیتەوە !!.

٣- *خاوەنی زانستێکی زۆرن :* بە هۆکاری ئەوەی جنۆکە تەمەنیان لە مرۆڤ زیاترە و تواناى گەڕانی زۆریان هەیە و دەتوانن سەربەهەموو شوێنێکدا بکەن !! ئەوە بێگومان خاوەنی زانست و تەجرووبەیەکی زۆرن چونکە تەمەنیان لە مرۆڤ زیاترە و بەردەوام لەهەوڵ دان دان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بۆ ئەو جادووگەرانەی کە کاریان پێ دەکات و ئەمان وەک سەربازیان وەهان .

٤- *توانای گۆرینی شێوەی خۆیان هەیە بۆ سەرشتی تر :* یەکێکی تر لە سیفەتی جنۆکەکان بریتیەلەوەی کە دەتوانێت شێوەی سەرەکی و بنەڕەتی خۆیان بگۆڕن و شێوەی خۆیان بخەنە سەر شێوەو روخساری مەخلوقات و دروست کراوەکانی تری وەک مرۆڤ و ئاژەڵان بە تایبەتی سەگی رەش یان پشیلە) !![14]

لە رۆژی بەدری گەورەدا کە لە ساڵی دووی کۆچیدا رویدا شەیتان روخساری خۆی گۆڕیە سەر شێوەی سوراقەی کوڕی مالک و بەڵێنی دابە مشرکەکان کە ئەمڕۆ سەردەکەون بەسەر لەشکری موسڵماناندا هەروەک قورئان ئاماژە بۆ ئەم راستیە دەکات و دەفەرموێت :

(وإذ زين لهم الشيطان أعمالهم وقال لا غالب لكم اليوم من الناس وإني جارٌ لكم) (الأنفال : ٤٨)

واتە : کاتێک شەیتان کردەوەکانی بۆ موشریکەکان رازاندەوە و پێی وتن : هیچ خەمتان نەبێت هیچ کەس نیە ئەمڕۆ (رۆژی بەدر) بەسەرتاندا سەرکەوێ، وە بێ گومان منیش یارمەتی دەرتانم بەڵام کە جەنگە کە دەستی پێ کردوو فریشتەکانی خوای گەورە پۆل پۆل دابەزینە خوارەوە دەست بەجێ و خێرا پشتی هەڵکردوو رای کردوو مشرکەکانی بەجێ هێشت هەروەک خوای گەورە دەفەرموێت :

---

[14] بۆ زیاتر شارەزا بوو لەم سیفەتەیان سەیری کتێبی (عالم الجن و الشیاطين) ی دکتور (عمـر سـليمان الأشقر) بکە ص (٢٧ ، ٢٨)

(فلما تراءت الفئتان نكص على عقبيه وقال إني بريءُ منكم إني أرى ما لا ترون إني أخاف الله .. .. ..) (الأنفال : ٤٨).

واتە : کاتێک هەردوو کۆمەڵەکە (کۆمەڵی موسڵمانان و کافران) بەیەک گەیشتن ، شەیتان پشتی هەڵ کردوو رای کرد لەو شوێنگەیە و وتی : من بێ بەریم لە ئێوە و لەو پەیمانەی پێم دان کە یارمەتی دەرتان بم ، من مەلائیکەت دەبینم دادەبەزن بۆ یارمەتی ئیمانداران و ئەوەی من دەیبینم ئێوە نایبینن ، (من لەخوای بەدەسەلات دەترسم) .

(٥) <u>توانای بینینی ئێمەیان هەیە و دەمان بینن :</u> پێنجەم سیفەتێ کە تایبەت بێت بە جنۆکەکانەوە بریتیە لە وەی کە ئەوان ئێمە دەبینن بەلام ئێمە ئەوان نابینین خوای گەورە لە دەربارەی ئەم سیفەتەیان دەفەرموێت :

(إنه يراكم هو وقبيله من حيث لا ترونهم)

هۆکاری دروست بوون و پێکهاتنی جادوو !!

هەروەک باسمان کردکاری جادووبازی پەیوەندیەکی زۆر سەرەکی و راستەوخۆی هەیە بە جنۆکە و شەیتانەکانەوە کەواتە هۆکاری سەرەکی دروست بوون و پێکهاتنی جادوو بریتیە لەوەی کە کەسی جادوو باز چەند کارێکی تاوان و بێ باوەڕی ئەنجام دەدات بۆ ئەو جنۆکەو باوەڕ و عەقیدەی خۆی دەفرۆشێ و لەدەست دەدات لە پێناوی ئەوەی کە ئەو جنۆکەیەش کاری بۆ بکات و ببێتە سەر بازێکی گوێ رایەڵ لەبەردەم ئەو جادووبازەدا .

بەڵێ یەکەم هۆکار بۆ خۆ نزیک خستنەوە لەو شەیتانانە بریتیە لە نوسینەوەی وتەکانی خوای گەورە بە پیسایی یان بەخوێن هەروەک (ابن تيميه)دەفەرموێت :

(إن كثيراً من هؤلاء يكتبون كلام الله بالنجاسة ، وقد يقلبون حروف كلام الله عزوجل ، إما بحروف الفاتحة وإما بحروف (قل هو الله أحد) وإما بغيرهما ، ويذكر

إنهم قد يكتبون كلام الله بالدم أو بغير من النجاسات ، وقد يكتبون غير ذلك مما يرضاه الشيطان ، أو يتكلمون بذلك)[١٥]

واتە : زۆربەی ئەو کەسانە وتەکانی خوای گەورە بە پیسایی دەنوسنەوە ، پاشان پیتەکانی وتەی خوای گەورە هەڵدەگێڕنەوە ،کە ئەویش پیتەکانی سورەتی (فاتحە) بێت یان پیتەکانی (قل هو الله أحد) وەیان سورەتەکانی تر بێت ، وە هەندێکی تریان وتەکانی خوای گەورە بە خوێن دەنوسنەوەیان بەشتی تر لە پیسایی ، وە دەی‌نوسنەوە بەشتێک کە شەیتان پیّی رازی بێت ، یان قسەیەک بکات کە شەیتان پیّی رازی بێت .

کەواتە هەتا ئەو جادوو بازە زیاتر بیّ باوەڕ بێت و شرک و تاوان ئەنجام بدات ئەوە بەدڵنیاییەوە شەیتانەکان زۆر تر وو زیاتر گویّ رایەڵی دەکات و کاری لەبەردەستدا دەکات .

ئێستا و لەم کاتەدا تا رادەیەک نهێنی جادوومان بۆ ئاشکرا بووە و ئەوەندە ماوەکە لە نهێنی دروست بوون پێکهاتنی تیّ بگەین .

لەسەرەباسی پێشوودا چەند سیفەتێکی سەرەکی جنۆکەکانمان خستە روو ، کە جنۆکەکان بەهۆکاری ئەو سیفەتانە یانەوە هەر لە (خێرای لە رۆیشتن و زانست و تەمەن درێژی و توانای خۆ گۆڕینیان ..) دەتوانن راستیەکان لەبەرچاوی خەڵکی بگۆڕن و فێڵ لە ئامێری بینینیان بکەن هەروەک خوای گەورە دەفەرموێت :

(وسحروا أعين الناس)

واتە : جادوویان لە چاوی خەڵکی کرد .

ئەم جادووکردنە لە چاوی خەڵکی بەدوو شێوەیە :

یەکەمیان: بریتیە لەوەی کە فێڵ لە چاوی خەڵکی دەکەن و راستیەکان لەبەر چاویاندا هەڵدەگێڕنەوە ، بۆ نمونە گەر جادووبازێک دارێک هەڵبدات و دەست بەجیّ ببێتە مار یان شتێکی تر ئەوە بەدڵنیاییەوە لە راستیدا دارەکە هەر

---

[١٥] مجموعة الفتوى الكبرى (الشيخ الأسلام) (أبن تيمية) ج (٩) ، ص (٣٥).

دارەو هیچی بەسەرنەهاتووە و لە حەقیقەتی خۆی نەچووەتە دەرەوە ، بەڵام نهێنی کارەکە لەوەدایە کە کابرای جادووباز جادووی لە هەستیاری بینینی بینەر دەکات و حەقیقەتی ئەودارەیان هەر شتێکی تر بێت دەی گۆڕێت و دەیکاتە شتێکی تر .

دووەم: لە حاڵەتی دووەمدا نهێنیی لە گۆڕینی ئەو دارە بۆمار یان شتێکی تریان فڕینی کابرای جادووگەر بە ئاسماندا یان ئەنجام دانی چەند کارێکی سەرسوڕهێنەر و بەدەر لە توانا و هێزی مرۆڤەکان بریتیە لەوە کە شەیتانە خۆی دەگۆڕێتە سەر شێوە و روخساری ئەو شتەی کە جادوو بازەکە لەو حاڵەت و کاتەدا پێویستیی پێیەتی بۆ مەبەستی چەواشە کردن و فێڵ کردن لە خەڵکی !!

کە هەروەک لە سیفەتەکاندا باسمان کرد کەوا جنۆکەکان توانای خۆ گۆڕاندیان هەیە بۆ سەر مرۆڤ و ئاژەڵ و گیاندار و بێگیان وشتی تر ..

بەهۆی ئەم سیفەتەیانەوە دەتوانن گەورەترین کار بۆ کەسی جادووگەر ئاسان بکەن لە کاتی نمایشەکاندا ، ئەویش بەومەرجەی کە کەسی جادووباز بە قسەی ئەوان بکات و تاوان زۆر بکات و کاری بێباوەڕی و شرک زۆر ئەنجام بدات !!

حوکمی جادوو و جادووباز لە ئیسلامدا .

لە یاسای خوای گەورەدا هەرشتێک زیان بەخش بێت بە مرۆڤ یان بەکۆمەڵگا بەگشتی ئەوە حوکمی ئیسلام لە دەربارەیەوە بریتیە لە بەکەم زانینی ئەوکارە و قەدەغەکردنی ، گەر هەر لەم روانگەیەوە بڕوانینە کاری جادووبازی ئەوە ئیسلام بەوپەڕی توند و تیژیەوە قەدەغەی ئەم کارە ناپەسەندە دەکات و هەڕەشەی توند لە بارەیەوە دادەنێت چ لە دنیادا بێت یان لە دوا رۆژ .

ئەمیش لە پێناوی پاراستنی کۆمەڵگا لە کاری دزێوو و دور لە مرۆڤانە و هەموو هۆکاری ساختە و چاو بەستی و چەواشەکاری .

ـ سەرەتا حوکمی جادوو (السحر) لە ئیسلامدا بەم جۆرەیە :

جادوو بازی تەنها کارێک نیە کەوا قەدەغە بێت و حوکمی حەرامی لە بارەوە هاتبێت بەڵکو کاری جادووبازی لەبەر چەندین هۆکار قەدەغە و حەرامە کە بریتین لە :

١) بناغەی ئەم کارە ناپەسەندە بریتیە لە فێڵ و چاوبەستن و چەواشەکردنی خەڵکی و هەڵگەڕاندنەوەی ڕاستیەکان لەبەر چاویاندا ، کە بێ گومان هەموو کارێکی فێڵ بازی لە ئیسلامدا حەرامە و خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەکات هەروەک پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت :

(من غشنا فليس منا)

واتە : هەرکەسێک غەش بکات ئەوە لە ئێمە نیە .

٢) کاری جادووبازی لە قورئاندا بەبێ باوەڕی (کفر) ناوبراوە هەروەک قورئان لەبارەی شەیتانە خراپەکارە بێ باوەڕەکانی سەردەمی (سلیمان) پێغەمبەرەوە دەفەرموێت :

(وما كفر سلمان ولكن الشياطين كفروا يعلمون الناس السحر) (البقرة : ١٠٢)

واتە : سلیمان بێ باوەڕ نەبوو ، بەڵکو شەیتانەکان بێ باوەڕ بوون چونکە خەڵکیان فێری جادوو دەکرد ..

(قرطبي) لە تەفسیری (ولكن الشياطين كفروا)دادەفەرموێت : (فأثبت كفرهم بتعليم السحر)[16]

واتە : بێباوەڕی جێگیر بوو بەسەریاندا بەهۆی ئەوەیکە جادوویان فێری خەڵکی دەکرد ..

٣) کاری جادووبازی تەنها خۆی لە چوار چێوەی بێباوەڕیدا نابینێتەوە بەڵکو بڕیاردانی هاوەڵیشە بۆ خوای گەورە ، یان بەمانایەکی تر کارێکی شرکاویە و خاوەنەکەی پێی مشرک دەبێت چونکە کەسی جادووباز (إستعانة) واتە پشت بەستن و بەئومێد بوون ـ دەکات بەجنۆکەوە و کارەکانی خۆی دەخاتە ژێر دەستەڵاتی ئەوەوە .

کە لە عەقیدەی ئیسلامیدا هەموو پشت بەستنێکی تەواو و بەئومێد بوونێکی تەواو بەغەیری خوای گەورە حەرامە و مرۆڤ پێی مشرک دەبێت ..

[16] الجامع لاحكام القرآن (قرطبي) ج (٢) ، ص (٤٣).

٤) ئەوەی لە بەندەکانی خوای گەورە داواکراوە بریتیە لە خۆتەسلیم کردنیان بەخوای گەورە ، نەکێ خۆتە سلیم کردنیان بە دروست کراوەکانی خوای گەورە ، چونکە هەموو خۆتەسلیم کردنێکێ بەغەیری خوای گەورە بەندە لە بەندایەتی خوای گەورەوە بەرەو بەندایەتیی بەندە دەبات و توشی نەخۆشی بێ باوەڕی و شرکێ و تاوانی دەکات ، گەر بە ووردی سەیری حاڵی جادووگەرەکان بکەین ئەوە زۆر بە ئاشکرا ئەم حاڵەیان تێدا بەدی دەکەین کە چۆن پشتیان لەخۆتەسلیم کردن بەخوای گەورە هەڵکردووە و لەبەرامبەریدا خۆیان تەسلیمی شەیتان و نەفسیان کردووە ، کەبێ گومان بەهۆی ئەم کارەیانەوە توشی شرکێ و کفر و تاوان دەبن ..

٥) کاری جادووبازی لەبەر ئەوە قەدەغە و حەرامە چونکە بۆ مەبەستی دروست کردنی ئاژاوە و جیا کردنەوەی خەڵکی بەگشتی و ژن و مێرد بەتایبەتی بەکاردەهێنرێت هەروەکێ قورئان دەفەرموێت :

(.. .. فيتعلمون منها ما يفرقون به بين المرء و زوجه . .. ..) (البقرة : ١٠٢) .

ـ پاشان حوکمی جادووگەر لە ئیسلامدا بەم جۆرەیە.

لە نێوان زانایاندا راوبۆچوونی جیاواز هەیە لە بارەی جادووبازەوە کە ئەمە راو بۆچوونی هەندێکیانە .

(ئیمامی ذهبي) دەفەرموێت : (وحد الساحر القتل ، لأنه كفر بالله .. .. ..) [١٧]

واتە : تۆڵەی جادووباز کوشتنە چونکە بێ باوەڕی بەرامبەر پەروەدگار ئەنجام داوە .

(ابن حجری ئەسقەلانی) دەفەرموێت :

(وعند مالك أن حكم الساحر حكم الزنديق فلا تقبل توبته ، ويقتل حداً إذا ثبت عليه .. ..) [١٨]

---

[١٧] كتاب الكبائر (شمس الدين الذهبي) ص (١٥) .

[١٨] الصارم البتار في التصدي للسحرة الأشرار / ص (٤٤).

واتە : بەلای ئیمامی مالکەوە حوکمی جادووباز هەمان حوکمی (زندیق)یان هەیە و هەرگیز تەوبەیان لیّ قبولْ ناکریّت ، وە دەکوژریّت ئەگەر ئەو جادووەی بەسەردا ساغ بوویەوە و بەتەواوی زانرا کە جادوو بازە .

هەروەها (شافعی) رەحمەتی لیّ بیّت دەفەرمویّت :

(لا يقتل إلا إن اعترف أنه قتل بسحره فيقتل به .. ..)[١٩]

واتە : جادووگەر ناکوژریّت تەنها لە کاتیّکدا نەبیّت کە خۆی دان بنیّت بەوەدا کە بەهۆی جادووەکەیەوە کەسیّکی کوشتووە ، گەر وا بوو ئەوە دەکوژریّتەوە .

پوختەی حوکم لەم بارەوە

بەپێی ئەم حوکمانەی سەرەوە بۆمان روون دەبیّت کە سەرجەم زانایان یەكْ دەنگن لەسەر کوشتنی جادووگەر تەنها (شافعی) نەبیّت ، ئەویش بواری کوشتنیان دەدات لە حالەتیّکدا بەهۆکاری جادووەکەیانەوە کەسیّکیان کوشتبیّ .

چەند پەند و ئامۆژگاریەکی گرنگ لە باس و بەسەر هاتەکانی بەندی چوارەم .

١)سیفەتی سەرجەم دوژمنان و خۆبەزل زان و بیّ باوەران لەهەموو سەردەمیّکداو بەدرێژایی میّژووی مرۆڤایەتی وەها بووە کە هیچ کات ئامادە نەبوون لەسەر ئەوەی کەراویّژوو راپرسی و مشۆرە بە کەسانی خوارخۆیان بکەن و بیانکەنە هاوبەش و هاوەلْ لەفەرمان دان و دەنگْ دەربریندا !!

چونکە ئەوکەسانە خۆیان وەها سەیرکردووە کە باش ترین و شیاوترین و لە پیّش ترین خەلّکی ئەو کۆمەلگایەن و ئەوەی دەی لیّن هەردەبیّت وەهابیّت و کەسیش بۆی نەبیّت قسە لە قسەیاندا بکات و هەست و نەست و راوو بۆچوونی خۆی لە کیّشەکاندا دەرببریّ !!

[١٩] الصارم البتار في التصدي للسحرة الأشرار ، ص (٤٤).

بەڵێ ئەمە حاڵ و پیشەی ستەم کارانە بەشێوەیەکی گشتی لەهەمووکاتێکدا بەتایبەتی لە کاتی ئاشتی و خۆشیدا ؟! بەلام لە حاڵەتی ناخۆش و دژوار و تەنگانەدا کاتێ دەبینن کەوا کەسیان بەدەورەوە نەماوە دەست بەجێ و زۆر بەخێرایی و بەروویەکی دڵسۆزانە و برایانە و خۆشەویستانەوە رووی دەم و دڵی رەشیان دەکەنەکاربەدەستان ی ژێر خۆیان و راپرسیان پێ دەکەن و هەڵوێست و بۆچوونەکانیان قبوڵ دەکەن .

ستەم کاران لەم حاڵەتەدا زۆر لاوازن و ئامادەن هانا بۆ هەموو شتێ بەرن بۆ مەبەستی سەلامەتی خۆیان و کورسی و دەستەلاتیان گەر کەسی راوێژ پێکراو لە بەندی خانەشدا بێت و بەندە بێت !! هەروەک چۆن عەزیزی میصر لە سەردەمی خۆیدا کە خەوێکی سەر سوورهێنەری بینی و لە پاشاندا بۆ لێک دانەوە و راڤەکردنی خەوەکەی ناردی بەشوێن (یوسف) یەک کە بە دەستی تاوانی خۆی بەندی کردبوو چەندین ساڵ بوو لەبەندیخانەدا ئازاری دەروونی دەدا !! بەلام ئێستا و لەم کاتەدا پادشای میصر گیرۆدەیە و توشی کارەسات بووە و دەبێت هەرچۆنێک بێت ئەوکارەساتەی لێ‌لا بچێت !!

فیرعەونیش بەهەمان شێوەی عەزیزی میصر کاتێک بینی کەواشکستی هێناوە و بەڵگەی راست و دروستی پێنەماوە دەست بەجێ رێگەی راوێژی بۆ داروودەستە و بەرژەوەندی پەرستەکانی دەوربەری خۆی کردەوە و پێی وتن (فماذا تأمرون)؟! ئایا ئێوە چی دەڵێن .

٢) لەکاتی سەرگەرمی کۆکردنەوەی خەڵکیدا بۆ رۆژی (زینە) و رۆژی رووبەرووبونەوەی موسا و جادووگەران وترا :

(لعلنا نتبع السحرة إن كانواهم الغالبين) (الشعراء : ٤٠)

واتە : گەر جادووبازان سەرکەوتن بەسەر موسا و پەیامەکەیدا ئەوە ئێمە شوێن ئەوان دەکەوین و پشت دەکەینە موسا و هارون !!

خوای گەورە کاتێ باسی ئەم هەڵوێستەمان بۆ دەکات دەدوێ دەربارەی ناخ و دەروون و هەڵوێستی زۆربەی زۆری خەڵکی لەهەموو کات و شوێنێکدا ، کە هەڵوێستیان وەهابووە کە شوێن زۆربەی زۆری خەڵکی بکەون نەک شوێن راستی پەیامی خوایی !!
گومانیش لەوەدا نیە کەوا لەهەمووکاتێکدا زۆربەی زۆری خەڵکی بەبەردەوامی لادراوبوون لەسەر رێی خوای گەورە و هەڵگری رێگەی چەوت بوون !!
هەروەک قورئان دەفەرموێت :
(وإن تطع أكثر من في الأرض يظلوكَ عن سبيل الله) .
واتە : گەر گوێ رایەڵیت بۆ زۆربەی زۆری خەڵکی سەرزەوی هەبێت ئەوە گومرات دەکەن و رێی خوای گەورەت لێ تێک دەدەن و چەواشەت دەکەن .
خەڵکی بەهۆکاری دووری لە پەروەردگار و پەیامی پێغەمبەرانەوە ـ عليهم السلام ـ ژیری و بیری خۆیان لەدەست داو هەڵوێستیان لەبەرامبەر مەسەلەو رووداو و گۆرانکاری‌یەکاندا بو بەهەڵوێستێکی سادە و منداڵ ئاساو ئەوەی زۆر بەی زۆری خەڵکی لەسەر دەرۆیشت ئەمیش وەک شوێن کەوتەیەکی ئەو زۆرە خەڵکی پەسەندی دەکردوو بەرێبازی سەرەکی و هەرەگەورەی خۆی دەزانێ .
زۆر ئاساییە کەوا ئەمرۆش خەڵکانێکی زۆر هەبن کە هەمان رێگەیان گرتبێتە بەر وو لەسەر رەوتی گەلەچەواشەکەی فرعەون خەباتی فکری و سیاسی و ژیاری خۆیان بەری بکەن !!
ئاساییە کەوا ئەوەی زۆربەی زۆری خەڵکی بە باشی زانی ئەمانیش بە باشی بزانن و پەسەندی بکەن ، ئەوەی زۆربەی زۆری خەڵکی بەدزێوو نامۆو نەشیاووکۆنیان دانا ! ئەمانیش وەک شوێن کەوتەیەکی ئەو زۆر بەنەشیاو نامۆو کۆنی بزانن !! گەردینی خوای گەورەش بێت ؟!!
بەراستی گەورەترین کارەسات و دارمانە کە دێت بەسەر مرۆڤەکاندا و دەیان کاتە بەندەی زۆربەی زۆر خەڵکی و بەعەمەلی فێری لاسای کردنەوە و شوێن کەوتەی کوێرانەیان دەکات !!

ئاخۆ دەبێت ئەو خەڵکەی کە ئەمە پیشەیانە بۆ بیرنەکەنەوە و نەچنەوە بەهۆش خۆیاندا !! تاکەی لاسای کردنەوەی کوێرانە ؟! تاکەی بیرکردنەوە بە بیرو بیردۆزی هەڵەی خەڵکی ؟!

پاشان کەی و لە چ سەردەمێکدا مەرج بووەکەوا گەر زۆرینەی زۆری خەڵکی لەسەر بیرێک یان هەڵوێستێک بن ئەوە مانای ئەوە بووەکە راستن و لەهەڵەوە دوورن ؟!!

بێگومان هەرکەسێ وەها بیربکاتەوە ئەوە زۆر هەڵەیەو بەهەڵە شدا چووە چونکە زۆر جار دەگونجێ کە تاکەکەسێک بەتەنها لەناو گەلێکی سەدان هەزار کەسیدا هەڵوێستی چاکتر و باش تر و راستربێت لە بیرو بۆچوون و هەڵوێستی سەرجەم ئەوگەلە !!

دەی دەگونجێ لەم کاتەدا بڵێین ئەوکەسە هەڵەیە و سەدان هەزار کەسەکەی تر راست و راست رەون ؟!

بێ گومان نەخێر چونکە ئەوکەسە راستە و هەڵگری پەیامی راستیەکە ئەو مەشخەڵەی ئەم خۆی بەهەڵگری دەزانێ لەگەڵ فطرەت و عەقیدە و رەوشت و واقیع و عەقڵ و دڵ و دەروونی ئەوگەلە دابگونجێ و دوور بێت لە کاری فێڵ بازی و چەواشە چێتی و هەڵ خەڵەتاندنەوە.

٣) لە کاتێکدا جادووبازەکان کۆبوونەوە بۆ مەبەستی دژایەتی کردنی موسا و هارون ـ عليهما السلام ـ روویان کردە فیرعەون و وتیان :

(أئن لنا لأجراً إن كنا نحن الغالبين) (الشعراء : ٤١)

واتە : ئایا ئێمە پاداشتمان هەیە گەر سەربکەویت بەسەر موسادا !!؟!

مرۆڤ کاتێ لەم پەیامە بێ ئاگادەبێت و دڵی بەتاڵ دەبێت لە باوەڕوو خۆشەویستی خوای گەورە ، بەدڵ نیاییەوە دەبێتە کۆیلەی دنیا و دڵی شی دەبێتە مەڵبەندی خۆشیەکانی ، لەگەڵ ئەمەشدا ئەوکەسانەی کە خاوەنی بەهرەیەکن جا هەر چیەک بێت (زانست ، هونەر ، فەلسەفە ، یان هەر بوارێکی تری ژیان) گەرنەیزانی چۆنی سەرف بکات و لە چ رێگەیەکی راستدا بەکار بهێنێت و

لەگەڵیشیدا بێباوەڕو دنیا پەرست بێت ، ئەوە بەدڵ نیاییەوە ڕێزی ئەو زانست و هونەرەی کە وەک بەهرەیەک پـێی دراوە نازانێت چۆن و بەچ شێوەیەک بەکاری بهێنێت و لە چیدا کاری بکات !! دەفرۆشێت بە پارەیەک کەلە هاوکێشی ئەو بەهرانەدا نیە و زۆر دورە لێوەی ، یان بۆ خزمەتی کفر و بەدکاری بەکار دەهێنرێن لەدژی پەیامی خوای گەورە و هەڵگرانی !!

جادووبازان لەسەردەمی خۆیاندا گەورەترین زانست و هونەریان دەزانی و جیاوازبوون لەخەڵکی ئاسایی نێوکۆمەڵگا کەیان چونکە جادوو (سحر) یان دەزانی ، بەڵام کێشەی ئەوان بریتی نەبوو لەوەی کە کارامە نەبوون لە جادووەکەیاندا !! بەڵکو کێشەی ئەوان بریتی بوو لەوەی کە نەیان دەزانی چۆنی بەکار بهێنن ؟! هەر بۆیە لەسەرەنجامدا خۆشیان لەگەڵدا فرۆشت بە فرعەون و دارودەستەکەی لە پێناوی دژایەتی کردنی موسا و پەیامەکەیدا ..

خۆ ئەگەر سەیری جادووبازەکانی سەردەمی ئەمڕۆی خۆمان بکەین دەبینین کەوا بەهەمان شێوەی جادووبازانی سەردەمی فرعەون و زیاتریش لەوان زانست و بیروباوەڕ و لاشە و هونەر و سەرجەم بوارەکانی تری ژیانی تایبەتی خۆیان بەنرخێکی زۆر کەم و هەرزان فرۆشتووە بە خەڵکانی وەک فرعەون . ئێستا لە خزمەتی مانەوە ئەوان و لەناو بردنی ئیسلام و هەڵگرانیدا بەردەوانم بەکاری دەهێنن !!

ئای ! ئەمڕۆ چەندە دەست و قەڵەم هەروەک جادووی جادووبازان بەکرێ گیراوە لەخزمەتی بێباوەڕی و دوژمنداریتی ئیسلام ؟!

چەندە کەناڵی ڕاگەیاندن کاردەکەن و بەکرێ گیراون بۆ لەکەدار کردنی بەرنامەی بێگەردی خوای گەورە و ناشرین کردنی ؟!!

چەندە بیروباوەڕ و کەسانی خاوەن فکر بەپارە کڕاوون و لەسەر ئیسلام ، لەدژی ئیسلام ، لە بارەی ئیسلام ، دەنووسن و قسەدەکەن و خەباتی فکری و سیاسی و درۆکارانەی خۆیان بەڕێ دەکەن ؟!

بێ گومـان زۆر ، بـەڵێ زۆر کـەس بـەکرێ گیراوە و بـە بـەردەوامی بـەکار دەهێنرێت و پشکۆی ئاگریان پێ‌هەڵدەگیرێ ، بـەکرێ گرتنـی خـەڵکی و هونـەر و زانستیان تەنها خۆی لە چوار چێوەی تەنها کەسێک یان چەند کەسێکدا نابینێتـەوە ، بەڵکو زۆر جار (میللـەتێک یـان دەوڵـەتێک یـان چـەندین دەوڵـەت) بـە پـارە دەکرێن و بەکرێ دەگیرێن لەدژی پەیامی بەرزی خوای گەورە و هەڵگرانی.

٤) هـەوڵ دان بـۆ دۆزینـەوەی کـاتێک ی شـیاو کـە حـەق ی تێـدا بگەیـەنرێت سیفەتی بەرزی پێغەمبەران و بانگ خوازانی رێگەی خوای گـەورە بـووە لەهـەموو کاتێکدا ، موسـا - عليه السلام - وەک پـەیام بـەرێکی رێگـەی دینـداری و خواپەرستیی لەلایەن پەروەردگاریەوە ئەوەندە فێرکراوە و مەشق پێ‌کراوە کە دەبێت ئەو پەیامـە خواییەبگەیـەنێت و خـەڵکی پـێ ئاشـنا بکـات و دڵـە تاریکـەکان ی پـێ‌ی رونـاک بکاتەوە ، هەر بۆ ئەم مەبەستە بووکەوا پێش دەسـت پێ‌کردنـی نمایشـەکە لەگـەڵ جادووبازەکـاندا کەوتـە کفتوگـۆ و قسـەکردن تـاوەکو دینـی خـوای گـەورەیان تێ‌بگەیـەنێت و بـەرزی پەیامـەکـەیان بۆشـی‌بکاتەوە ، بانگـەواز خـوازان و شـوێن کەوتەی ئەو پێغەمبەرە بەرزانەش دەبێت هـەمان هەسـت و هەڵوێسـتی موسایان هەبێت و کاتەکانی ژیانیان لەدەست نـەدەن و هـەوڵی ئـەوە بـدەن کـە بـۆ کـات و فرسەت بگەرێن تاوەکو ئەو پەیامـەی کە هەڵیان گرتووە بی‌گەیەنن بەوکەسانەی کـە پێیان نەگەیشتووە و ئاشنانین پێ‌ی .

٥) یەکێکی تر لە سیفەت و رەوشتی دوژمنـانی خـوای گـەورە وەهـا بـووە کـە ئەوەی بۆ خۆیان حەڵاڵ و چاک بووە بۆ ئەهلی ئیمانیان بەخراپ و حەرام و قەدەغـە و عـەیبە زانیوە و بەردەوام باوەڕدارانیـان پێ‌ناشرین و لەکـەدار کـردووە لەبـەر دەم گەل و میللەتدا .

گەر سەرنجی وتەکانی فرعـەون بدەیـن لـەدژی موسـا - عليه السلام - کـە لـە هـەموو حاڵەتـەکاندا هەوڵی‌ناشـرین کـردن و لەکـەدار کردنـی دەدات ئـەویش بەعـەیبـەی جادووبـاز و ناسـاندنی موسـا و هـارون بـەجادووباز لەبـەردەم میللـەتدا بەگشـتی ، هەروەک قورئان دەفەرموێت :

(قالوا إن هاذانِ لساحرانِ يريدان ، أن يخرجاكم من ارضكم بسرحهما ويذهبا بطريقتكم المثلى) (طه :٦٣)

بەڵێ ئەم ئایەتەو دەیان ئایەتی تر ئاماژە بـۆ ئەوەدەکەن کـە تاکە بەڵگەیـەکێ بەدەست فرعەونەوە کە موسای پێ ناشرین و لەکـەدار بکـات بریتیـە لـە نـاوبردنی موسا و هارون بە جادووباز !!

بەڵام سەیر لەوەدا یەکە فرعەون بۆ مەبەستی دژایەتی کردنی موسـا و هـارون و پەیامەکـەیان پەنادەباتـەوە بـەر جادووبـازان و وەکێ گـەورەترن چـەکێ بـەکاریان دەهێنێت !!

باشە گەر جادووبازی کارێکی عـەیبە و ناشرین بێت بـۆ موسـا و هـارون !! ئـەی بۆچی فرعەون خۆی وەکێ گەورەترین هۆکار پەنای بۆ دەبات و بەکاری دەهێنێت ؟!

خۆشەویستـان بـەلای دوژمنـانی خـوای گـەورەوە هـەرگیز ڕەوانـەبووە کـەوا باوەڕداران خاوەنی کیان و قەوارەی خۆیان بـن بـەڵام دەبێـت و زۆر پێویستـە کـەوا خۆیان خاوەنی قەوارەوکیانی سەربەخۆی خۆیان بن !!

دروست نیە کە باوەڕداران ببنە خاوەنی بنکەی سـەربازی و بـەرگری لـەخۆیان و گەل و وڵات و بیروباوەڕیـان بکـەن !! بـەڵام دروسـتە و ئاسـاییەکە خۆیـان خـاوەنی دەیان و سەدان بنکەی سەربازی و تانکێ و فرۆکەبن !!

٦) لە پێش کاتی نمایشـەکەدا لـە نێـوان موسـا و جادووبـازاندا ڕاگەیـەنرا بـە موسا ـ عليه السلام ـ کە ئەم لەسەرتادا کـاری خـۆی ئـەنجام بـدات یـان جادووبازەکـان ، موساش لەوەلامدا فەرمووی (ألقوا ....) واتە : ئێوە لە سەرەتادا دەست بکەن بەکاری خۆتان ، پەند و ئامۆژگاریی لەم ڕوداوە (والله أعلـــم) ئەوەیە کە ئـەم ڕووداوە بانگەوا خوازان فێردەکـات کـە کـاتێ توشـی ڕووبەڕووبونـەوە بـوون لەگـەڵ کەسانێکێ کە هەوڵی دژایـەتی یـان هـەبوو ئـەوە بـا هـەول بدرێـت کـە جەمسـەری بەرهەڵست کار دەست پێبکات و ئەوەی پێیەتی بیڵێ .

بەڵێ گەر هەر لەم ڕوانگەیەوە سەرنجێکی ژیانی پڕ لـە سـەروەری پێغەمبـەری ئیسلام بدەین ﷺ ئەوە ئەم ڕاستیەمان بەشێوەیەکی عەمەلی بـەرچاو دەکـەوێت ،

ئەویش لەکاتێکدا کەوەفدی (بەنی ئومەیـە) بـەناوی (عتبـە ی کـوڕی رەبیعـە) هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ بۆ مەبەستی ئەوەی تـا چـی تـر خواکانیسان بـەبێ نـرخ سەیر نەکان ، بەڵێ (عتبە) دەسـتی کـرد بـە قسـە و پێغەمبـەریش ﷺ گـوێ بیستی قسەکانیەتی .. لە پاش ئەوەی قسـەی پێنەما و لـە قسـەکانی تـەواو بـوو پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو :

(أقد فرغت يا اباوليد ؟ قال نعم : قال فاسمع مني : قال : أفعل ، فقال (بســم الله الرحمن الرحيم) حم ، تنــزيل من الرحمن الرحيم .. .. ..) (فصلت : ٢،١ ..)

واتە : کاتێ (عتبەی کوڕی ربیع)ە لە قسەکانی بویەوە پێغەمبـەر ﷺ پـێی فەرموو:

ئەی (ئەبا وەلید) تەواوبویت لە قسەکانت ؟! ئەویش لەوەڵامدا وتی ، بەڵێ ، ئەوجا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی دەی کەواتە تۆش گوێ لەمن بگرە ، دەستی کـرد بـە خوێندنی قورئان بەسەریدا و هـەندێک ی لـە ئایەتـەکانی سـوەتی (فصلت)ی بـۆ خوێند .[20]

٧) پاش ئەوەی موسا بە فـەرمانی پـەروەردگاری داردەسـتەکەی هـەڵدا دەسـت بەجێ سەرجەم دار و جەبل و گوریسی جادووبازەکانی بەیەک جـار و لەیـەک سـاتدا قووت دا و جادووبازەکانیش کاتێ ئەم رووداوە سەیر و چـاوەڕوان نـەکراوەیان بینـی زۆر بەخێرایی و هەموو بەیەک جار کڕنووشیان برد بۆ خوای گەورە و ئەوپـەڕی مـل کەچی و پەشیمانی خۆیان دەربڕیـی بـۆ پـەروەردگاریان و ئاشـکرا بـاوەڕی بـەرز و پڕلاینی خۆیان کرد لەبەردەم سەرجەم ئامـادە بوانـدا بەگشـتی و فرعـەون ی سـتەم کار بەتایبەتی .

ئەمەش لە کاتێکدا روویدا کە خۆری راستی و دەستەلاتی بێ سـنووری خـوای گەورە بەدەرکەوت لەوێنەیمعجزەیەکەوە لەسەر دەسـتی موسـا ـ عليه السلام ـ ، بـەڵێ

[20] المنهج الحركي للسيرة النبوية (فنــير محمد غضبان) ج (١) ، ص (١٠٧) .

جادووبازەکان باش دەیان زانی کەوا ئەوەی ئەنجامی دەدەن لەبەردەم خەڵکیدا لەچاو بەست و فێڵ و ساختەکاری زیاتر هیچی تر نیە .

(وسحروا أعين الناس) ، بەڵام کاتێ داردەستەکەی موسایان ـ عليه السلام ـ بینی کەوا بووبە مارو سەرجەم دارو حەبلەکانی ئەوانی قوت دا و بەچاوی یەقین بۆیان دەرکەوت باوەڕوو عەقیدە و ئیمان لە ناخیاندا وەک بورکان تەقییەوە و پرژەی بەئەندامەکانی لاشەیاندا بڵاوبوویەوە و سەرجەم لاشەیان و ژیری و بیریان لەدنیای ماددی و بەرجەستەیی دەرچوو و بەرەو پەیوەندی کردن بە جیهانی نادیار و ئەودیوو سروشتەوە پەیوەندی کردوو بەرزترین شوێنگای جەستەیان کە ناو چاوانیان بوو دایان بەزانده سەرنزم ترین شوێن و دایان بەزەویدا و هەموو بەیەک جار کڕنوشیان بردبۆ پەروەردگار و بەیەک دەنگ و پڕ بەدەم هاواریان کرد (أمنا بـرب العالمين ، رب موسى و هارون) !!

بەراستی دیمەنێکی زۆر سەیرو سەر سوڕهێنەرەکەوا لەشوێنێکی وەهادا و لەکاتێکی ئاوا ئاسکدا کەسانێک کە تاساتێک لەوەوپێش ئامادەبوون کەوا لە پێناوی پارەو بەدەست خستنی پلە و دەستەڵاتی دنیادا نەفسی خۆیان بفرۆشن و لە پێناوی دژایەتیی‌کردنی موسا و سەرکوت کردنی پەیامەکەیدا و پاشان سەرخستنی فرعەون و کۆشک و کورسیەکەی هەموو ڕێگەیەک بەکار بهێنن ، بەڵام ئێستا کاتێکی ترەوە دڵەکان بەشێوە و جۆرێکی تر لێدەدەن و ژیریەکان بەشێوەیەکی تر بیردەکەنەوە و لاشەکان ئامادەن لە پێناوێکی تردا بەکار بهێنرێن و هەستەکان بەرە و پێچەوانەوە بوون ملی ڕێ دەگرن و هەنگاو هەنگاو بەشوێن حەق و روناکی ڕاستەقینەدا دەڕۆن .

٨) پاش ئاشکرا کردنی باوەڕ لەلایەن جادووبازەکانەوە دەست بەجێ تاقی کردنەوەکانی خوای گەورە لەبەرامبەریاندا دەستی پێ‌کرد ئەویش بۆ مەبەستی کێشان و هەڵسەنگاندنی ئەو باوەڕەیان کە ئایا تاچ ئاستێک پەیوەستن پێوەی و پەشیمانی دەرنابڕن ، ئەمەش لە کاتێکدا بووکەوا فرعەون هەڕەشەکانی زۆر

بـەتوندی و بـێ رەحمانـە ئاراستـەی جادووبـازە باوەڕدارەکـان دەکـرا و هەڕەشـەی کوشتن و مەرگیان لێ دەکرا بەهەڵواسین و قرتادنی دەست و قاچیان !!

بەڵام باوەڕێک لەدڵی جادووبازەکاندا خۆی داکوتابوو کە بەهێز تر بـوو لـەرەگی چیاکان ، بەرزو بڵند تر بوو لە بەرزی و بڵندی هەورەکان ، فراوان تر و قـوڵ تـر بـوو لە فراوانی و قوڵی دەریاکان ، گەرم تر و بەتین تـر لـە ئـاگری نێوتـەنورەکان ، بـۆن خۆش تر و گەشاوەتر لەگوڵی باخچەی بـەهاران کـە تـازە سـەردەردێنێ و خونچـەی سەردەردێنێ .

بـەڵێ ئـەوان لـە تـاقی کردنەوەکـەی پـەروەردگاریاندا دوا پلـەی سـەرکەوتنیان بەدەسـت هێنـا کـە ئـەویش (شـەهیدی) بـوو ، چونکـە دەیـان زانـی و بەوپـەڕی قەناعـەت و باوەڕەوە ئەوەیان لەبەر چاو بوو کە ئەگەر بێت و بـاوەڕ نـەهێنن بـەو پەیامە بەرزەی کە موسا - الطَّيِّلاً - هێناویەتی و بانگەشەی بۆ دەکات ، ئەوە توشی سزایەک دەبن چ لە دنیا و چ لەدوارۆژدا کە هەرگیز توشی کەس نـەبوبێت ، پاشـان گەیشتبوونە ئەوباوەڕەی کە پاداشتی فرعەون بۆیان تەنها خەلاتێکی ماددی کـەمی دنیایەو هـەر رۆژێـک بێـت دەبڕێتـەوە و کۆتـایی بەسـەردا دێـت ، بـەڵام پاداشتی قیامـەتی پەروەردگار خەلاتێکی نەبڕاوەیەو ئەوە جێگای مانەوە و لەناونەچوونـە (والأخيرة خيرٌوأبقى) .

پاشان نابێت ئەوە مان لە یاد بچێت کە تاکە هۆکارێک بەندەکانی پێ بـەهێز و بەعزەت و سەربەرزبن لەبەردەم ستەم کاران و دوژمنناندا بریتیە لە باوەڕ ، بـەڵێ باوەڕی راستەقینە کە هەمان شێوەی بومـەلەرزەی هەیـە و دەیـدات لـە کۆشـک و کورسی و دەستـەلاتی بێباوەڕان و لەرەگ و ریشەیدەریدەهێنێ .

❁ ❁ ❁ ❁
❁ ❁ ❁
❁ ❁
❁

بەندی پێنجەم

دانانی پیلان لەلایەن فرعەونەوە بۆ کوشتنی موسا ـ ﷺ ـ

پاش ئەوەی کە موسا ـ ﷺ ـ دینی خوای گەورەی بەتەواوی شی کردەوە لەبەردەم فرعەون و گەلەکەیدا و معجزە و بەڵگەی روون و بەرچاوی نیشان دان و جادووبازەکان باوەڕیان هێنا ، لەم کاتەدا فرعەون سات لەدوای سات هەرەس ی گەورەی بەسەردا دێت و چوار دەوری چۆڵ دەبێت و لەلای دارودەستەو پاشان گەلەکەی باوەڕو متمانەی نامێنێ !! هەر بۆ ئەم مەبەستە هەڵسا بەئەنجام دانی کوشتن و شەهیدکردنی سەرجەم جادووبازەکان و هەڵواسین و قرتاندنی دەست و قاچاین !!

بەڵام فرعەون کاتێ سەیری چواردەورو درێژەی رووداوەکان دەکات دەبینێ کەوا ئەم کێشەیەی کە بۆی دروست بووە و روی تێکردووە رۆژ بەرۆژ گەورەتر دەبێت و پەرە دەسێنێ و خەڵکی زیاتر چاویان دەکرێتەوە و ئاگادار دەبن و دۆست و دوژمنی خۆیان دەناسن !! وە ئەم کێشەیە تەنها بەلەناوبردنی جادووگەرەکان کۆتایی پێ نایەت !! بەڵکو پێویستە و دەبێت لە بنەڕەت و بناغەوە ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکرێت و ریشەکێش بکرێت کە ئەویش کوشتنی موسایە ـ ﷺ ـ

بەڵێ کوشتنی پیاوێک ی داوێن پاک و دەست پاک و رەوشت جوان !! کوشتنی کەسێک کەتەنها (الله) بەخوای خۆی دەزانێ و ملی بەندایەتی بۆ دادەنەوێنێ !! کوشتنی پیاوێک کە بەراستی دڵسۆزی خاک و گەل و میللەتەو خێر و خۆشی دنیا و قیامەتیان دەوێ !! کوشتنی پێغەمبەرێکی خوای گەورە کە مەبەستی چاندنی دڵسۆزی و برایەتی و خۆشەویستی و رەوشت جوانیە لە ناخ ی مرۆڤەکاندا و

دەیەوێت ئازاد و چاووکراوە و سەربەست بژین و ژیان ی تایبەتی تاکەکەسی خۆیان دیاری بکەن و لە ژێر زەبر و زەنگە و رکێفی کەسدا نەژین !!

بەڵام ئەمانەی باسمان کرد تەنها لە سوودی فرعەون و دەستەڵاتە کەیدانن و زیانیبۆ کورسی و کەسایەتی ئەو هەیە و دەبێتە هۆکاری لابردنی پەردە لەسەر تاوان و کارە دزێوو چەپەڵە کانی و خەڵکی لێ ئاگادار و هۆشمەند دەکاتەوە و لەشەوزەنگ و خەوی بێ ئاگای رادەپەڕێنێ .

بەڵێ فرعەون باش ئەم راستیانە دەزانێ و پاشان حسابی زۆر ووردیان بۆ دەکات، هەر بۆیە لەم کاتەدا بڕیارێکی زۆر توند و شەیتانی دەدات و بەشێوەیەکی زۆر نەخۆشانە هاوار دەکات و پڕ بەدەنگ دەڵێت :

(بەرم بدەن و وازم لێ بهێنن و لێم بگەڕێت با موسا بکوژم و لەناوی بەرم و تەسلیمی گۆڕی بکەم جا ئەگەر موسا راست دەکات و دەڵێت من پێغەمبەرم و لەلایەن خواوە هاتووم ! با ئەو خوایەی بانگ بکات و بەرگری لێ بکات ، ئەی خەڵکینە دڵنیا بین و باش بزانن کەوا مەبەستی من لە کوشتنی موسا و لەناو بردنی ئەوەیە دەترسم لەوەی کە موسا لە سەر دینی باوو باپیرتان لاتان بەرێت و پاشان فەسادوو بەدکاری بەرپا بکات لەسەر زەویدا !! قورئان لەم بارەوە دەفەرموێت !!

(وقال فرعون ذروني اقتل موسى وليدعُ ربه إني أخاف أن يبدل دينكم أو أن يظهر في ألأرض الفساد) (غافر:٢٦)

بێ گومان فرعەون بەتەواوی هەڵوێستی منداڵ ئاساو توندڕەوی دۆزەخی خۆی دەربڕی و پەنای بردە بەر خراپ ترین رێگا کە ئەویش کوشتنی موسایە بەناهەق !! ببەڵام گرنگ ئەمەنیە بەڵکو گرنگ هەڵوێستی موسایە ـ ﷺ ـ لەبەردەم ئەم هەڕەشەیەدا، ئایا هەڵوێستی بەرز و مەردانەی موسا ـ ﷺ ـ چیە لەبەرامبەر بەم هەڕەشە دۆزەخیەی فرعەون ؟! بێگومان موسا ـ ﷺ ـ هەروەک زنجیرە پێغەمبەرانی برای هەڵوێستی بریتیە لە پەناگرتن بە خوای گەورە لە هەموو

ئەوکەسانەی کە خۆ بەزل زانن و بـاوەڕ نـاهێنن بـە ڕۆژی پاداشـت و تۆڵـە ، خـوای گەورە لەم بارەوە دەفەرموێت :

(وقال موسى إني عذت بربي وربكم من كل متكبرٍ لا يؤمن بيوم الحساب)

(غافر : ٢٧)

واتە : موسـا ـ الطيلا ـ فـەرمووی : مـن پـەنا دەگـرم بـە پـەروەردگاری خـۆم و ئێوەش لەهەمـوو سەرکەشێ کە خۆی بەگەورە ئەزانێ و باوەڕی نیە بە ڕۆژی پرسیار و حساب .

لەم کاتە پڕ لە ترس و سامناکەدا پیاوێکی زۆر بە جەرگ و باوەڕدار کە چەندین ساڵ بوو بەهۆکاری زەبر و زەنگی فرعەون و سەربازە دڕەندەکانیـەوە بـاوەڕی خـۆی شاردبوویەوە ، باوەڕی بەرزی خۆی ئاشـکرا کـردوو لـەناو سـەرجەم خـەڵکیدا هاتـە دەرەوە و پڕ بە دەنگ هاواری کردوو فەرمووی :

ئەی خەڵکینە !! کەسێک دەکوژن کە دەڵێت (الله) پەروەردگارمە و بە بەڵگە و معجزەی راست و دروسـتەوە بۆتـان هـاتووە و دینـی خـوای گـەورەتان پـێ رادەگەیەنێت و بانگ تان دەکات بۆ داوێن پـاکی و یەکتاپەرستی ؟ ، قورئـان لـەم بارەوە دەفەرموێت :

(و قال رجل مؤمن من ءال فرعون يكتم إيمانه أتقتلون رجلاً أن يقـول ربي الله وقد جاكم بالبيناتِ من ربكم ؟! .. ..) (غافر :٢٨)

پاشان ئـەم پیـاوە بـاوەڕدارە هەربەردەوامـە لەسـەر قسـەو ئامۆژگاریـەکانی و بەگەلەکەی دەفەرموێت . (.. .. .. وإن يك كاذباً فعليهِ كذِبُهُ وإن يك صادقـاً يصبكم بعضُ الذي يعدكم إن الله لا يهدي من هو مسرف كذاب * ياقوم لكـم الملك اليوم ظاهرين في الأرض فمن ينصُرنا من بأس الله إن جاءنا ؟! .. ..)

(غافر : ٢٧،٢٨)

واتە : ئەی گەلەکـەم گـەر موسـا دۆر بکـات لـەداوا و قسـەکانیدا ئـەوە بـەدڵ نیاییـەوە خـۆی زەرەردەکـات و درۆکـە بـۆ سـەر خـۆی دەگەڕێتـەوە ، خـۆ ئەگـەر راستیش بکـات ئـەوە هـەندێک لـەو سـزایانەی کـە پـەیمانی پێـداون دووچـار تـان

دەبێت، وە دڵ نیاش بن کە خوای گەورە رێ نمیێی کەسێ ناکات کە زیادە رەوی خوازێکی درۆزن بێت ، ئەی گەلەکەم ئێوە ئەمڕۆ خاوەنی مڵک و دەستەلاتن لەسەر زەویدا ـ مەبەست پیێی مصرە ـ گەر سزا و تۆڵەی خوای گەورەمان هاتە سەر ئەوەکێ دەتوانێت لای بەرێت لەسەر مان و سەرمان بخات و رزگارمان بکات لەو سزاو تۆڵە خواییەی کە دێت بەرەو روومان ؟!

سەرنجێك !: گەر بەووردی سەرنجی وتە و ئامۆژگاری ئەم پیاوە باوەڕدار بدەین دەبینن کەوا زۆر بە ژیرانە و حەکیمانە قسەدەکات و ئامۆژگاری گەلە سەر لێ شێواو گومڕاکەی دەکات !! لەسەرتادا بەوشەیەکی زۆر ناسك و سەرنج راکێشەر رودەکاتە گەلەکەی و بەدڵسۆزانە پێیان دەفەرموێت (یا قومِ) واتە ئەی گەلەکەم !! بەکارهێنانی وشەی (یا قوم ، یا بني ، یا بني أدم ، یاعبادي ــ یاأیـها الأنسان ، یـــابني اســرائیل و ...) شێوازێکی زۆر جوان و سەرنج راکێشەرەو لەناخەوە هەستی بەرامبەر رادەکێشێ و کاری گەری لەسەر ناخی دروست دەکات ، هەر لەبەر ئەم خاڵەوە بۆ مەبەستی راکێشانی سەرنجی گەلەکەی ئەم شێوازە جوان و نەرم و سەرنج راکێشەرەی بەکارهێنا ، لە پاشاندا بۆ مەبەستی بڕینی بیانو بەڵگە و قسەیان لەسەر مووسا و بانگەوازەکەی رووی تێکردن و فەرمووی ، ئەی گەلەکەم گەر موسا درۆ بکات لە قسەو باسەکانیدا ئەو ئێوە هیچ زیانێك ناکەن و درۆکەی بەسەر چاوی خۆیدا دەدرێتەوە لە پاشەرۆژدا !!

خۆ ئەگەر راستیش بکات ئەوە هەندێك لە پەیمانانەی کە پیێی داون دەست گیرتان دەبێت !!

گەر سەرنجی وتەکانی بدەین دەبینین کەوا شێوەگومانێك دەردەبڕێت لەبەرامبەر بەقسەکانی موسا ـ عليه السلام ـ !! بەڵام لە بناغەو بنەڕەتدا وەهانیە و خۆی باوەڕو یەقینی تەواوی هەیە بە موسا و پەیامەکەی ، بەڵام ئەم قسانەی کەوا بەم شێوە دەیکات بۆ مەبەستی بڕینی بەڵگەو بیانووی گەلەکەیەتی ، پاشان گەر سەرنجی قسەکانی بدەین دەبینین کەوا لەسەرەتادا دەفەرموێت : (وإن یـك کاذبـاً) سیفەتی درۆ لە بانگەوازەکەی موسادا پێش (راست) گۆی دەخات

ئـەمیش بـۆ مەبەسـتی ئەوەیەکـە زیـاتر سـەرەنجی گەلەکـەی بـەلای قسـەکانیدا رابکێشـێ و هەڵوێسـتی خـۆی یـەکێ بخـات لەگـەڵیاندا !! پاشـان دەفـەرموێت : (يصبكم بعض الذي يعدكم) واتە : هەندێك لەو بەڵێنانەی کە پێی داون دەستان دەکەوێت ، گەر سەرنج بدەین دەبینین کەوا نافەرموێت : (كل ما يعدكم) واتە : هەموو ئەو بەڵێنانەی کە پێی داون دەست گیرتان دەبێت !! چونکـە ئەگـەر وەهـای بووتایـە ئـەوە خـەڵکی متمانـەیان بەقسـەکانی نـەدەماو دەیـان وت : تـۆ زۆر پەیوەستیت بە موساوە و زۆر بەتوندی شوێن موسـا کـەوتووی !!؟ کەسـەرەنجامی کارە بریتیە لە پشت تێکردن و بەقسە نەکردنی !!

یەکێکی تر لە هەڵوێستە جوان و ژیرانەکـەی ئـەوە بـوو کـە خـۆی بەیـەکێ لـە ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە حساب دەکات و دەفەرموێت (فمن ينصرنا من بأس الله إن جاءنا ....) ئەمەش یەکێکی ترە لە حـەکیمی و ژیـری لەووتـەو هەڵوێسـتی ئەم پیاوە باوەڕدارەدا کـە خـۆی بەیـەکێ لـە ئـەندامانی ئـەو کۆمـەڵگایـە حسـاب دەکات و خۆی لێیان جیا ناکاتەوە .

پرسیار : ئایا ئـەو پیـاوە بـاوەڕدارە کـە لـەو کاتـەدا بـاوەڕی خـۆی لەبـەردەم گەلەکەیدا ئاشکرا دەکات کێیەو ناوی چیە ؟!،

وەلام : لە نێوان زانایاندا جیـاوازی هەیـە لـەوەی کـە ئـاخۆ ئەوکەسـە کێیـە و ناوی چییە !!

هەندێك لە زانایانی تەفسیر دەفەرموون ئـەو پیـاوە نـاوی (حبيـب) بـوو ، وە هەندێکی تر دەفەرموون ناوی (شمعان) بووە ، پاشان ئیمامی طبري دەفـەرموێت ناوی (ضبرك) بووە ، وە دەڵێن ناوی (حزقيل) بووە)[21]

پاشان جیاوزی هەیە لە نێوان زانیاندا لەسەر ئەوەی کە ئایا ئەم پیاوە بـاوەڕدارە لە کۆمـەڵی (قبطي) بووەیان لە کۆمـەڵی (بەنی ئیسرائیل) ی بووە ؟!

---

[21] الجامع لأحكام القرآن (قرطبي) ج (١٥) ، ص (٣٠٦)

(حسن) و هەندێکی تر لە زانایان دەفەرمون (قبطي) بووە و ئامۆزای فرعەون بووە ، هەروەها (إبن عباس) دەفەرموێت (لم يكن من أل فرعون مؤمن غيره وغير أمرأة فرعون و غير المؤمن الذي أنذر موسى فقال) إن الملأ يأتمرون بك ليقتلوك) [22]

واتە : لەناو کەس و کاری فرعەوندا تەنها ئەم پیاوە باوەڕدارە و خێزانەکەی فرعەون و ئەو پیاوەی کە موسای ئاگادار کردوو پێی فەرموو : خۆ بەزل زانەکان پیلانیان بۆ دارشتووی بۆ ئەوەی بت کوژن)) باوەڕیان هێنا بە موسا و شوێن پەیامەکەی کەوتن .

لە پاش ئەوەی کە ئەم پیاوە باوەڕدارە لە هەندێک لە ئامۆژگاریەکانی بوویەوە دەست بەجێ فرعەونی ستەم کار وەلامی دایەوە و رووی کردە میللەت و وتی :

(قال فرعون ما اريكم إلا أرى وما أهديكم إلا سبيل الرشاد) (غافر : ٢٩)

واتە : فرعەون وتی : من هیچتان پێ نالێم و هیچیتان پێ راناگەیەنم جگە وەی کە خۆم رام لێیەتی و بە چاکی دەزانم !! پاشان من رێ نموونیتان ناکەم تەنها بۆ رێگەی راست نەبێت (واتە هەر ئەوە راست و دروستە کە من رام لەسەر یەتی و بەچاک و باشی دەزانم !!))

گومان لەوەدانیەکە بێ باوەڕان و خۆ بە زل زانەکان تەنها خۆیان بەراست دەزانن و ئەوەی خۆیا بەدڵیان بێت و لە بەرژەوەندیاندا بێت هەر ئەوە باشە و غەیری ئەمە هەمووی خراپە و پێویستە کەوا فڕێ بدرێت و پشت گوێ بخرێت !! بەلام پیاوە باوەڕدارەکە سورە لەسەر قسەکانی خۆی و دەزانێت کەوا دەبێت سەرجەم توانای ماددی و مەعنەوی خۆی بەکاربهێنێت لە پێناوی گەیاندنی ئەو راستیەی کە هۆکاری هۆشیارکردنەوە و بە ئاگاهێنانەوەی ئەو گەلەیە لە درۆو فێڵە جۆراوجۆرەکانی فرعەون .

---

[22] الجامع لأحكام القرآن (قرطبي) ج (١٥) ، ص (٣٠٦)

هەر بۆیە چەند سزایەکی خوای گەورە وە بیر هێنانەوە کە لە رابردوودا توشی گەلەکەی (نوح و عاد ئەمود) بوو بوون و پیٚی فەرموون :

(وقال الذي ءامن يا قومِ ءاني أخاف عليكم مثل يومِ الأحزاب * مثل دأب قومِ نوحٍ وعادٍ وثمود والذين من بعدهم وما الله يريد ظلماً للعباد* وياقوم إني أخاف عليكم يومَ التناد * يوم تولون مدبرين مالكم من الله من عاصم ومن يضلل الله فما له من هاد) (غافر : ٣٠ ، ٣٣) .

واتە : ئەوەی بڕوای هێنا بوو وتی : ئەی گەلەکەم بەراستی من دەترسم کە وێنەی سزای ئەو رۆژە سەختانەی کە بەسەر کۆمەڵەکانی پێشوودا هات بەسەر ئێوە دا بێت . واتە ئەو کۆمەلآنەی کە دوژمنایەتی یان لەگەڵ دینی خوای گەورەدا دەبەست و ئازاری پێغەمبەران و باوەڕدارانیان دەدا ـ ، پاشان مەترسیم هەیە لەوەی کە دووچار ببن بەوێنەی تۆڵە و سزای ئەو کوفر و تاوانەی کە گەلی نوح و تایفەی عادوو سەموود لەسەری بوون و هەروەها ئەوانەی تر کە لە پاش ئەوان هاتن و لەسەری بەر دەوام بوون ، بەڵێ بەراستی خوای گەورە ناوێت بەبێ تاوان سزای بەندەکانی بدات ..

ئەی گەلەکەم بەراستی دەترسم لەوەی کە سزای سەختی دوا رۆژتان بەسەر بێت و دووچاری ببن ، ئەو رۆژەی کە رۆژی بانگ کردن و جاڕدانی مەلائکەتە بۆ کۆکردنەوەی خەڵکی ، رۆژی هاوار کردنە بۆ رزگار کردن و بەهاناوە چوون ، رۆژی بانگ کردنی بەهەشتی یە لە دۆزەخی و دۆزەخیە لەبەهەشتی ، ئەو رۆژەی کەوا خەڵکی لە سەختیئەو رۆژەدا رادەکەن و سەختی دەتان گرێتەوە و هیچ پەنا دەرێکتان نییە کە لە سزای سەخت و سوتێنەری خوای گەورە رزگارتان بکات ، پاشان هەرکەسێ خوای گەورە گومڕای بکات ئەوە هیچ ڕێنموونی کەرێکی نیە .. !!) [٢٣]

ئەم پیاوە باوەڕدارە زۆر دڵسۆز و حەکیمانە گفتووگۆو قسەو ئامۆژگاریەکانی ئاڕاستەی دڵی ئەو گەل و میللەتە دەکات و زۆر بەژیرانە دەیەوێت کار لەسەر ناخ

---

[٢٣] تەفسیری قورئانی پیرۆز (مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیز) بەرگی (١٢) ، لاپەرە (٢٢٥ ، ٢٢٦).

و دڵ و دەرونیان بکات ، هەر بۆ ئەم مەبەستە بوو کەوا بۆ زیاتر ئاگادار کردنەوە و ترساندنیان نمونەی سەردەمی یوسف پێغەمبەرەیان بۆ دەکاتە ئامۆژگاری و پێیان دەفەرموێت :

(ولقد جائكم يوسف من قبل بالبينات فمازلتم في شكٍ مما جاءكم بـه حتى إذاهلكَ قلتم لن يبعث الله من بعده رسولاً كذلك يضل الله من هو مسرف مرتاب) (الغافر : ٣٤).

واتە : بێگومان لەمەو پێش یوسف پێغەمبەر ـ عليه السلام ـ هات بۆ لاتان بەچەند معجزە و بەڵگەی روون و ئاشکرا لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەری رەوانە کراوی خوای گەورەیە ، بەڵام ئێوە گومانتان هەبوو لە ودین و بەرنامەی کە بۆی هێنابوون ، تا ئەوساتەی یوسف مردوو چووە وە بۆ لای پەروەردگاری ، ئەو جا ئەتان وت : ئیتر خوای گەورە لە پاش یوسف هیچ پێغەمبەرێکی تر رەوانە ناکات ئابەو شێوە بەو بەهۆکاری تاوانی خراپ و دۆزەخی خۆتانەوە خوای گەورە سەرتان لێ دەشێوێنێ و گومراتان دەکات هەرکەسێ لە ئێوە کە زیادە رەوی بکات لە تاواندا .

فرعەون داوا لە هامانی وەزیری دەکات کە کۆشکی گەورەی بۆ دروست بکات بۆ مەبەستی بینین و لێکۆڵینەوە لە پەروەردگاری موسا ـ عليه السلام ـ .

فرعەونی ستەم کارو درۆباز کاتێ بینی کەوا معجزەکانی موسا ـ عليه السلام ـ لەگەڵ قسەی پیاوە باوەڕدارەکەدا کاری گەری تەواوی هەیە لەسەر دڵ و فکر و ژیری خەڵکی دەست بەجێ شەیتانی مامۆستا و فێرکەری نەخشەیەکی دۆزەخی نوێی بۆ کێشاو چپاندی بەگوێچکەی فرعەوندا کە باسێکی تازە و نوێ بهێنێتە ناو باسەکانەوە و سەرنجی خەڵکی پێ رابکێشێ ، ئەویش بەوەی کە داوا لە هامانی وەزیری بکات لە قوڕی سورەوەکراو خشت دروست بکات و پاشان لەو خشتە سورەوکراوانە کوشکێکی بەرز و پتەو دروست بکات ، ئەویش بە ئومێدی ئەوەی کە پیایدا سەربکەوێت و بەچاوانی خۆی سەیری خوای موسا بکات و بەباشی لێی بکۆڵێتەوە !!

پاش ئەم قسانە فرعونی خۆ بەزل زان رووی کردە گەل و هەندێک لە کاسەلێس و سەربازە بەکرێ گیراوەکان و پێی وتن : باش ئاگادار بن و دڵنیابن لەوەی کە موسا درۆزنە و راست ناکات لەوەی کە دەڵێت من پێغەمبەرم و لەلایەن خوای گەورە وە هاتووم !! قورئان لەم بارەوە دەفەرموێت :

(وقال فرعون ياايها الملأما عَلِمتُ لكم من إلهٍ غيري فأوقِد لي يا هامان على الطين فاجعل لي صرحاً لَعَلي أطلع إلى إلهِ موسى وإني لأظنهُ من الكاذبين)) (القصص :٣٨)

واتە : فرعەون وتی بەکۆمەڵی پیاوە نزیکەکانی : ئەی گەل و کۆمەڵە کەمن نەم زانیوە لەمەوبەر و تا ئێستاش ئاگادارنیم بەهیچ خواو پەرستراوێکی تر بۆ ئێوە جگە خۆم !!

کەواتە ئەی هامان کورەی ئاگرتاوبدە و خشتی سورەوەکراوم بۆ دروست بکە بەئومێدی ئەوەی کە سەربکەوم بۆ ئاسمان بۆ لای خوا کەی موسا و بگەم پێی ؟! پاشان من بەراستی لام وەهایە و گومان ئەبەم بەوەی کە موسا لە کۆمەڵی درۆزنەکانە !!.

(إبن عباس وقتادة ، دەفەرموێت : فرعەون یەکەم کەس بووە کە خشتی دروست کردووە و بینای بنیادناوە بەخشتی سورەوەکراو)[٢٤]

هەروەها لە سورەتی (غافر)دا دەفەرموێت (وقال فرعون ياهامان ابن لي صرحاً لعلي ابلغ الأسباب* اسباب السموات فأطلعَ إلى إلهِ موسى وإني لأظُنُّهُ كاذباً وكذلك زين لفرعون سُوءَ عَمَلِهِ وصد عن السبيل وما كيد فرعون إلا في تَباب) (غافر : ٣٦ ، ٣٧)

واتە : فرعەون وتی ئەی هامان کۆشکێکی زۆر بەرزی دیار و بەرچاوم بۆ دروست بکە بەڵکو پێی بگەمە رێگا و دەرگای ئاسمانەکان ، ئەوجا بە هۆی ئەوەوە تەماشا بکەم و بگەڕێم تا رێم بکەوێت لەخوای موسا !!

[٢٤] الجامع لأحكام القرآن (قرطبي) ج (١٣) ، ص (٢٨٨) .

وەمن دڵنیام لەوەی کە موسا درۆدەکات و درۆزنە لەوەی کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی خۆی دەکات !! ئابەوجۆرە کردەوەی خراپ و پیسی فرعەون لەبەر چاوی رازێنرابویەوە و جوان کرابوو پاشان بەرگری کرابوو لە وەی کە فرعەون ریَی راست هەڵبژێرێ و رێگەی هیدایەت بگرێتە بەر ، بەڵێ ئەو فێڵ و تەڵەکەیانەی کە فرعەون ئەنجامی دا هیچ بەرهەمێکی نەبوو و خەسارەت مەند بوو .

بەراستی روداو وباسێکی هێجگار سەیر و سەر سوڕهێنەرەکەوا مرۆڤێکی بێدەستەڵات و تەمەن کورت و نەفام ئەوەندە لەخۆی بگۆڕێ و خۆی بەگەورە بزانێ کە خۆی لیَ ببێتە خواو خەڵکی بەوە تیَ بگەیەنێت کە غەیری ئەم هیچ خواو پەرستراوێکی تر نیە لەم بوونەوەرەدا !!

هۆکاری ئەم لادان و سەرپێچی و بەربەرچ دانەوەی پەیامی پێغەمبەرانەش دەگەرێتەوە بۆ زۆر هۆکار کەسەرکی ترینیان ئەمانەن .

١) **شەیتان :** کاری گەری فێڵە جۆراوجۆرەکانی شەیتان ئەوەندە زۆرە لەسەر خودی مرۆڤ کە زۆر بەئاسانی دەتوانێت هەڵیان بخەڵەتێنێ و لە خشتەیان بەرێت و بیان کاتە دووژمنی خوای گەورە و شوێن کەوتوانی (إن الشيطان لكم عدو مبين) !!.

٢) **نەفس :** دووەم هۆکار بۆ دورخستنەوەی بەندەکان لەدین ی پەروەردگاریان بریتیە لە نەفس ی بەدکار و خراپەکاری خۆیان ، چونکە بەردەوام نەفس فەرمان بەمرۆڤ دەکات کە هەوڵی خراپە کاری بدات و بەربەرچی ئاینی حەق بداتەوە و دژی بەندە خواناسەکان بووەستێ . (إن النفس لأمارة بالسوء) !!

٣) **بەرژەوەندی :** سێ هەم هۆکار بۆ لەخشتەبردنی بەندەکان و دوور خستنەوەیان لە پەیامی پەروەردگاریان بریتیە لەبەرژەوەندیە ماددیەکەم و کورتەکانی ژیانی براوەی دنیایان !! بەڵێ ستەم کاران و دوژمنانی خوای گەورە هەرگیز لە بەرژەوەندیياندا نەبووە کە دیندار بن و شوێن پەیامی پێغەمبەران بکەون چونکە :

أ – لە یاسای نەگۆڕ و بڕیار لەسەردراوی خـوای گـەورە داوەهـا یـە کەسـەرجەم مرۆڤەکان یەکسانن و کەسیان لەوی تریان زیاتر نیـە بـەهیچ بەڵگـە و بیانویەکـەوە تەنها بە هۆکـاری تـەقوا و لـەخوا ترسـانیانەوە نـەبێت (إن أکرمکـم عنـد الله أتقاکم)، لەگەڵ ئەمەدا سروشت و قاڵب و رەوشـتی بـێ بـاوەڕان و دەسـتەلات دارە ستەم کارەکان وەهایە کە هـەمووکات و بـەردەوام خۆیـان لـە هـەموو خـەڵک بـە باشتر زانیوە و خەڵکیشیان بـەبێ نـرخ و سـادە و هـاوەڵانی پلـەدوو پلەسـێ تەماشـا کردووە !!؟

ب ـ لـە یاسـای نـەگۆڕی سـەرجەم پەیامـەکانی خـوای گـەورەدا وەهـا بـوو کـە دروست نیە و قەدەغەیەکەوا بەندەیەک بۆ مەبەسـتی بـەرژەوەندی تایبـەتی خـۆی خەڵکانی تر بچەوسێنێتەوە و مافە رەوا و دروستەکانیان بەناهەق بخـوات و کـاری فێڵ بازی و ساختەیان لەگەڵدا بەکار بهێنێت !!

بەڵێ ئەمە یاسای پەروەردگار بووە لەسـەرەتای دنیـاوە تـا رۆژی دوای کـە (إن الله یأمر باالعدل والأحسان وإیتاء ذي القرب وینهی عن الفحشاء و المنکر و البغـي .. .. ..) .

دیسانەوە و بۆ جارێکی تـر ئـەم خاڵـەی باسمـان کـرد هـەرگیز لـە بـەرژەوەندی دەستەلات دارە بێ باوەڕ و ستەم کارەکاندانیە و سەرنجی هەر کام لەو دەستەلات درانە دەدەیت لە سەرتاسەری مێژووی مرۆڤایەتیدا دەبینیت کـەوا دەیـان و سـەدان هـەزار خـەڵکیان کرۆدتـە کۆچـی قوربـانی و هـەنگاویان نـاوە بەسـەر لاشـەو تەرمەکانیاندا و بەسەریدا سەرکەوتوون و مافیان خواردوون و فێڵ یـان لێ کـردوون تا خۆیان گەیاندتە سەر کورسی ستەم و دەستەلات و فەرمان رەوای .

جا شتێکی زۆر ئاشکرا و بەڵگە نەویستە لەلای بێ باوەڕان و دەسـتەلات داران کە دڵنیا بوون لەوەی گەر شوێن پەیامی پێغەمبەران و دینی حەقی پـەروەردگاریان بکەون ئەوە دەبێت دەست لە دزی و خواردنی مـاڵی میللـەت بەناهـەق و کوشـتنی خەڵکی بێ تاوان و ئازاردانی ناهەقی بێ تاوانان و داوێن پیسی و کـاری سـوخۆری

و فێڵ و تەڵەکەبازی و سەرجەم کاروکردەوەی خراپ هەڵبگرن و شوێن حەق بکەون و تەواوی ئەو هەموو مافانە بدەن کەلەسەر شانیانە لەبەرامبەر بەخەڵکی !!
بێ گومان ئەم خاڵە هەرگیزا و هەریگز لە سوود و بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی ئەم جۆرە کەسانە نیە لەبەر ئەوە کارێکی ئاساییە کە دژی خوا بێت ، دژی پێغەمبەران بێت ، باوەڕداران بکوژێت و لە بەندی خانە تاریکەکانیان توند بکات و ئازاریان بدات .

٤) **خۆ بەزل زانی :** کاری گەرترین هۆکار لەو هۆکارانەی کە دەبێتە بەر بەست لەبەردەم بەمل کەچ نەکردنی بەندەکان بۆ پەروەردگاریان بریتیە لە نەخۆشی خۆبەزل زانی و (تکبر) چونکە لە ناخی مرۆڤی خۆبەزل زاندا ئەوە دروست دەبێت کە بەردەوام خۆی بە باشترین کەسبزانێ و سەرجەم کردەوەکانی بە راست تەماشا بکات و لایەن و جەمسەری بەرامبەریش بەهەڵە و کەم و کورت !!
(الکبر بطر الحق و غمط الناس) رواه مسلم .
واتە : خۆبەزل زانی بریتیە لەبەرپەرچ دانەوەی راستی و بەکەم سەیرکردنی خەڵکی !!.

٥) **تاوانی زۆر :** یەکێکی تر لەو هۆکارەکاری گەرانە کە دەبێتە هۆی دورخستنەوەی بەندەکان لە دینی خوای گەورەیان بریتیە لە ئەنجام دانی تاوانی زۆر ، بەڵێ تاوانی زۆرە کە دەبێتە مۆری رەشی پەروەردگار و دەنرێت بەسەر دڵ و چاوو گوێچکەکاندا (ختم الله علی قلوبهم و علی سمعهم وعلی أبصارهم غشاوة ولهم عذاب عظیم).
بەڵێ پاش ئەوەی کە فرعەونی ستەم کار داوای لەهامانی وەزیری کرد کە هەڵبسێت بە ئەنجام دان و دروست کردنی کۆشکێک ی بەرز و پتەو بۆ مەبەستی سەرکەوتن پیایدا و لێ کۆڵینەوە و سەیر کردنی خواکەی موسا ، دەست بەجێ و بۆ جارێکی تر پیاوە باوەڕدارە کە دەستی کردەوە بە وتە و ئامۆژگاریە گرنگ و دڵسۆزانە و بەنرخەکانی و رووی کردەوە گەلەکەی و فەرمووی :

(.. .. ياقومِ اتبعونِ أهديكم سبيل الرشاد * ياقوم إنما هذه الحياة الدنيا متاع وإن الأخرة هي دار القرار * من عمل سيئةً فلا يجزى إلا مثلها ومن عمل صالحاً من ذكرٍ أو أنثى وهو مؤمنٌ فأولئك يدخلون الجنة يرزقون بغير حساب)

(غافر : ٣٨ ، ٤٠) .

واتە : ئەی گەلەکەم شوێن من بکەون و بەقسەم بکەن ڕێنمایتان دەکەم بۆ ڕێگەی ڕاست و ڕێگەی حەق و سەرفرازیتان نیشان دەدەم ، ئەی گەلەکەم بەراستی ژیانی دنیا هیچ نیە جگە لە خۆشی و لەزەتێکی کورت !! بەڵام بەراستی هەر ڕۆژی دوای قەرارگاو جێگا و شوێنی مانەوەیە ، کەواتە هەرکەس کردەوەی خراپ ئەنجام بدات هیچ سزانادرێت مەگەر بە ئەندازەی کردەوەکەی نەبێت ، بەڵام هەر کەسێ کردەوەی چاکێ ئەنجام بدات (جانێر بێت یان مێ) بەمەرجێ ئیمان و باوەڕێکی ڕاست و ڕەوانی هەبێت ئەوە پاداشتیان بریتی دەبێت لەبەهەشت و دەچنە ناویەوە و رزق و ڕۆزی یان دەدرێتێ بەبێ حساب و ئەندازە و بێ هاوکێشی کردەوەکانیان .

دوا بەدوای ئەم زنجیرە ئامۆژگاریە وەکێ شێوە گلەیی لێ کردنێکێ رووی کردەوە گەلەکەی و پێ‌ی فەرموون : (ئەی گەلە خۆشەویستەکەم سەرم سوڕماوە لەوەی کە من ئێوە بانگێ دەکەم بۆ بەهەشت و ڕەزامەندی خوای گەورە !! کەچی ئێوە من بانگێ دەکەن بۆ دۆزەخ و رقی پەروەردگار !! بانگم دەکەن کەبێ باوەڕی دەرببڕم لەبەر دەم پەروەردگارمدا و هاوەڵی بۆ بڕیار بدەم !! لە بەرامبەر ئەوەی کە من بانگتان دەکەم بۆ لای پەروەردگارێکی بەدەستەڵات کە خاوەنی سیفەتی لێ بوردن و لێ خۆش بوونە لەبەندەکان لەبەرامبەر بەتاوان و هەڵەکانیان !!!!؟!

پاشان ئەوەی ئێوە ئەیڵێن کە ئەم بتانە شتیان بەدەستەو پەرستنیان سودی هەیە ڕاست نیە و دورە لەجەوهەر و ناوەڕۆکی مەسەلەکان ، ئەوەی کە ئێوە من بانگێ دەکەن بۆ لای کە کڕنوشی بۆ بەرم و بیپەرستم و بەخوای بزانم هیچیان بەدەست نیە و بێ دەستەڵاتن و زۆر بێ نرخ و بێ کێشن چ لەدنیا و چ لەدوارۆژدا ، کەواتە باش ئاگادار بن و دڵنیا ببن کە گەڕانەوە تەنها بۆ لای ئەوزاتە بەرز و بێ

هاوتایەیەکەناوی (الله) یە ، وە ئەوکەسانەی کە زیادەڕەوی دەکەن لەتاوان و خراپەکاریدا ئەوە دەبنە هاوڕێی دۆزەخ و دەچنە ناویەوە .

ئەوجا لەمەوپاش و لەکاتی هاتن و بینین و گەیشتنی سزاکانی خوای گەورە بۆ سەرتان بیردەکەنەوە لەم وتەو پەندو ئاکۆژگاریانەی کە ئێستا و لەم کاتەدا پێتانی رادەگەیەنم ، ئەوەش بزانن کە من ئەوەی لەسەرم بوو پێم راگەیاند و بەباشی بۆم رون کردنەوە ، پاشان بزانن کەمن سەرجەم کار و کردەوەکانی خۆم تەسلیمی خوای گەورە دەکەم ، خۆم دەدەمە دەست قەدەری خوای گەورە و تەنها پشت هەر بەو دەبەستم و تەنها داوای کۆمەک و یارمەتی هەر لەو دەکەم و لەم ساتەوە پەیوەندی و خۆشەویستی خۆم لەگەڵ ئێوە دەپچڕێنم و خوای گەورەش چاوی قودرەتی لە بەندەکانیەتی و بینایە پێیان !! قورئان لەم بارەوە دەفەرموێت :

(وياقوم مالي أدعوكم إلى النجاة وتدعونني إلى النار * تدعونني لأكفر بالله وأشرك به ماليس لي به علم وأنا أدعوكم إلى العزيز الغفار * لاجرَم أنما تدعونني إليه ليس له دعوة في الدنيا ولا في الأخرة وأن مردنا إلى الله وأن المسرفين هم أصحاب النار * فستذكرون ما أقول لكم وأفوض أمري إلى الله إن الله بصير بالعباد)

(غافر : ٤١ ، ٤٤)

بەڵێ ئا بەم جۆرە ئەو پیاوە باوەڕدارە باوەڕی بەرز و پۆڵاینی خۆی لەبەردەم فرعەون و گەلەکەیدا ئاشکرا کردوو سەرجەم ئەو حەقیقەتانەی لا ئاشکرا کردن کە چەند ساڵ بوو لێی غافڵ و بێ ئاگا بوون .

فرعەون بەبێ رێز موسا ـ علیه السلام ـ نیشانی خەڵکی دەدات و وەسفی دەکات !!

فرعەون زنجیرەیەک دۆڕان و رسوا بوون ی یەک لەدوایەکی بەسەر داهات لەلایەن موساوە ـ علیه السلام ـ پاشان سەیری کردوو سەرنجی داکەوا خەڵکی ولاتەکەی بەگشتی و بەنی ئیسرائیل یەکان بە تایبەتی رۆژ لەدوای رۆژ پشت گیری لەموساو بانگەوازەکەی دەکەن و دژی فرعەون و دار و دەستەکەی دەبن !! لەم کاتەدا

هەڵسا بەدۆزینەوەی رێگەیەکی‌نوێ و تازە بـۆ مەبەستی بێ رێـز کردنـی موسـا و دورخستنەوەی خەڵکی لە بانگەوازەکەی ، ئەویش بەوەی کە هەڵسا بە کۆکردنەوەو خڕ کردنەوەی خەڵکی میصر و قسەبۆکردنیان لەدەربارەی دەستەڵات و دەوڵـەتداری و چاکی و باشی خۆی و هەژاری و کەم وکوڕی موساوە ، پاشان پێی وتن :

(ئـەی گەلەکـەم !! ئایـا موڵـکێ و دەسـتەڵات و خـاوەنداری ئـەم وڵاتـە کـە (میـصرە) هی من نیە و خـۆم خـاوەنداری نیـم ؟!! ئایـا نـابینن کـەوا ئـەم هـەموو روبارە جوان و دڵ و رفێنە بەژێر کۆشکێ و تەلاری منـدا دەڕوات و دەچێـت ؟! ئایـا من باشتر نیم لە موسـایەکێ کـە زۆر بـێ نـرخ و کـەم و هـەژارو بـێ دەسـتەڵاتە و خاوەنی هیچ دەستەڵات و پارە و سـامانێکێ نیە ؟!! ئایا من باشتر و چاکترنینم لـە موسایەکێ کە رەنگە نەتوانێت قسە بەباشی بکات و ئـەوەی دەیـەوێت بـۆ خـەڵکی روون بکاتەوە ؟!

پاشان ئەی خەڵکینـە بـاش بـیر بکەنـەوە !! کـە ئەگـەر موسـا ـ الطَّيْلاَ ـ راسـت دەکات و دەڵێت من نێردراوم لەلایەن خواوە بانیشـانەی گـەورەیی و دەسـتەڵات و دەوڵەت و سەڵتەنەت و خۆشی جیهانی ببوایە ؟!

بەم جۆرە با موسا بازن و بازووبەندی ئاڵتونی بکرایەتە دەست و قۆڵـی ، پاشـان تەوقی ئاڵتون بکرایە گەردنی ؟!

گەر موسا راست دەکات و رەوانەکراوی خوایە دەباکۆمەڵێکێ فریشتەی لەگـەڵدا بهاتایەو هاوسەری و کۆمەکی و یارمەتیان بدایا لەکارەکەیدا و تەسدیقیان بکردایە !! و شـایەتیان بـۆ بدیـە کـە رەوانـەکراوی خوایـە بـۆ سـەرزەوی و پێغەمبـەرە !!!؟

قورئان لەم بارەوە دەفەرموێت :

(ونادى فرعون في قومِهِ قالَ ياقوم اليس لي ملك مصر وهذه الأنهار تجـــري من تحتيَ أفلا تبصرون ؟* أم أنا خير من هذا الذي هو مهينٌ ولا يكاد يبين * فلـولا القي عليه اسورة من ذهب أو جاء معه الملائكة مقترنين !!) (الزخرف : ٥١ ، ٥٣) .

قرطبي دەفەرموێت : مەبەسـتی فرعـەون لـە (ملـکێ مصـر) بریتـی بـووە لـە (ألأسكندرية)، پاشان مەبەست پێی (أنهار تجري من تحـــتي) بریتـی بـووە لـە

دەریای نیل) یان چوار دەریاری بەناوبانگی تر کە برتیی بوون لە (نــهر الملـك)، نهر طولون، نهر دمیاط ، نهر تنيس).

پاشان بەشێوەیەکی تر تەفسیری ئەو وتەیەی فرعەونی لێك داوەتەوەکە قورئـان دەفەرموێت لەسەر زمانی فرعەونەوە (وهذه الأنهار تجري من تحت لوائي) .

واتە : ئەو سەربازو دەستەلات دار و کەسە بەهێزانە دەجولێنەوە لـە ژێـر ئـالا و فەرمانی مندا) .[25]

زانای پایەبەرز (سدی) لە تەفسـیری (لا یکـادیبین) دادەفـەرموێت (أي لایکاد یفهم)[26] بـەو مانایـەی کـە یـەکێ لـە عـەیب و کـەم و کورپـەکانی موسـا ئەوەیە کە تێ ناگات و نەماوە ؟!!

(إبـــن مســـــعود) (رەزای پـەروەردگار لەســەر بێــت) لــە تەفسـیری (ولایکادیبین) دا دەفەرموێت :

(قال فرعون ذلك افتراءً على موسى وتنقيصاً له عليه السلام في أعين النـــاس ، باعتبار ماكان في لسانه من من عقدةٍ ولكن الله أذهبها عنه بدعائه (واحلل عقيدة من لساني * يفقه قولي) (طه :٢٧،٢٨)

واتە : کاتی فرعەون ئەمەی وت : یەکێکی تر بوو لە درۆ هەڵبەسـتراوەکانی بـۆ موسـا ـ عليه السلام ـ و بەکـەم دانـان و دۆزینـەوەی کـەم و کـوڕی لێی لەبـەر چـاوی خەڵکیدا ، بە شێوەیەك و لە کـاتێکدا لەسـەر زمـانی موسا ـ عليه السلام ـ گرێو گۆڵـە نەبووە و لەکاتی قسەکردندا زمانی نەی گرتووە ، چونکە خوای گەورە ئەو گرێیەی سەر زمانی موسای لابـرد بـەهۆکاری دوعاکەیـەوە کـە کردنـی و فـەرمووی : ئـەی پەروەردگارم زمـان پاراوم بکـەیت هـەتاوەکو خـەڵکی بەباشـی لـە قسـەکانم تـێ بگەن).[27]

[25] الجامع لأحكام القرآن (قرطبي) ج (١٦) ، ص (٩٨) .
[26] تفسير القرآن العظيم (إبن كثير) ج(٤) ، ص (١٤٠) .
[27] تفسير أبي مسعود ، ج (٥) ، ص (٤٦).

هەروەها (قرطبي) ڕەحمەتی خوای گەورەی لیْ بێت لە تەفسیری (أوجاء معه الملائكة مقترنين) دا دەفەرموێت :

(وذكر فرعون الملائكة حكاية عن لفظ موسى ، لأنه لا يؤمن بالملائكة من لا يعرف خالقهم)[28]

واتە : کاتی فرعەون باسی مەلائکەتی کرد تەنها ئەوە بوو کە وەک گاڵتە پێکردنێک و گێڕانەوەی بەسەرهاتێک لە زمانی موساوە دوا ، چونکە ئەوەی باوەڕی بەدروست کەر و بەدی هێنەری مەلائکەت نەبێت ئەوە بێ گومان باوەڕیشی بە مەلائکەت نابێت !!

بەڵێ پاش ئەوەی کە فرعەونی ستەم کارو بێ باوەڕ لەووتە بێ نرخ و ناتەواوەکانی بویەوە ، دەست بەجێ گەلە بێ ئاگا و نەفامەکەی باوەڕیان پێکردوو گوێڕایەڵیی سەرجەم فەرمانەکانی بوون، ئەویش واتە فرعەون ئەم هەڵوێستەی گەلەکەی کردە هۆکاری بێ ڕێزکردن و بێ قیمەت کردن و سەخیف کردنیان هەروەک قورئان دەفەرموێت :

(فاستخف قومه فأطاعوه إنهم كانوا قوماً فاسقين) (الزخرف : ٥٤)

واتە : فرعەون گەلەکەی خۆی بێ ڕێزکرد ، ئەویش بەهۆکاری ئەوەی کە گوێ ڕایەڵیان دەکرد لەسەر جەم کاتەکاندا !! بەڕاستی گەلێکی لەفەرمان دەرچوو و بێ مێشک بوون !!

سید قطب لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت :

(وإستخاف للجماهيرأمر لاغرابة فيه ، فهم يعزلون الجماهير أولاً عن كل سبل المعرفة ويحجبون عنهم الحقائق حتى ينسوها)[29]

واتە : چاوبەست کردن و هەڵخەڵەتاندن و بێڕێز کردنی جەماوەر وو خەڵکی لەلایەن سەرکەشان و ستەم کارانەوە شتێکی سەر سوڕهێنەر نیە !! چونکە سروشت و کاری سەرەکی ئەم جۆرە فەرمان ڕەوا ستەم کارانە وەهایە کە خەڵکی ژێر

---

[28] الجامع لأحكام القرآن (قرطبي) ، ج (١٦) ، ص (١٠١) .

[29] في ظلال القرآن (شهيد الأسلام سيد قطب) ج (٧) ، ص (٣٤٠) .

دەستەلاتیان دوور دەخەنەوە لەزانین و سەرجەم بوارە فێرکاریەکان ، پاشان راستیەکانیان لێ دەشارنەوە و پەردەی دەدەن بەسەردا هەتا لە بیریان دەچێتەوە راستی لەکوێ وەیە !!

(داواکاری موسا لە خوای گەورە بەناردنی سزا و بەڵاو ناڕەحەتی بۆ فرعەون و شوێن کەوتوانی . . .

ئامۆژگاری و یادهێنانەوە وترساندن و معجزات ی موسا ـ عليه السلام ـ هیچ کارێکی لەدڵی رەق ی فرعەون نەکردوو رۆژ بەرۆژ زیاتر بێ باوەڕ دەبوو و دەبووە بەربەست لەبەردەم بانگەوازەکەی موسادا و ئازار دانی باوەڕداران بەماددی و مەعنەوی !! لەم کاتەدا موسا رووی پاك و پڕ لە غەمی کردە پەروەردگاری و زۆر بەتوندی دووعای کرد لە فرعەون و ماڵ و سامان و دەستەلاتی و فەرمووی (ئەی پەروەردگارم تۆبەخشیوتە بە فرعەون و دەستەلات دارە خۆبەزل زانەکەی چواردەوری کە هەمیشە خەریکی کاسەلێسی ن بۆ فرعەون کە خاوەنی ئاڵتون و ماڵ و دەستەلات و سەرجەم پێویستیەکانی ژیانی دنیان ، ئەی پەروەردگارم خۆت باش ئاگاداریت لەوەی کە فرعەون و سەربازەکانی ئەو نعمەت و پار و ئاڵتونەی کە تۆ پێت داون لە پێناوی خێر و چاکە دابەکاری ناهێنن !! بەڵکو لە پێناوی بەرپاکردنی فەسادوو بەدرەوشتی و دروست کردنی بەربەست لەبەردەم بانگەوازی تۆو دورخستنەوەی خەڵکی لە پەرستشی تۆدا بەکاری دەهێنن و سەرفی دەکەن !!

ئەی پەروەردگارم خۆیان و ماڵ و سامانیان لەناو بەرەیت و هیچیان نەهێڵی ، پاشان مۆری خۆت بنێ بەسەر دڵەکانیانەوە زیاتر رەقی بکە و رەش هەڵگەڕاوی بکە تا ئەو پلەیەی کە دەگەنە ئاستێك باوەڕ ناهێنن و بەکافری دەمرن و سزاسەخت و سوتێنەرەکانی تۆ بە چاوانیان دەبینن .. ..))

خوای گەورە باسی ئەم چەند داواکاریەی موسامان ـ عليه السلام ـ بۆ دەکات و دەفەرموێت :

(وقال موسى ربنا إنك أتيت فرعون وملآه زينة وأموالاً في الحياة الدنيا ربنا ليضلو عن سبيلك ربنا اطمس على أموالهم واشدد على قلوبهم فلائؤمنوا حتى يروا العذاب الأليم) (يونس : ٨٨) .

له پاشاندا خوای گەورە وەڵامی داواکاریەکەی موسای دایەوە و پەسەندی کردوو پێی فەرموو :

(قال قد أجيبت دعوتكما فاستقيما ولا تتبعان سبيل الذين لا يعلمون) (يونس : ٨٩)

واتە : بەراستی نزاکەتان (واتە موساو هارون) وەرگیرا و پەسەند کرا و رێگەی راست بگرن و شوێن رێباز و رێچکەی ئەوانە مەکەون کە نەزان و نەفامن .

وەڵامی داواکاریەکەی موسا و ناردنی چەند سزایەك لەلایەن خوای گەورە وەبۆ فرعەون گەلە نەفامەکەی .

خوای گەورە زۆر بە باشی ئاگاداری دڵی پڕ غەم و ناڕەحەتی موسایە وەدەزانێت کە بە چ دڵ و هەست و نەستێکەوە دووعای لەناوبردن و تیاچوون لەفرعەون و گەلە سەرکەش و نەفامەکەی دەکات و لەگەڵ ئەوەشدا باش ئاگاداری حاڵی فرعەونی ستەم کار و گەلەبەدکارەکەیەتی و کەهەڵوێستیان چەندە دۆزەخی و خراپە لەبەرامبەر بەموسا و پەیامەکەی !!

بەڵێ وورده ورده و لەکەم کاتەدا لە بری دابەزینی بەرەکەت و رەحمەت و رزق و خێر و خۆشی خوای گەورە بۆ ئەم گەلەستەم کارە لەعنەت و ناڕەحەتی و قات و قڕی و بێ بەرەکەتی و غەزەبیان بۆ ببارێنە سەر زەوی !!

پاشان خوای گەورە رای گەیاند بە موسا ـ عليه السلام ـ کە رای بگەیەنێت بە فرعەون و گەلەکەی کەوا دووچاری سزای سەختیی دنیایی خوای گەورە دەبن و ژیانیان ناڕەحەت دەبێت و هیچ یەکێکیشیان توانای خۆلادان و خۆدەربازکردنی نابێت لێی، وە ئەم سزایەش پاداشتی ئەو زنجیرە لادان و سەر پێچییەکەبەردەوام لەگەڵ موساو پەیامەکەیدا بە کاری دەهێنن و بەرپەرچی دەدەنەوە و بەدرۆزن و ساختەکار و جادووبازی دەزانن .

مەبەست لەم سزادانەش چەند خاڵێکی سەرەکی بوو کە بریتیتن لە :

١)هۆشیاربوونەوە و بەئاگا هاتنەوەی ئەو گەلە بەدکارە لە دەستەڵات و سزای سەختی خوای گەورە .

٢) بۆ مەبەستی باوەڕ هێنانیان بە موسا و معجزاتەکانی .

٣) بۆ دەست هەڵگرتنیان لە تاوان و پەیوەست بوون بە داوێن پاکی و ئەنجام دانی کاری خواناسی.

٤)بۆ ئەوە مەبەستەی کە (فرعەون) گەلی (بەنی ئیسرائیل) ئازاد بکات و لەگەڵ موسادا بیان نێرێت و لەمیصرە دەربچن و سەربەست بن و ژێر دەستەنەبن [30]

خوای گەورە لە بارەی سزای خۆی بۆ ئەم گەلەبەدکارە دەفەرموێت :

(ولقد أخذنا ءال فرعون بالسنين ونقص من الثمرات لعلهم يذكرون * فاءذا جاءهم الحسنة قالوا لنا هذه وإن تصبهم سيئة يطيروا بموسى ومن معه ألا إنما طائرهم عندالله ولكن أكثرهم لايعلمون * وقالوا مهما تأتنابهِ من ءايةٍ لنسحرنابها فما نحن لك بمؤمنين * فأرسلنا عليهم الطوفان والجراد والقمل و الضفادع والدم ءايات مفصلات فاستكبروا وكانوا قوماً مجرمين) (الأعراف :١٣٠ :١٣٣) .

واتە : سوێند بێت بە پەروەردگار قەهر و غەزەبمان گرت لەگەڵ و دارودەستەکەی فرعەون و سزامان دان بە ساڵانی گرانی و قات و قڕی و کەم و کوڕی لە بەروبووم و میوەهاتدا بۆ ئەو مەبەستەی کە بیربکەنەوە و بەخۆیاندا بچنەوە ، پاشان گەرتووشی چاکە و خێر و هەرزانی فراوانی لەرۆزیدا ببونایە ئەوە دەیان وت ئێمە شیاوی ئەوەین کە تووشی ئەم هەموو خێرە بوویین !! بەڵام کاتێ توشی خراپە و ناڕەحەتی و گرفتێک ببونایە ئەوە رەش بینیخۆیان لەبەرامبەر بە موسا و شوێن کەوتوانی دەردەبڕی و ئەوا نیان دەکردە هۆکار بۆ رودانی ئەو کارەساتەی کەبەسەریاندا هاتووە ، بەڵام لەهەمان کاتدا نەیان دەزانی کەوا ئەوەی

---

[30] قصص الأنبياء (عبدالوهاب نجار) ص (١٩٧)

بەسەریان دێت هەمووی لەلایەن خوای گەورەوە یە بەڵام زۆرێک لەوان نازانن و هەست بەم راستیە ناکەن !!

پاشان ئەم گەلە بەدکارە بەموسایان دەوت : هەر چەندە تۆ بەڵگە و نیشانەی گەورە و زۆر بهێنێت بۆ ئەوەی کە جادوومان لێ بکەیت و شوێنت بکەوین و باوەڕت پێ بهێنین ئەوە دڵنیابە لەوەی کە باوەڕت پێ ناهێنین و شوێن ناکەوین !!

پاشان بەهۆی ئەو سەرکەشی و پشت هەڵکردنەیانەوە ناردمان و رشتمان بەسەریاندا بارانێکی زۆر کە سودی لێ وەرنەگرن و کشت و کاڵ و زەوی شوێن گاکانیان ژێر ئاو بکەوێت !!

پاشان کوللەمان بۆ ناردن ، هەروەها کرمان نارد بۆ بەرووبووم و دانەوێڵەیان !! ئەو جا بۆقمان نارده ناویان لەگەڵ خوێندا ، ئەمانە چەند بەڵگەیەکی زۆر روون و ئاشکرا بوون بۆ ئەم گەلە ، بەڵام هەڵوێستی ئەوان لەبەرامبەر ئەم بەڵگە و معجزە گەورانەدا تەنها بریتی بوو لەوەی کە خۆیان بەزل زانی و مل یان نەدا بۆ حەق !! بەراستی گەلێکی ستەم کار بوون .

روون کردنەوەیەك دەربارەی ئەم سزایە :

بێگومان زانایان لە دەربارەی ئەو سزایانەی کە خوای گەورە ناردی بۆ فرعەون و گەلەکەی راو بۆچونی جیاوازیان هەیە و بەچەند جۆرێک راڤەیان کردووە و لێکیان داوەتەوە .

سزاکانی خوای گەورە بۆ ئەم گەلە بەدکارە چەند شتێک بوو کە پێکهاتبوون لە (طوفان ، کوللە ، ئەسپێ ، بۆق ، خوێن) !!

(إبن عباس) لە دەربارەی (الطوفان) ەوە دەفەرموێت (الأمطار المغرقة المتلفة للزروع والثمار .. ..)[31]

[31] تفسير القرآن العظيم (إبن كثير) ج (٢) ، ص (٢٥٠) .

واتە : طوفــان بریتییە لـە بـارانێکی بـەهێزی خنکێنـەر و تێـک شـکێنەری کشتوکاڵ و بەروو بوومیان .

هەروەها (إبن عبــاس) لـە ریوایـەتێکی تـردا لـە دەربـارەی (الطوفــان)ەوە دەفەرموێت :

(کثیرة الموت) .

واتە : توفان بەمانای زۆری مردن .

بەڵێ خوای گـەورە بـۆ بـە هـۆش هێنانـەوەی ئـەم گەلـە بـەدکار و سـتەمکارە بارانێکی زۆری بێسوودی بۆ ناردن کە سەرجەم بەرووبووم و کشتوکاڵیان تیا بچێـت و بێ بەرهەم بێت و خێردار نەبێت !! کە بێ گومان ئەم حاڵەتە گرانی و قات و قڕی لێ کەوتەوە و پەیدا بوو هـەروەک لـە ئایـەتی پێـش ئـەم ئایتـەدا ئامـاژە بـۆ ئـەم راستیەدەکات و دەفەرموێت : (ونقص من الثمرات) .

یەکێکی تر لە سزاکانی خوای گەورە بۆ فرعەون و گەلە سـتەم کارەکـەی بریتـی بوو لە (الجراد) بەواتای (کوللە) ، ئەمیش بەشێوەیەکی وەها خوای گەورە کردی بەسەریانەوە کە رێژەیەکی زۆر لە کوللەی بۆناردن و کردیە غــەزەب و هۆکـاری بـێ بەرهەمی لەبەرووبوم و خۆراکیاندا .

سێهەمین سزای خوای گەورە لەدوای (وطوفان و کوللــــــە) بـۆ ئـەم گەلـە پشت لەخوایە بریتی بوو لە (القمل) کە بە واتـای ئەسـپێ و سـن و کـرم دێـت ، ئەمیش بریتی بوو لە یەکێکی تر لــە سزا سـەختە دنیاییـەکانی خوای گـەورە کـە ئەسپێ و سن و کرمــی لەبـەروبوم و دانەوێڵـەیاندا پـەیدا کـردوو بەهـەمان شێوەی سزاکانی تر ئەمیش بوو بەهۆکاری گرانی و بێ بەرووبوومـی .

چوارەمین سزای خوای گەورە بۆ فرعەون و دارو دەستەو گەلەکەی بریتیـی بـوو لە (الضفادع) کە ئەمیشیان بەمانای (بۆق دێت) ئەم جۆرە سزایە بریتــی بـوو لەوەی کە خوای گەورە ژمارەیەکی بێ سنوور بۆقی بۆ ناردن کەژیانیان لێ نـاخۆش بکات ، ئەویش بەو شێوەی کـە نـاو کاسـەو کـەوچک و گیرفـان و مـاڵ و سـەرجەم

شتەکانی تریان پڕ بوو بوون لە (بۆق) و ئەوانیش نەیان دەزانی کەوا بە چ شێوەیەک خۆیان لەو ژمارە (بۆقە زۆرە) رزگار بکەن ؟!
پێنجەمین سزای خوای گەورە بۆ ئەم گەلە تاوان خوازە بریتی بوو لە (الدم) کە بە واتای (خوێن) دێت !! ئەویش بەوەی کە خوای گەورە ئەوەندە غەزەب و رقی خۆی دابەزاند بەسەر فرعەون و گەلەکەیدا کە سزای دەرونی دان بەگۆڕینی رەنگ وشێوەی سەرجەم سەرچاوەی ئاوەپاک و سازگارەکان بەخوێن !! بەڵێ بەخوێن کاتێ هەڵدەستان ئاویان لەبیروکانیاوەکانەوە دەهێنا دەست بەجێ روخسار و شێوازی ئاوەکە لە ئاوەوە دەگۆڕا بۆ خوێن !! کە ئەمەشە گەورە ترین سزا یە بۆ سەردەروون و ناخی مرۆڤ !!
(خاوەنی تەفسیری (المقتطف) لە تەفسیری سزای (الدم) دا دەفەرموێت :
(أكثر أهل التفسير المأثور أنه في حياة المصريين ، يقال : صارت مياه مصرجميعها دماً عبيطاً ، ومات السمك فيها ، و لم يستطيع المصريون أن يشربوا فيها ..)[32]
واتە : زۆربەی زۆری زانایانی تەفسیر دەڵێن ئەو خوێنە لە ناو ئاووی مصریەکاندا بوو، تا ئەوپلەیەی کە دەڵێن ، سەرجەم ئاوەکانی (مصر) بوون بە خوێن و پاشان ماسیەکان بە هۆکاری ئەو خوێنەوە مردن لە ناو ئاوەکاندا ، هەروەها مصریەکان نەیان دەتوانی کە لەو ئاوانە بخۆنەوە .
هەروەها خوای گەورە لە سورەتی (ألاسراء)دا باس لەم روداوە دەکات و دەفەرموێت :
(ولقد آتينا موسى تسع آيات بينات فاسأل بني اسرائيل إذ جاءهم فقال له فرعون أني لأظنك يا موسى مسحوراً * قال لقد علمت ما أنزل هؤلاء إلارب السموات والأرض بصائر و إني لا ظنك يا فرعون مثبوراً) (الأسراء : ١٠١ ، ١٠٢).

[32] تفير المقتطف (مصطفى خرمدل) ص (٢٧٩) .

واتە : بەخشیمان بە موسا (نۆ) معجزە و بەڵگەی روون و ئاشکرا وە و رووی کردە فرعەون و داخوازی ئەوەی لێ کرد کە بەنی ئیسرائیلیەکان ئازاد بکات، ئەو جا فرعەون لە بەرامبەر بەم داواکاریەدا و وتی ئەی موسا من وا گومان دەبەم کە تۆ جادووت لێ کرابێت !! و ژیریت تێک چوو بێت و لەسەر خۆی نەما بێت !! پاشان موسا ـ ﷺ ـ بەرپەرچی ئەم قسە بێناوەڕۆکەی فرعەونی دایەوە و فەرمووی :

(ئەی فرعەون تۆ دڵنیاییت و باش دەزانیت کەوا ئەم بەڵگە و معجزانە لەلایەن هیچ کەسێکەوە نەهێنراوە و تەنها پەروەردگاری ئاسمانەکان زەوی دای بەزاندووە کە ئێوە هەموو بە ئاشکرا بە چاوانی خۆتان دەیان بینن !! هەروەها ئەی فیرعەون وا گومان دەبەم کە تۆ بە هیلاک دادەچیت و سەر شۆڕ و کەم نرخ دەبیت .

بێگومان ئەو (٩) معجزەی کە خوای گەورە ئاماژەی بۆ دەکات بریتین لە :

١) سزادانیان بە سالانی گرانی و قات و قڕی (القحط و الجدب)

٢) کەم بەرهەمی لەدار و درەخت و بەربووبوومی دانەوێڵەدا (النقص من الثمرات) .

٣) زۆری بارانی بێ سوود و دروست بوونی (طوفان) کە لەوە و پێش باسمان کرد .

٤) ناردنی ڕێژەیەکی زۆر لە کوللە بۆ سەر خۆیان و بەروو بومیان (الجراد).

٥) ناردنی ژمارەیەکی کەم وێنە لە سن و ئەسپێ و حەشەری زیان بەخش بۆ دانەوێڵە و چێنراوەکانیان (القمل).

٦) ناردنی ژمارەیەکی زۆر لە بۆق بۆ ناو گیرفان و قاپ و کەوچک و سەرجەم جێگا و شوێنەکانیان (الضفادع).

٧) گۆرینی ئاوە سازگارەکان بەخوێن ، ئەمیش بۆ زیاتر ماندووکردن و سزادانیان لە دەروونەوە (الدم).

٨) پێبەخشینی دار (عصا) به موسا ـ ﷺ ـ کە فڕێی دەدا بە فەرمانی خوای گەورە دەبوو بو مارێکی زیندوو (العصا) ، کە بێگومان ئەمەش یەکێکی تر بوو لە معجزەکانی مووسا کە پیشانی فرعەون و گەلە ستەم کارەکەیدا .

٩) دروست کردن بە باخەڵیدا و دەرهێنانەوەی بەسپێتی کە هەروەک لە باسەکانی پێشوودا باسمان کرد)[٣٣]

هەڵوێستی فرعەون و گەلە بەدکارەکەی لەبەردەم ئەم سزایانەدا

ئاخۆ دەبێت کەسێک کەشەیتان رێگەی ژیانی بۆ دیاری بکات و مامۆستای بێت هەڵوێستی چۆن بێت لەبەردەم پێغەمبەران و پەیامە ئاسمانیەکاندا ؟!!

گەر کەسێک هەموو تەمەنی ژیانی لە تاوان و سەرپێچی دا برد بێتە سەر ئاخۆ دەبێت دڵی چەندە رەق و رەش بوو بێت و هەڵوێستی چەندە ناشرین و بێزراوبێت لەبەرامبەر بە ئامۆژگاریەکانی خوای گەورە !؟؟

بەڵێ گەر هەر لەم روانگەیەوە بڕوانینە سەرجەم ژیانی پڕ تاوان و رەش و دۆزەخی فرعەون ئەوە زۆر بە روون و ئاشکرا هەڵوێستی خۆی و گەلە بەدڕەفتارەکەیمان بۆ دەردەکەوێت و دەزانین کەوا لە غەیری بەدرۆخستنەوە و بەکەم سەیر کردنی موسا و پەیام و سەرجەم معجزە و بەڵگەکانی هیچ شتێکی تر هەڵوێستیان نەبووە !!

پاشان گەر سەرنجێکی قورئانیش بدەین ئەوە لە زۆرێک لە ئایەتەکاندا و هەر جارەی بەشێوەیەک پەردەیەک لە پەردە رەشەکانی هەڵوێستی فرعەونمان بۆ هەڵدەداتەوە و بۆمانی ئاشکرا دەکات کە چۆن فرعەون و گەلە ستەم کارەکەی لەسەرتای هەرسزایەک دا هەڵوێستیان بریتی بووە لە پاڕانەوە و لالانەوە لە موسا بەوەی کە داوا لە پەروەردگاری !! بکات لەسەریان لای بەرێت ، بەڵام بەلابردنی ئەو هەریەک لەو سزایانە دەست بەجێ فرعەون و گەلە ستەم کارەکەی دەچوونە

---

[٣٣] النبوة والأنبياء (محمد علی الصابوني) ص (١٩٠ ، ١٩١) .

سەر بێباوەڕی و ئەنجام دانی کاری چەپەڵ و بەدکاری خۆیان و دژایەتی کردنی موسا و پەیامەکەی ؟!

خوای گەورە لەم بارەوە دەفەرموێت :

(ولما وقع عليهم الرجز قالوا يا موسى ادع لنا ربك بما عهد عندك لئن كشفت عنا الرجز لنؤمنن ولنرسلن معك بني إسرائيل * فلما كشفنا عنهم الرجز إلى أجلٍ هم بالغوه إذا هم ينكثون) (الأعراف : ١٣٤ ، ١٣٥) .

واتە : کاتێ فرعەون و گەلە ستەم کارەکەی توشی سزا و نارەحەتی دەبوون لەلایەن خوای گەورەوە دەست بەجێ رویان دەکردە موسا و پێیان دەوت : ئەی موسا داوا بکە لەو پەروەردگارەت کە عەهد و وەعدی لەگەڵدا کردوویت و ڕێزی لێناویت !! کە سزامان لەسەر لابەرێت ، خۆ ئەگەر ئەم سزایانەمان لەسەر لابەرێت ئەوە بەدڵنیاییەوە باوەڕت پێ دەکەین و شوێن پەیامەکەت دەکەوین و پاشان بەنی اسرائیلیەکان ئازاد دەکەین و لەگەڵتدا دەیان نێرین !!

بەڵام پاش ئەوەی کە سزامان لەسەر لابردن تاماوەیەکی دیاری کراو دەست بەجێ ئەوپەیمانەی کەوا بوویان هەڵیان دەوەشاندەوە دەگەڕانەوە سەر بەدکاری و خراپ رەوی خۆیان .

هەروەها لە سورەتی (الزخرف) دادەفەرموێت :

(وما نريهم من أيةٍ إلاهي أكبرمن أختها وأخذناهم بالعذاب لعلهم يرجعون * وقالوا ياايها الساحر أدع لنا ربك بما عهد عندك إننا لمهتدون * فلما كشفنا عنهم العذاب إذاهم ينكثون) (الزخرف : ٤٨،٥٠) .

واتە : هەر معجزە و بەڵگەیەکمانیشانی فرعەون دەدا لەوەی پێش خۆی بەهێز تر بوو ، بەڵام لە ئەنجامی باوەڕ نەهێنانیاندا بەردەوام بوون لەسەر تاوان و بەدکاری قەهرو غەزەب و عەزابمان دان بۆ ئەومەبەستەی کە هۆشیار ببنەوە و بگەڕێنەوە بۆ لای پەروەردگاریان ، پاشان کە توشی ئەم سزاسەختانە دەبوون دەست بەجێ روویان دەکردە موسا و پێیان دەوت :

ئـەی جادووبازەکـە !! داوا بکـە لـە پـەروەردگارت کـە ئـەم سزایانەمان لەسـەر لابەرێت ، خۆ ئەگەر سـزاکانمان لەسـەر لاچوو ئـەوە بەدڵنیایـەوە دەکەوینـە سـەر رێگەی هیدایەت و خواپەرستی !! بەڵام کاتێک سزاکانمان لەسەر لابردن پـەیمانی خۆیان شکاندوو بەردەوام بـوون لـەسـەر بێ بـاوەڕی و پشـت هـەڵکردن لـە موسـاو پەیامەکەی !!

بـەڵێ گـەر بـەووردی بڕوانینـە ئـەم مەسـەلەیە دووخـاڵی زۆر گـەورەمان بـۆ دەردەکەوێت کە ئەوانیش بریتین لە :

یەکەمیان : گەورەیی و بێ سنووری سۆزی خوای گـەورە بـۆ ئـەم گەلـە رەنگـە سەیر بێت بەلای هەندێکەوە کە باسی ئەم خاڵە دەکرێت !! بەڵام لە راستیدا وەهـا نیە و تێ گەیشتن لەناوەڕۆکی ئەم سزایانە پڕیەتی لە سۆز و میـهرەبانی و رەحمی خوای گەورە بۆ ئەم گەلە چونکە :

١ـ خوای گەورە بۆ ئەو مەبەستە سزای گەلەی نەدا کە ژیانیان لێ تاڵ و بـێزراو بکات و ئیسراحەت و خۆشیەکانیان لێ هـەڵبگری و بیـدات بەگـەل و میللـەتێکی تر!! نەخێر هەرگیز خوای گەورە مەبەستی ئەوە نەبووە کە بـەندەکانی بژێنێـت لـە ناڕەحەتی و قات و قڕی و بێ زاریدا تەنـها لـە حاڵـەتێکدا نـەبێت کـە ویسـتبێتی تاقیان بکاتەوە (إبتلاء) یان ئەو گەل و کۆمـەڵە خۆیان شیاوی ئەو سزاخواییە بـوون و بـەهۆکاری گـەندەڵی و پیسـی و تـاوانی خۆیانـەوە توشـی ئـەو تـاقی کردنـەوە و سزایانە هاتوون .

بەڵکو مـەبەستی سەرەکی لەم سزا خواییە بۆ ئەم گەلە بریتـی بـوو لـە ئاگـادار کردنەوە و هۆشیار کردنەوە و هـەڵسانیان لە دنیـای خـەوی بـێ ئاگـایی و نـەفامی هەروەک لـە ئایـەتەکەدا ئاماژەی بۆ ئەم راسـتیە کـردووە و دەفـەرموێت (لعلـهم یرجعون) !!

واتـە : لەبـەر ئـەوە سزامان دان و ناڕەحـەتمان کـردن کـە بگـەڕێنـەوە بـۆ لای پـەروەردگاری بـە سـۆز و میـهرەبان و لێ بوردەیـان تـاوەکو لـە تـاوانوو هەڵـە و گوناهەکانیان ببورێ و پاشان لەسەر ئەو باوەڕەیان بمـرن و لـە پاشـە رۆژدا بکرێنـە

بەهەشتەوە . کە ئەمەش گەورە ترین هەستی سۆز دەربڕین و خۆشەویستی خوای تێدابەدی دەکرێت بۆ ئەم گەلە سەرکەشە .

٣) پرشنگی سۆزی خوای گەورە بۆ ئەم گەلە لەکاتی سزاکاندا ئەوە بوو کە دەست بەجێ و لەیەکێ کات و ساتدا سەرجەم سزاکانی بۆنە دەناردن بەڵکو سزا لەدوای سزا ئەمیش لەبەردووهۆکاری زۆر گەورە کە بریتی بوون لە :

ا) بۆ ئەومەبەستەی لە نێوان سزای یەکەم و دووەم یان سێهەم و چوارەم یان ئاگادار ببنەوە و بۆ دوا جار هۆشیار بن و بەڵێن بەن کە هەرگیز نەچنە وە سەر ئەو تاوانەی کە لە سەری بوون ، ئەمەش وەکێ فرسەتێکێ وەها بوو بۆیان کە تەوبەی تێدا بکەن و خێرا پەشیمان ببنەوە.

ب) خوای گەورە بەندەکانی خۆی باش دەناسێ و دەزانێ پلەو رێژەی تەحەموول و بەرگەگرتنیان لە بەرامبەر سزا سەختەکاندا چەندێکە ، هەر بۆیە لەم کاتەدا خوای گەورە هێدی هێدی سزا لە دوای سزا بۆی دەناردن و فرسەتیشی دەدان تاوەکو بە خۆیاندا بچنەوە و هۆشیار بن !! بەڵام ئەمان جار لە دوای جار و سزا لە دوای سزا دڵ رەق تر و بەدکارتردە بوون و باوەڕیان نەدەهێنا بەموسا ـ عليه السلام ـ.

٤) یەکێکی تر لە سۆزی خوای گەورە بۆ ئەم گەلە ئەوەبوو کە هەموو جارێکێ و لەکاتی سزاکاندا پەیمانیان دەدابە موسا ـ عليه السلام ـ کە ئەگەر بێت و خوای گەورە ئەم سزایانەمان لەسەر لابەرێت ئەوە بەدڵنیاییەوە باوەڕت پێ دەکەین و شوێنت دەکەوین !! لەم کاتەدا خوای گەورە زانستی بێسنوری بەناخی دڵی بەندەکانی هەیەو دەزانێت ئەوەی کە دەی لێن راست دەکەن یان درۆ ، خوای گەورە باش دەی زانی کە فرعەون و گەلەستەم کارەکەی کاتێ پەیمان دەدەن بە موسا ـ عليه السلام ـ لە پاشاندا درۆ دەکەن و دەگەڕێنەوە سەر تاوان و سەرپێچی خۆیان بەڵام هەموو جارێکێ لە سۆزی بێسنوری خۆیەوە داواکاریەکەی بۆجێبەجێ دەکردن و سزاکەی لەسەر لادەبردن .

دووەم: هەروەک چۆن لەخاڵی یەکەمدا سۆزی خوای گەورەمان بۆ دەرکەوت لە بەرامبەر بەم گەلەبەدکارە ئاوا و بەهەمان شێوەش لە خاڵی دووەم دا بێ باوەڕی و دڵ رەقی و پیسی فرعەون و گەلەکەیمان بۆدەردەکەوێت .

ئەم گەلە بەدکار و خراپە کار و پەیمان شکێن و خوا نەویست بوون چونکە هەموو جارێک لەسەر پەیمانی خۆیان کە دەیان دا بە موسا ـ عليه السلام ـ بەوەی کە ئەگەر خوای گەورە سزاکانمام لەسەر لابەرێت ئەوە باوەڕدەهێنین و شوێنت دەکەوین !! بەڵام ئەم قسەو پەیمان دانە درۆوساختە بوو و تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەیان کردوو بەحسابی خۆیان خوای گەورەو موسای پێ هەڵدەخەڵتێنن !! بەڵام : (وما يخدعون إلا أنفسهن وما يشعرون)!!

چەند پەند و ئامۆژگاریەکی گرنگ لە باس و بەسەرهاتەکانی بەندی پێنجەم

١ـ بەر پەرچ دانەوەی بانگ خوازانی رێگەی خوای گەورە لەلایەن دوژمنانیەوە و پیلان دانان بۆ هەڵگرانی ئەو پەیامە ئاسمانیە رێگەیەکی تازەومۆدێرن نیە کە لەم سەدەیەدا بناغەی بۆ دارێژرابێت و دوژمن دارێتی ئەهلی خوا پەرستیان پێ کردبێ !! بەڵکو ئەم دوژمنایەتی و هەوڵ دانە بۆ دژایەتی و سەرکوت کردنەوەی حەققە لەسەرەتای دروست بوون و هاتنە دنیای یەکەم مرۆڤەوە بوونی هەبووە لە دنیای واقعدا .

هەڵوێستی دوژمنانی خوای گەورە لە بەرامبەر پەیامە ئاسمانیەکان ئەوەنەبووە کە دەست بەجێ هەڵگرانی پەیامەکە دەست گیر بکەن و لەگەڵ شوێن کەوتوانیدا لەناو یان بەرن ، بەڵکو کوشتن دواهەمین رێگەیان بووە و لە پێش بەکارهێنانی رێگەی کوشتن چەندین رێگە و هۆکاریان بەکار هێناوە بۆ مەبەستی سەرکوت کردن و لەناوبردن و تواندنەوەی کە بریتیبوون لە :

ا) **ئیهمال کردن و گوێپێ نەدان** ، بەشێوەیەکی گشتی و سەرەکی هەموو ستەم کارو بێ باوەڕێک هەڵوێستی لە بەرامبەر بە پەیامی خوای گەورە داوەهایە و وەها بووە کە لەسەرەتای دەرکەوتنی ئەو بانگەوازەوە ئیهمالیان کردووە و پشت گوێیان خستووە ، ئەمیش لەبەر بەکەم زانین و بێ بایەخ سەیرکردنی، چونکە لە عەقڵی دنیایی و بێناوەڕۆکی مرۆڤە بێدێن و دەستەلاتداره سەرکەشەکاندا وەهایە کە تەنها خۆیان هەن و دەش بێت بەتەنها هەر خۆیان خاوەن فکر و بەرنامە و سیاسەت و دەستەلات و فەرمان ڕەوا بن !!

دەستەلات داران بە تایبەتی خۆیان لە ئاستێکی زۆر بەرز دا دەبینن و خۆیان لەهەموکەس بە باشتر و چاکتر دەزانن ، جا ئەم خۆ بەزل زانی و سەرکەشیەیان کاریگەریەکی ناوەکی لەسەر سلوك و فکر و هەڵسوکەوت و سەرجەم هەڵوێستەکانیان دروست دەکات و، بەتایبەتی لەبەرامبەر بەدینی خوای گەورە کەلەسەرەتادا و لەخاڵی یەکەمدا پشت گوێی دەخەن و وا دەزانن و بڕوایان وەهایەکە ئەو بانگەوازە خواییە تا ماوەیەکی کەم و دیاری کراوە و پاشان سەرکوت دەبێت وباوی نامێنێ و شوێن کەوتوانی لێی پاشگەز دەبنەوە !!

گەر سەیرێکی خێرای هەر پێغەمبەرێک یان هەرجوڵەیەکی بانگ خوازی (الحركة الدعوية) بکەین ئەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەیکە هەریەك لە پێغەمبەران و بانگ خوازانی دوای ئەوان لەسەرەتای بانگەوازەکەیاندا تا ڕادەیەك چەکی پشت گوێ خستنیان لەگەڵدا بەکار هێناون .

بۆ نمونە : موسا عليه السلام کاتێ دەگاتە لای فرعەون و پێی رادەگەیەنێت کە نێردراوی خوای گەورەیە ، دەست بەجێ فرعەون لە پاش گاڵتە پێ کردن و بەدرۆ خستنەوەیەکی زۆر ڕاپرسی بەوەزیرە خۆفرۆشە کانی دەوروبەری خۆی دەکات کە هەڵوێست دەربڕن لە بەرامبەر بە موسا و پەیامەکەی !!!

ئەوانیش لەوەڵامدا و وەك دانان و دارشتنی پیلانێك بۆی بە ئیهمالیەکەوە وتیان : (ارجه وأخاه في المدائن) .

واتە : ئەی فرعەونی گەورە و پادشای وڵات !!

جارێ موسا و براکەی ئیهمال بکە و لێیان بگەرێ تاماوەیەکی تر !!

پاشان گە ر سـەیرێکی سەرەتای بانگەوای پێغەمبەری ئیسلام بکەین لەناو شاری مەککەدا دەبینین هەمان هەڵوێستی گەلە بەدکارەکەی فرعەونی لەگەڵدا پیادەکرا ، ئەویش بەوەی کە عەرەبە بێ باوەڕ و مشرکەکان (محمد) و هاوەڵانیان ئیهمال کردوو وایان حساب دەکرد کە ئەم بانگەوازە تاماوەیەکە و پاشان دادەمرکێتەوە و کۆتای دێت !!

ب) **گاڵتە پێکردن و بەکەم دانانی** : دوەم رێگای ستەم کاران و بێ باوەڕان لە بەرامبەر بە سەرکوت کردنەوەو لەناوبردنی حەقدا بریتیە لە بەکەم دانان و گاڵتە پێکردن ، بەڵێ بەکەم دانانی بانگ خوازان و شوێن کەوتوانیان و پاشان گاڵتە کردن بە و پەیامە پاکەی کەلەلایەن خوای گەورەوە بۆیان هاتووە ، گەر سەرنجێکی وردی ژیانی بانگەوازی سەرجەم پێغەمبەران و شوێن کەوتە و هاوشێوەکانیان بدەین دەبینبن کەوا سەرجەم بە کۆ گاڵتە یان پێ کراوە و بەکەم ماف و بێ رێز ناویان براوە !!

فرعەون و گەلە ستەم کارەکەی بۆ مەبەستی سەرکوت کردنەوەی بانگەوازی روناک و درەوشاوەی موسا ﷺ رێگەی دووەمی دژایەتیان بەکار هێنا ئەویش بەوەی کە فرعەونی ستەم کار پڕ بە دەنگ هاواری دەکرد وو دەی وت :

(ئەی خەڵیکنە شوێن موسا و پەیامەکەی مەکەون چونکە موسا (ولا يكاديبين)!!

واتە : زمانی تەواو نیەو ناتوانێت راستیەکان روون بکاتەوە و ئامارە یان پێبکات !!

پاشان وەک خۆدەرخستنێکی زیاتر لەناو گەلە بەدکارەکەیدا بە موسای دەوت : (ئەی خەڵکینە باش ئاگادار بن و بزانن و دڵنیا بن لەوەی کە من ـ واتە فرعەون ـ زۆر چاکتر و خاوەن دارتر و بەرز ترم لەو موسا لاوازو کەم دەستەڵاتەی کە هیچ بایەخێکی نیە و خاوەنی هیچ شتێک نیە !!

(أم أنا خير من هذا الذي هو مهين ولا يكاديبين) ؟؟ !! (الزخرف :٥٢)

پاشان گەر سەیرێکی واقعی ئەمڕۆی هەڵوێستی ستەم کاران و دەستەڵات دارە بێ باوەڕەکانی سەردەم بکەین هەمان هەڵوێستی فرعەونی دووبارە دەکەنەوە لە بەرامبەر بە بانگ خوازان و شوێن هەڵگری ڕێگەی پێغەمبەراندا .

فرعەونیش نمونە یە بۆ هەموو ستەم کارێک چ لە کۆندا بێت یان ئێستە دایان لە پاشەڕۆژدا ، کورد واتەنیش (مشتێک نمونەی خەر وارێکە) .

ج) ئازاردان و هەڕەشە لی کردن و سزادان :

پاش ئەوەی ستەم کاران و بێ باوەڕان ڕەنجیان بێ بەرهەم بوو لە دووهۆکاری پێشوودا دەست دەدەنە هۆکاری سێ‌هەم و ئەوجا بە کردەوە دژایەتی باوەڕداران و هەڵگرانی پەیامی خوایی دەکەن ، وە نەبێ ئەم ڕێگەیەیان لە ژێری و دەستەڵاتیان بێت !! نەخێر ئازاردان و هەڕەشەکردن لە بانگ خوازان و سزادانیان لەوپەڕی هیچ پێ‌نەمان و گەندەڵی و بێ ناوە ڕۆکیان دەدوێ و ئاماژە بۆ روخان و لەناو چوونی بێ‌باوەڕان دەکات لەهەموو سەردەمێکدا .

و) کوشتنی یەک جاری و بەرپاکردنی بەکۆمەڵ کوژی (جینوساید) :

دوارێگەی بێ باوەڕان و ستەم کاران لە بەرامبەر بە پێغەمبەران و شوێن کەوتوانایان بریتیە لە کوشتن و سەندنەوەی مافی ژیان لێیان ، چونکە بە بیروباوەڕی بێ ناوەڕۆک و پوچەڵی بێ باوەڕان وەهایە کە کوشتنی باوەڕداران مانای کوشتن و لەناوبردنی پەیامە خواییەکەیە !! بەڵام زۆر بەهەڵەدا چوون چونکە تەنها خوای گەورە خاوەنی ئەو پەیامەیە و خۆشی بەرگری لێ دەکات و دەی پارێزێ لەهەموو لەناو چوونێک (إنا نحن نزلنا الذكرى وإنا له لحافظون) .

یاساو دەستوور و سروشتی بێ باوەڕان بەدرێژایی مێژوو لە هەموو سەردەمێکدا وەها بووە کە ڕێگایەک بدۆزنەوە بۆ سەرکوت کردنەوەی ئەو بانگەوازە خواییەی کە ئامۆژگاری کردوون و ڕێگەی راستی نیشان داون ، بێ‌گومان ئەو ڕێگەیەش کەدوا ڕێگەیە کوشتن و لەناوبردنە !!

بەڵێ کوشتن و لەناوبردن و سەندنەوەی مافی ژیان لەباوەڕداران نەک لەبەر ئەوەی خراپەکارن بەڵکو لەبەرئەوەی کە تەنها (الله) بە پەروەردگاری خۆیان

دەزانن و شوێن فەرمانەکانی کەوتوون و ڕێگـەی خواویسـتی و یەکتاپەرسـتیی بـە دروشمـی زینـدووی دنیـاو دوا ڕۆژی خۆیـان و دەیان و سـەدان جیلـی دوای خۆیـان دەزانن !!

ئەو کۆمەڵەی کە بە (أصحاب الأخدود) ناسراون لە مێژوودا بـە چ تـاوانێک کوژران و چاڵی گەورە و پـڕ لـە ئاگریـان بـۆ کـردن !!؟ تەنـها بـەتاوانی ئـەوەی کـە ئامادەبوون کڕنوشی بەندایەتی بۆ پەروەردگاریان ببەن و سەرفراز بن (وما نقمـوا منهم إلا أن يؤمنوا بالله العزيز الحميد)) ,

پاشان موسا ـ ﷺ ـ تاوانی چی بوو کە فرعەونی ستەم کار و تاوان بار پیلانـی بۆ دادەڕشت و دەی وت (ذروني أقتل موسـى) بـەمانای بـەرم بـدەن بـا موسـا بکوژم !! تەنها لەبەر ئەوەی کە موسا ـ ﷺ ـ خێر و خۆشی دەویست بۆ ئـەو گەلـە و مەبەستی ڕزگارکردنیان بوو لە ئاگری لە سزا سەختەکانی خوای گەورە چ لە دنیـا و چ لە قیامەت !!

بەهەمان شێوە گەر سەرنجێکی ژیانی پێغەمبەری ئیسلام بدەیـن دەبینـین کـە هەمان سیاسەت و پیلانی کوشتنی بۆ دارێژراوە لەلایـەن فرعەونـەکانی سـەردەمی خۆیەوە !

(إبن اسحاق) دەگێڕێتەوەکە :

(وەفدی قریشیەکان هاتنە لای (ابوطالبي) مامی پێغەمبەر ﷺ و گەنجێکیان بەناوی (عماری کوڕی وەلید)ەوە هێنا لەگەڵ خۆیاندا و بە (أبوطالب) یان وت:

(ئەی ئەبوطالب ، ئەم گەنجە (عماری کـوڕی وەلیـدە) و کوڕێکـی چـاک و جـوان و بێکـەم و کوڕیـە لـەناو قرەیشـدا ، بـۆ ئـەو مەبەسـتە هێناومانـە لەگـەڵ خۆماندا کە (محمد)ی برازاتمان بدەیتێ بـۆ مەبەسـتی ئـەوەی کـە بـی کوژیـن و لەناوی بەرین و (عمار) لە بری خوێنەکەی دابنێین !! و تۆش بیکـەیت بـەکوڕی خۆت !!

(ابوطالب)یش لەوەلامدا پێی وتن :

(سوێند بێت بەخوا ئەوەی ئێوە داوای دەکەن کارێکی هێجگار خراپــە و هەرگیز کاری وەها نابەجێ و هەڵە قبوڵ ناکەم)[٣٤]

بەڵێ ئەمەی قریش ئەنجامیان دا لە بەرامبەر بە کوشتنی پێغەمبــەری اسلام سەری نەگرت و فەشەلی هێنا ، کـاتێکیش سـەیر دەکـەن کـەوا ڕۆژ بـە ڕۆژ شـوێن کەوتەی (محمد) ﷺ ، زیاد دەکات و پەرەدەسێنێ !! دەست بەجێ محاولەیـەکی تریان کرد کە پێغەمبەر بکوژن و لەناوی بەرن !!

فرعەون ئاسا ستەم کارێکی وەک (عقبــەی کـوڕی ئـەبی معیــط) بینـی کـەوا پێغەمبەر ﷺ نوێژ دەکات ، دەست بەجێ فرسەتی هێناو لەدواوە عەباکـەی لـەملی پاک و بەرزی پێغەمبەر ﷺ توند کردوو ویستی چەپەڵی وەها بوو کە بی خنکێنێ !!

لـەم کاتـەدا (ابوبکـری صدیـق) ڕەزای خـوای لەسـەر بـێ کـاتێ ئـەم ڕوداوە نامرۆڤانەی بینی پاڵێکی بە(عقبە) وە ناو پیێی وت :

(اتقتلون رجلاً أن يقولوا ربي الله)؟!![٣٥]

واتە ئایا پیاوێک دەکوژن کە دەڵێ (الله) خوامە ؟!

بەهەمان شێوە باوەڕدارەکەی سەردەمی موساش هـەمان وتـە و دروشمـی بـەرز کردەوە لەبەردەم فرعەون و گەلەستەم کارەکەیدا و دژیان وەستا پیێی وتن :

(أتقتلون رجلاً أن يقولوا ربيَ الله وقد جاءكم بالبينات مـــن ربكـــم .. .. ؟)

(غافر : ٢٨)

واتە : ئایا پیاوێک دەکـوژن کـە دەڵـێ بـە تەنـها (الله) پەورەردگارمــە ؟! لـە کاتێکدا چەندین بەڵگە و معجزەی ئاشکرای بۆ هێناون لەلایەن پەروەردگارتانەوە ؟!!

ئازیزان دوژمنانی خوای گەورە دڵنیـابوون و دەزانـن ئـەو کەسـانەی کـە بـەدڵ و گیان هاوار دەکەن (الله) پەروەردگار مانە چین و سیفەتیان چۆن دەبێــت و چـەندە پەیودست دەبن بەو دروشمە بەرزەوە !! هەر لەبەر ئەوەیەکەبە ئـاگر و ئاسـن بـەرەو

---

[٣٤] المنهج الحركي للسيرة النبوية (منير محمد غضبان)ج(١) ، ص (٧٧) و سيرة إبن هشام .

[٣٥] رواه البخاري ، باب مالقي رسول الله وأصحابه من المشركين بمكة .

رووی دەوەستن و هەڕەشەی مەرگ لە هەڵگراو شوێن کەوتوانی دەکەن و لەناویان دەبەن !!

ئەوکەسانەی کە دەڵێن (الله) خوامانەئەوە :

یەکەم : ئامادەنین کە خۆفرۆشی بۆ هیچ کەس و وولاتێک بکەن ببنە بەگرێ گیراویان ، کە ئەمە هەرگیز لە سوودو بەرژەوەندی بێ باوەڕە دەستەڵات دارەکاندا نیە و نەبووە ، هەر بۆیە دژایەتی باوەڕداران دەکەن و بە تاکێ بێت یان بەکۆمەڵ لەناویان دەبەن !

دووەم : ئامادەنین کە چەکێ داری بۆ هیچ کەس و لایەن و دەستەڵات داروسیاسەت و فەرمان ڕەوایەک بکەن و بجەنگێن لە پێناویاندا تەنها بۆ (الله) و بەرنامە و پەیامەکەی نەبێت .

کە بێ گومان ئەمیش هەروەکێ خاڵی یەکەم لە سوود و بەرژەوەندی دەستەڵات دارە بێ باوەڕاکاندا نیە و ناش بێت .

سێهەم : ئەوکەسانەی کە دەڵێن (الله) پەروەردگارمانە ئامادەنین کەسەر بۆ هیچ کەس و لایەن و دەستەڵات دارێک کەچ بکەن و ڕازیی ببن بەفەرمان و هەڵوێستە چەوتەکانیان ، چونکە بێژەرانی وشەی (الله) دڵنیابوون و باوەڕیان وەهایە کە مرۆڤ لەدنیادا نابێت سەر بۆ هیچ شتێک کەچ بکات تەنها بۆ (الله) نەبێت و پاشان ڕازیی نەبێت بەهیچ بەرنامەیەک تەنها بەرنامەی (الله) نەبێت .

چوارەم : ئەوکەسانەی کە دەڵێن (الله) خوامانە ئامادەنین کە خامەکەی[٣٦] دەستیان لە خزمەتی خۆزگە و ئارەزووەکانی بێ باوەڕان و ستەم کاراندا بەکار بهێنن و ئەوناهەقی و ناڕەواییان بنوسن کە خەڵکی پێ سەرگەردان و گومڕا دەبێت !!

ئاشکراشە کەوا ستەم کاران بۆ مەبەستی گومڕا کردن و چەواشەکردنی خەڵکی و میللەت بایەخێکی زۆر گەورە دەدەن بەکاری هەواڵی درۆ و بێ ناوەڕۆک و

[٣٦] خامە / بەمانای پێنوس (القلم) دێت .

دەرزگا ئیعلامیـە چەواشـە کاریـەکان کـە هۆکـاری سـەرەکیە لـە گومڕاکردنـی جەماوەرو خەڵکی) [37]

پێنجەم : دوژمنانی خوای گەورە باش دەزانن و دڵنیان لـەوەی کـە هەرکەسـێ بەراستی وتی (الله) پەروەردگارمە ئەوە ئەوکەسە مرۆڤێکی سەربەرزو بـەعزەت و بڵندی لێ پێکدێت و ئامادەی خۆفیداکاری تێدایە لە پێناوی بەرزکردنـەوەی وشـەی (الله) و دژومنایەتی کردنیش لەگەڵ ئەوکەسانەی کە دوژمن بە (الله) ن .

٢) مرۆڤەکان کاتێ لایان دا لەبەرنامەی پاکی پەورەردگاریان بەحسـابی خۆیـان دەگەنە ئەوئاسن و پلەیەی کە لـە سنوری مرۆڤایـەتی ئاسـایی خۆیـان دەردەچـن و تەنها خۆیان بەچاک و راسـت و بـێ هەڵـە دەزانـن ، لەبەرامبـەر ئەوەشـدا خـەڵکی بەهەڵەو کەم ژیر و سەرگەردان دەزانن !!

بەراستی ئەمە سـەرگەردانی و خۆدۆڕانـدن و خـۆ لەدەسـت دانـە و دژی واقـع و ژیریە ، دژی خواستی مرۆڤە ، دژی ئازادیەکانە ، دژی دادوەری و یەکسـانیە ، دژی هەموو ئاکارێکی مرۆڤانەیە !!

هۆکاری ئەو خوابەراست زانین و خەڵک بەکـەم زانینـە دەگەڕێتـەوە بـۆ لادان و سـەرپێچی کردنـی فـەرمانی پـەروەردگار ، جـا هـەرکاتێ مرۆڤـەکان لـە پـەیام و ئامۆژگاری پەروەردگاریان دوورکەوتنەوە توشی دەبیسان و سـەدان نەخۆشـی دەرونـی دەبـن کەلەسـەرجەم هـەڵس و کـەوت و کـارو گوفتاریـاندا رەنـگ دەداتـەوە ، بەرچاوترین و دیارترین نەخۆشیش بریتیە لـە خۆبـەزل زانـین و تەنـها خـۆ بەراسـت دانان و بەکەم سەیرکردنی بەرهـەمی رەنجـی خـەڵکانی تـر ، بـەڵێ گـەر هـەر لـەم روانگەیەوە سەیرێکی واقع ی حاڵی فرعەون بکـەین دەبینـن کـەوا ئـەوەی باسمـان کـرد بـە ئاشـکرا تیـایدا رەنـگ دەداتـەوە و روودەکاتـە گەلـە بـەدکار و بـێ رێـز وکراوەکەی و دەڵێ :

(ما أريكم إلا ما ارى وما أهديكم إلاسبيل الرشاد)!! (غافر : ٢٩).

---

[37] بۆ مەبەستی زیاتر شارەزا بوون لە ئیعلام سەریدە لە کتێبی (النفوذ اليهودية).

واته : من هیچتان پێ ناڵێم و هیچتان پێ ڕانه‌گه‌یه‌نم جگه له‌وه‌ی که خۆم به‌ته‌نها رام له‌سه‌ریه‌تی و به‌چاکی ده‌زانم ، وه پاشان من رێ نمویّتان ناکه‌م ته‌نها بۆ رێگه‌ی راست نه‌بێت !!؟

له راستیدا هۆکار زۆره بۆ دروست بوونی ده‌سته‌لات و سیستمی تاك ره‌وی دکتاتۆری له‌ولاتدا ، به‌لام سه‌ره‌کی‌ترین هۆکار بۆ دروست بوون و هاتنه دنیای عه‌قڵیه‌تی دکتاتوری و حوکمی تاك ره‌وی و دژه‌وه‌ستان به‌راوبۆچوون و راپرسی خه‌ڵکی بریتیه له‌وه‌ی که وابزانیت له غه‌یری خۆت یان فکری خۆت یان لایه‌نی خۆت یان زمان و که‌لتوری خۆت هیچ که‌س و لایه‌نێكَ ی تر چاکتر و باشترنین !!

گومان له‌وه‌دا نیه که هه‌مووکه‌سێ خاوه‌نی بۆچوون و فکری ئازادی خۆیه‌تی و قه‌ناعه‌تی پێ‌هێناوه و به‌رگریشی لێ‌ده‌کات ، پاشان مه‌رج نیه ئه‌وه‌ی لای هه‌ندێ زۆر باشه و زۆر چاکه لای هه‌موو خه‌ڵکێکی تر به‌هه‌مان شێوه چاكَ و باش بێت !!

هه‌رگیز مه‌رج نیه چونکه هه‌روه‌كَ وتمان خه‌ڵکی ئازادی فکر و بۆچوون و بیرکردنه‌وه‌ی تایبه‌تی خۆیه‌تی و به‌وپه‌ڕی باوڕو متمانه بوون به باوه‌ڕی خۆی هه‌ندێ شت به‌چاكَ ده‌زانێت و په‌سه‌ندیان ده‌کات و له‌به‌رامبه‌ریشیدا هه‌ندێ شتی تر به خراپ ده‌زانێت و به‌رپه‌رچیان ده‌داته‌وه .. ..

ئێستا له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی گه‌یشتنه ئه‌و راستیه‌ی که هه‌موو خه‌ڵکی یه‌كَ بیروبۆچوونیان نیه ، هه‌موو خه‌ڵکی به‌یه‌كَ شێوه بیرناکه‌نه‌وه و مه‌سه‌له و رووداوه‌کان به‌یه‌كَ شێوه هه‌ڵناسه‌نگێنن ، هه‌مووکه‌س ئازادی فکر و بۆچوونی خۆیه‌تی ، به‌لام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا به‌رپرسیاره له به‌رامبه‌ر به‌هه‌موو ره‌خنه‌یه‌كَ که رووبه‌رووی ده‌بنه‌وه له‌لایه‌ن خه‌ڵکانی تره‌وه .

به‌ڵێ ئیسلام به‌م شێوه واقعیه سه‌یری که‌سایه‌تی مرۆڤه‌کان ده‌کات و هه‌موویان به‌یه‌كَ پێوانه هه‌ڵناسه‌نگێنێ باوه‌ڕیشی وه‌هایه که (ولوشاء الله لجعل الناس أمة واحدةً) به‌لام (ولا يزالون مختلفين) هه‌موو خه‌ڵکی وه‌كَ یه‌كَ نیه به‌ڵکو جیاوازی له نێوانیاندا هه‌یه .

جا خوای گەورە بۆ مەبەستی راست کردنەوەی فکر وو رەوتی ژیانی مرۆڤەکان لەهەموو روویەکەوە پەیام لەدوای پەیام و پێغەمبەر لەدوای پێغەمبەری دەنارد تا سەرجەم خەڵکی بەرێگەی لایەن و فکر و بیروباوەڕ و عەقیدەی راست ئاشنا بکات و لەبەرامبەریشیدا (لارە رێ و فکر و بۆچوون و عەقیدە بێناوەرۆکەکان ئاشکرا بکات) .

بەڵێ ئەمەی باسمان کرد لە روانگەی پەیامی خوای گەورەوە بوو ، بەڵام بەفکرو بۆچوون و دیدی بێ باوەڕان و ستەم کاران وەها نیە و بەشێوەیەکی تر سەیری ژیانی مرۆڤ و لایەنە جۆراوجۆرەکانی تر دەکرێت ، بەفکر و بۆچوونی تاک رەوان وەهایە کە دەبێت کەس خاوەنی فکر و رادەربڕینی خۆی نەبێت و سەرجەم بە کۆمل کەچی فکری تاکەکەسێک بن !!

فرعەون هەمان فکری تاک رەوی بۆ دروست بوو بوو چونکە وای دەزانی تەنها خۆی خاوەنی فکرە و گەرشتێک بەلای خۆیەوە باش نەبێت ئەوە بە دڵنیاییەوە باش نیە و دەبێت خەڵکی و جەماوەریش هەمان فکر و هەڵوێستی ئەم یان هەبێت، وە بە پێچەوانەشەوە .

ئیسلامیش بۆ بنەبڕکردنی ئەم فکر و بۆچوونە فرعەونیە دەیان رێگەی داناوە کە سەرەکی ترین و بەرچاو ترینیان ئەمانەن .

١ ـ **دانانی یاسای شورا** : سەرەکی ترین خاڵێک بۆ بنەبڕکردنی رێبازی (دکتاتۆریەت) و خۆبە زۆر سەپاندن بریتیە لە راپرسی کردنە بەخەڵکانی غەیری خۆت کە بەهەمان شێوەی تۆ شارەزا و زانابن لە و بوارەدا ، گومان لەوەدا نیە کە ئیسلام بەهیچ جۆرێک باوەڕی بە فکر و بۆچوونی تاکەکەسی نیە و بەرپەرچی دەداتەوە چونکە باوەڕی وەهایە کە راو بۆچوون و فکری چەند کەسێک لە دەربارەی کێشە و مەسەلەکان باشتر و چاکترن لە بیروبۆچوون و فکری تاکەکەسێک .

هەر لەبەرئەوەیەکە یاسای شورا دانراوە لە شەریعەتی ئیسلامیدا و پێغەمبەرو پاشان هاوەڵان و سەرجەم باوەڕدارانی دوای ئەوانیش کاریان پێکردووە و خاڵی

گرنگ و سەرەکی بووە لە ژیانی فەرمان ڕەواییاندا (وشاورهم في الأمر) ، (وأمرهم شورى بينهم) .

ب ـ ئازای بەخشین بە مرۆڤەکان لە هەڵبژاردنی ئەو ڕێگەیەی کە پێی خۆشە :

گەر سەرنجێکی وردی یاساکانی قورئان بدەین دەبینن کەوا خوای گەورە زۆر بە ئاشکرا فکر و بیرو بۆچوونی مرۆڤەکان ئازاد دەکات لەبەرامبەر بە هەڵبژاردنی هەر ڕێگە و بیرو باوەڕێک کە خواستێتی هەروەک دەفەرموێت :

(وقل الحق من ربكم فمن شاء فا اليؤمن ومن شاء فاليكفر .. ..) (الكهف)

واتە : ڕاستی بڵێن لەلایەن پەروەردگارتانەوە ، ئەو جا هەرکەس خواستی لێیەتی باباوەڕی پێ بهێنێت ، وە ئەوکەسەشی باوەڕی پێی نیە با پێی بێ باوەڕ بێت ..

جا سەرنج بدە !! خوای گەورە بۆمەبەستی ئازاد کردنی ژیان و فکر و بیرکردنەوەی خەڵکی تەنانەت لە بەرامبەر هەڵبژاردنی حەقیشدا زۆریان لێ ناکات و ئەوپەڕی سەربەستی و ئازادی دەداتە دەست خۆیان ئەمیش ئەوەدەگەیەنێت کە دینی خوای گەورە پشت گیری هەموو ئازادیەک ی مرۆڤەکان دەکات بەڵام لە سنوری خۆیدا و پاشان دژی هەموو بەزۆر سەپاندن و دکتاتۆریەکە .

(لاإكراه في الدين قد تبين الرشد من الغي) .

ج ـ یەکێکی تر لەو دەرگایانەی کە ئیسلام زۆر بەتوندی دای دەخات بۆ مەبەستی دروست نەبوونی دکتاتۆریەتی فکری و خۆبەزل زانی مرۆڤەکان بریتیە لە بەناشرین سەیرکردن و بەحەرام دانانی سفەتی (ألأعجاب بالنفس) .

واتە : سەرسوڕمان بەنەفسی خۆت و طەواف کردن بە دەوری خۆتدا !!

ئەمەش زۆر شت دەگەیەنێت کە بریتین :

۞ وابزانی لەهەموکەس باشتریت !!

۞ واهەست بکەیت کە بیروباوەڕی تۆ لە بیروباوەڕی سەرجەم خەڵکی چاکتر و جوانترە !! گەرچی هەڵەش بێت !!

۞ وابزانیت کە لە هەمووکەس زاناتر و بەتوانا تریت !!

۞ بۆ چونت وەهابێت کەتەنها کەسێک هەبێت لە دنیادا و پێی بوترێت پیاو بەتەنها خۆتی !!

بەڵێ ئەمانە و دەیان شتی لەم بابەتە (إعجاب بـــالنفس)ەو لەهەرکەسێکدا هەبێت بێ گومان توشی گومڕایی و دکتاتوریەتی فکری دەکات و بەرەو هەڵدێری دەبات !!

خۆ ئەگەر سەرنجێکی فرعەونی ستەم کار و بێباوەڕ بدەین دەبینین کەوا هەموو ئەو خالآنەی باسمان کرد تێیدابەدی دەکرێت ، هەر هۆکاری ئەمەش بوو کەوا فرعەون خۆی بەکەسێکی ئاسای نەبینێت و مل بۆ هیچ راستیەک نەدات !!

(ولا تزكوا أنفسكم والله أعلم بمن اتقى) .

(٣) لە یەکێک لە ئامۆژگاریەکانی باوەڕدارە خۆ فیداکارەکەی گەلی فرعەون بریتی بوو لەوە کە رووی کردە گەلەکەیی و فەرمووی :

(ياقومِ اتبعوني أهديكم سبيل الرشاد .. ..) (غافر : ٣٨).

واتە : ئەی گەلەکەم شوێنم بکەون تا رێگەی راستان نیشان بدەم !!

بەڵێ رێگەی راست ، رێگەی رزگار بوون لە ناڕەحەتی و نەهامەتەکانی دنیا ، رێگەی رەوشت بەرزی و ئاکارە جوان و بەرزەکان ، رێگەی سەرفرازی و بەعزەت بوون ، رێگەی رزگار بوون لە تاوان و خراپەکاری ، رێگەی بەنەفەرەت کردنی شەیتان و هاوڕێبازانی ، رێگەی ئاوەدان کردنەوەی زەوی و بەرپاکردنی خێر و خۆشی بۆ خەڵکی ، رێگای یەک خواناسی و دوور بوون لە هاوەڵ پەیدا کردن بۆی ، رێگای خۆتەسلیم کردن بە بڕیاری پەروەردگار و رازی بوون پێی ، رێگای دۆستایەتی و هاوڕێیەتی و خۆشەویستی لەگەڵ باوەڕداران و رەق ئەستوری و دوژمن دارێتی و دڵ رەقی لەگەڵ بێ باوەڕان و خراپە خواستان ، (الولاء والبراء). رێگای رزگار بوون لە سزا سەخت و پڕزامەکانی خوای گەورە چ لە دنیا و چ لە قیامەت .

ئەمانە و دەیان و سەدان شتی تری لەم بابەتە ئەورێگە راستە نیشان دەدەن رێبازی گەورە و سەرەکی سەرجەم پێغەمبەران و شوێن کەوتوانیان بووە .

بەڵێ باوەڕدارە خۆبەختەکەی گەلی فرعەونیش بەهەمان ڕێگای سەربەرزی و سەرفرازی دنیا و قیامەت ئەوگەلە ئاگادار و هۆشیار بکاتەوە و رزگاریان بکات لە چنگی ژەهراوی فرعەون و دارودەستەکەی .

کەواتە پێویستە کە ئێمەش وەک بانگ خوازان و شوێن کەوتەی ئەوکەڵە پیاوانە هەمان ڕێبازی بەرزوو شکۆداری ئەوان بگرینەوە و هەمان دڵسۆزی خۆمان دەرببڕین بۆ ئەو گەلوو میللەتەی کە تێیدا گەورە بووین ، ئەوگەلەی کە دەیان و سەدان ساڵە دوژمنانی خوای گەورە هەرجارەی بەناوێک چەواشە و سەرلێ شێواوی دەکەن و تەسلیم بەرێگا نەفامیە دۆزەخیەکانی دەکەن .

لە راستیدا ئەوەیە هەڵوێستی جوان و بەرز ، ئەمەیە هەڵوێستی کەسێک کە بەراستی گەل و میللەتی خۆش بوێت و خەم خۆری راستەقینەیان بێت ، ئەمیش بە پێچەوانەی کەسانی درۆزن و ساختە کارەوە کە بەرووکەش دەگرین بۆ گەل و میللەت و فرمێسکی تیمساحی رۆدەکەن بەلام لەناخەوە درۆدەکەن و میللەت بەکوشت دەدەن و بە وولاتانی نەیاری دەفرۆشن .

ئەوکەسە بەراستی دۆستی میللەتەکە بیری خوای گەورە و قیامەتیان دەخاتەوە و دەستیان دەگرێت بۆ رێگەی راست کە هۆکاری بەرەو بەهەشت چوونە ، نەک کەسێک دۆستی میللەتە کە خوای گەورە و یادی قیامەتیان لە بیربباتەوە بەرەو کەلاوەی شرک و جهل و فسق و بەدکاری و بێ باوەڕیان رابکێشێ !!

(٤) دڵسۆزی نواندن لەبەردەم خەڵکیدا یەکێکە لە هەر ئەو سیفەتە بەرز و بڵندانەی کە رووی راستی مرۆڤ بەتاک و کۆمەڵی خەڵکی دەگەیەنێت و خەڵکی ئاشنا دەبن پێی !!

باوەڕدارەکەی گەلی فرعەونی ستەم کار بۆ سەلماندنی ئەو دڵسۆزی و خۆشەویستیەی خۆی لە بەرامبەر بەوگەلە دوور لە خوایەدا ڕاپەڕی و بەرامبەر یان وەستاو ئاگاداری کردنەوە و پێی وتن .

(ياقوم مالي أدعوكم إلى النجاة وتدعونني إلى النـار ؟! بـەمانای ئـەوەی کـە : ئەی گەلەکەم !! ئـەو چیـە مـن ئێـوە بـانگ دەکـەم بـۆ نـاو گەشتی رزگـار بـوون لەتۆڵەی پەروەردگار تان ن کەچی من بانگ دەکەن بۆ ئاگر ؟!

سەرنج بدە !! ئاخۆ دەبێت پلەی دڵسۆزی و بەزەیی ئەم باوەڕدارە پلـە بـەرزە لەبەرامبەر بـەم نەفامانـە لـە چ ئاستێکدا بێت !!؟ ئاخۆ دەبێـت چـەندە لـەناخی دڵیەوە ئاهوو خەفەتی بۆ چارەنووسی ئاگراوی ئـەم گەلـە بـەدکارە خواردبـێ و دڵ گران بوو بێت بەوژیانە دژوارەی کەبەسەری دەبن و دۆزخی لەدواوە دێت .

دەبینین کەوا ئەم باوەڕدارە بە قوڵپەی پڕ لە گریانەوە هاواری لەوگەلە بـەدکارە چەواشـە بـێ نەوایـە دەکـات و ئامۆژگـاری خێریـان دەکـات و لەگـەڵ هـەموو ئامۆژگاری و وشەیەکیدا بەشێک لە فرمێسک ی دڵسۆزی و لەگەڵ هەموو دڵۆپە فرمێسکێکدا دڵسۆزی لەدوای دڵسۆزی لەدڵی پـڕ لـە بـاوەڕی ئـەم پیـاوە گـەردن بەرزەدا نوێ دەبێتەوە .

بەڵێ بانگیان دەکات بۆ کەشتی رزگار بوون و ئەوپەڕی سەلامەتی !! بـەڵام کـام کەشتی رزگـار بـوون ؟ ئایـا کەشـتیەک کـەتاوەکو نزیـک قوڵایـی دەریـا ببێتـەوە مـەترسی لەسەر دانیشـتوان و هـەڵگرانی پـەیدا بکـات ؟! کـە شـتیەک کـە مـرۆڤ تیایدا دڵ ئارام نەبێت و هەمووساتێک مەترسی غەرق بوون و خنکاندنی هەبێت !!؟!

بێگومان نەخێر کەشتی باوەڕ بوون بە پەروەردگار و رۆژی دوای بـە پێچەوانـەی سەرجەم کەشتیە ماددی و بچوکەکانی دنیا وەیـە ، ا ئەوکەشـتی رزگاربوونـەی کـە باوەڕدارەکەی سەردەمی موسا ـ ﷺ ـ خەڵکی بۆ بانگ دەکـرد بەراستی و بـەواتا کەشتی رزگار بوون و سەرکەوتن و سەرفرازی مرۆڤەکان بوو لە هەموو نەهامـەتی و ناڕەحەتیەکی دنیا و قیامـەت ، رزگار بوونیان بـوو لـە دابـەزینی سـزا جـۆراو جـۆر سەختەکانی خوای گەورە بۆ سـەریان ، رزگاربوونیـان بـوو لـە بەندایـەتی کـردن بـۆ فرعەون و راگوێزانی ئەوبەندایەتیە بۆ پەروەردگاری فرعەون ـ من عبادة العبـاد إلى عبادة الله رب العباد ـ !!

بەلام مەخابن هەڵوێستی لارو بەدکاری خەڵکی ئەو سەردەمە و بەردەوام خەڵکی ئەم سەردەمەش وەهایە و وەهابووە کە هەست بەودڵ سۆزی خۆشەویستیەی بانگ خوازانی ڕێگای ئازادی و رزگاری دنیا و قیامەت نەکەن و بەتوندترین شێوە وەلامیان بدەنەوە و دژیان بووەستن .

٤) گەورەترین پەندوو نهێنی لە ئایەتی (ما لي أدعوكم إلى النجاة وتدعونني إلى النار) بریتیە لە :

زۆر بەدڵ نیاییەوە ڕێژەوژمارەی ئەوکەسانەی کە بەراستی دڵسوزن و خەڵکی بانگ دەکەن بۆ ڕێگەی رزگاری دنیا و قیامەت کەم ترن لەوانەی کە خەڵکی بانگ دەکەن بۆ سزای دنیا و ئاگری دۆزەخ !!

خۆ ئەگەر سەرنجی ووردی ئەم فەرموودەیە و فەرموودەکانی تری قورئان بدەین ئەم ڕاستیەمان وەک ڕۆژی ڕووناک بۆ دەردەکەوێت .

بەڵێ وشەی (أدعوك) بەکار دەهێنرێت بۆ تەنها کەسێک واتە (مفرد) ، کە کاری سەرەکی‌شی بریتیە لە (النجاة) واتە رزگار کردن ،بەلام بە پێچەوانەوە وشەی (تدعونني) بەکار دەهێنرێت بۆ کۆمەڵێکی زۆر واتە بۆ (جمع) کە ئەمەش ئەو راتسیە شار دراوەیە ئاشکرا دەکات کە بەردەوام و هەمووکات ڕێژی بانگ خوازانی حەق کەم تر بوون لەبانگ خوازانی ناهەق !!

گەر سەرنجی باخچەی بۆن خۆش و گەورەی قورئان بدەین دەبینین کەوا خوای گەورە پەیمانی داوە کە دۆزەخ پڕ بکات لە دۆزەخیەکان هەروەک دەفەرموێت :

(يوم نقول لجهنم هل امتلئت وتقولُ هل من مزيد ؟) !! واتە : لە ڕۆژی دوایدا دەوترێت بە دۆزەخ : ئەی دۆزەخ پڕ بوویت ؟! ئەویش دەڵێت : ئایا زۆر تروو زیاتر هەیە ؟!

یان دەفەرموێت :

(لأملأن جهنم منكم أجمعين) (الأعراف : ١٨).

واتە : بەڵێن بێت دۆزەختان لێ پڕ بکەم - بێ‌گومان ئەوانەی شوێن شەیتان دەکەون -

بەڵێ زۆر فەرموودەی تری قورئان هەیە کە ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن کە زۆربەی زۆری خەڵکی بەرەو دۆزەخ دەڕوات وەکː

(ولكن أكثر الناس لا يعلمون)

(أكثرهم فاسقون)

(لقد حق القول على أكثرهم فهم لايؤمنون) (يس :٧)

(ولقد ذر أنا لجنهم كثيرا من الجن والأنس لهم قلوب لا يفقهون بها .. ..) (الأعراف : ١٧٩)

(أكثرهم للحق كارهون)

خۆشەویستان ئەمانە و دەیان و سەدان ئایەتە و فەرموودەی تری پێغەمبەر ﷺ بەڵگەن لەسەر زۆری ئەهلی دۆزەخ و کەمی ئەهلی بەهەشت ، هۆکاری ئەم مەسەلەیەش ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خوایگەورە ئارەزوومەند و خۆش حاڵ بێت لەبەرامبەر بە گومڕاکردنیان لەدنیادا و سوتاندن و ئازار دانیان لە دوا رۆژدا !!

پاکː و بێگەردی بۆ پەورەردگاری خاوەن سۆز و بەزەیی چونکە خوای گەورە خۆی دەفەرموێت : (إن رحمتي وسعت كل شيء)

واتە : رەحمەت و سۆزی من لەهەموو شتێ فراوان ترە !!

بەڵام کاتێ بەندەکان گومڕاو سەرگەردان دەبن لەدنیادا ئەوە دەکەوێتە سەر خودی تاکەکەسی خۆیان کە خوازیاری وەرگرتن و ئاشنا بوونیان نیە لەبەردەم پەیامی رزگاری خوازی خوای گەورەدا ، یان بەشێوەیەکی تر بڵێین : بێگومان ئەوکەسانەی لەدنیادا گومڕا دەبن و پاشان دەبن بەیەکێ لە ئەندامانی ئەهلی دۆزەخ ئەوە بەدڵنیاییەوە خۆیان نایانەوێت هیدایەت وەربگرن ، خوازیاری بەدەست خستنی خۆشەویستی و سۆزی پەروەردگاریان نین ، حەزیان لە چون بەرەو دۆزەخ و دورکەوتنەوە یە لەبەهەشت ، هەڵپەی بەدەست خستی رق و تۆڵەی خوای گەورەن، خۆش حاڵن بەکڕنوش بردن و بەندایەتی کردنی شەیتان و ماڵی دنیا و ئارەزووەکانیان و رق ئەستوورن لەبەردەم پەرستنی خوای گەورە و کڕنوش بۆ بردنیدا .

هەر لەبەر ئەم هۆکارە و چەندین هۆکاری تۆ زۆرێك لە مرۆڤ و جنۆکە بەرەو دۆزەخ مل دەنێت و دۆزەخیان لێ پڕ دەکرێت .

وەگومانیشی لەوەدانیە کە هەمووکات و بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ئەهلی حەق و بەهەشت ڕێژەیان کەم تر بووە لە ئەهلی ناهەق و دۆزەخ ، کەواتە با ئێمەی باوەڕدار شوێن کەوتەی هەق دڵ گران نەبین بەوەی کە ڕێژەی باوەڕداران لەکات و سەردەمێکیوەك ئەمڕۆدا کەم ترە لە ڕێژەی خەڵکانی خراپە کاروبێباوەڕ ، چونکە سونەتی پەروەردگارە و ئەوان چەندە زۆربن و چەندە بەهێز و دەوڵەت دار و بەدەستەلات بن ئەوە هەرکەم و بێ هاوکار و کەم دەستەلاتن چونکە (وأن الكافرين لا مولى لهم) بێباوەڕان پاڵپشت و سەرخەریان نیە و (أولیائهم الشیطان)تەنها پاڵپشت و هاوتایان شەیتانی نەفرین لێ کراوە ، ئاخۆ کۆمەڵی، یان دەوڵەتی گەر شەیتان سەرخەر و پاڵپشتی بێت دەبێت چۆن خۆڕاگربێت لەبەردەم هێزی باوەڕدا کە پەروەردگار خاوەنیانەو فریشتە بەهێزەکان سەربازبن لە گەڵیاندا ؟! ئا خۆ ئەوکۆمەڵەو لایەنەی کەشەیتان مامۆستا و بەرنامە داڕێژەریان دەبێت چارەنوسیان بەرەو کوێ بچێت و بە ئومێدی چیەوە کاربکەن و بنازن بەخۆیاندا کە بونیان هەیە ؟! بێگومان چارەنووسیان لەچارەنوسی (فرعەون و هامان و قاروون وابوجهل و هتد ..) باشتروو چاکتر نابێت (وتلك القرى أهلكناهم لما ظلموا وجعلنا لمهلكهم موعداً)

(٥) یەکێك لەهەرەسیفەتە دزێوو نابەجێکانی مرۆڤی دوور لە خوا و شەیتان پەرست بریتیە لە شانازی کردن بە ماڵی دنیا و ، رووکارە مادیەکان !!

فرعەونی دنیا پەرست و قیامەت نەویست بۆ مەبەستی بەگەروەنیشان دانی خۆی و بەکەم دانانی موسا و پەیامەکەی وەك شانازی دەربڕینێك رووی کردە گەلەبەدکارەکەی و وتی :

(.. یاقوم ألیس لي ملك مصر وهذه الأنهار تجري من تحتي أفلا تبصرون ؟ أم أنا خیر من هذا الذي هو مهینٌ ولا یكاد یبین) (الزخرف : ٥١ ، ٥٢)

واتە : ئەی گەلەکەم ئایا خاوەن دارێتی و ملک و دەستەلاتی ئەم ولاتە کە (مصرە) هی خۆم نیە ؟! ئایا ئەو ئاوو رووبارەی کە پیایدا تێ دەپەڕێ و بەژێر کۆشکم دا دەڕوات خۆم خاوەن داری‌نیم ؟!

پاشان ئایا من باشتر و چاکترم یان موسایەکی بێ ڕێز و کەم دەستەلات کە زمانی تەواو نیە و ناتوانێت ڕاستیەکان روون بکاتەوە .

خۆشەویستان هەروەک لەسەرەتادا باسمان کرد کەوا گەورەترین و لەبەر چاوترین سیفەتی خەڵکانی ماددی و دنیاپەرست ئەوەیە کە شانازی دەکەن بەرووکارە ماددیی‌یەکانی دنیاوە و هەردەم خۆیانی پێش دەبەنە پێ لە بەردەم خەڵک و لەناو کۆمەڵگادا .

کارێکی زۆر ئاساییە بۆ کەسێ کە تەنها ماددیانە بیر لە خودی خۆی و دنیا و بوونەوەر بەگشتی بکاتەوە و لەگەڵ هەستیان پێ دەکات تەنها دنیای ماددیە و لە پشت ئەو جیهانی ماددەی کە ئەم هەستی پێ‌دەکات جیهانی رووح و بەها مەعنەوی و نادیارەکانی تر نابینێت و باوەڕیان پێ ناکات .

بەڵام زۆر بەدڵنیاییەوە ئەوکەسانەی کە پێوەرەکانیان ماددیە و مرۆڤ و غەیری مرۆڤی پێ مەزەنە دەکەن ئەوە بێگومان لەهەڵەی بەردەوامدا دەژین و لەهیچ کاتدا راست رەوی ناکەن !! چونکە مرۆڤ تەنها لەلایەنی ماددی (بحت) پێک نەهاتووە و دروست نەبووە بەڵکو مرۆڤ لەهەردوو لایەنی (ماددی و رۆحی) پێکهاتووە ، کەواتە دەتوانین ئەوە بڵێین کە : ئەگەر ویستی هەڵسەنگاندنی کەسایەتی مرۆڤێک مان هەبێت جا بە چاک بێت یان بەخراپ ئەوە دەبێت بەپێوەرە مەعنەویەکان پێوانەیان بکەین و هەڵیان بسەنگێن ، نەک بە پێوەرە ماددیە دنیاییەکان ، چونکە ئەو هۆکارە سەرەکی و گەورەیەی کە چوڵە بەلایەنی ماددی لەشی مرۆڤەکان دەدات و دەیان بزوێنێت بریتیە لە (روح) ، بەڵێ (روح) چونکە گەر لاشەی ماددی مرۆڤ چەندە جوان و بەهێزوو خاوەن دار بێت ئەوە بەهۆکاری ئەوروحەوە چاک و جوان و بەهێزە ، بەڵام کە کاتێ لاشەی ماددی مرۆڤەکان (روح)ی لێ دوور خرایەوە ئەوە ئەولاشە بەهێزووجوان و خاوەندارە زۆر

بێ دەستەلاتانە دەدرێت بەزەویدا و گەر زوو نەسپێردرێ بەخاکێ بۆگەن دەکات و کرم دەی خوات ؟!
بەڵێ ئەوە حەقیقەتەو هیچ کەسێکی خاوەن عەقڵ نکوڵی لەم راستیە بەرچاوەناکات چونکە بواری دوودڵی تێدانەماوەتەوە .
کەواتە ئێستا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ئەگەر بمانەوێت چاکی و خراپی کەسێکێ پێوانە بکەین ئەوە دەبێت بە پێوەرە مەعنەویە روحیەکان پێوانە بکەین، کە ئەوانیش بریتین لە :
(رەوشت بەرزی ، چاکەخوازی ، راست گۆیی چ لەگەڵ خۆت چ لەگەڵ غەیری خۆت ، دڵسۆزی و هاوکاری ، برایەتی ، ئازابەتی و مەردایەتی ، داوێن پاکی ، دادپەروەردی ، برایەتی ، خۆشەویستی ..) .
کە هەریەکێ لەم کارانەی کە باسمان کرد دەکرێت و دەگونجێت بکرێنە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی کەسایەتی مرۆڤەکان ، نەکێ (دوڵەمەندی و خاوەندارێتی و جوانی روخسار و عەشیرەت دارێتی و رەگەز پەرستی و ملکێ داری و کورسی دەستەڵات و بنەماڵەو ماڵ و منداڵ زۆری و دەیان شتی تر) بکرێنە پێوانە و مرۆڤەکانی پێ هەڵبەسنگێرێ !!
بێگومان هەریەکێ لەو پێوەرەماددیانە هەڵەن گەربکرێنە پێوەری هەڵسەنگاندنی مرۆڤەکان چونکە ، مەرج نیە هەرچی دەوڵەمەند بوو ئەو کەسێکی چاکێ و باش بێت ، بەڵام لەهەمان کاتیشدا مەرجە هەرکەسێکێ داوێن پاکێ و بەرەوشت بوو ئەوە کەسێکی چاکێ و باشوو ئەمینە .
مەرج نیە هەرکەس خاوەنی کورسی دەستەڵات و ماڵ ومنداڵی زۆر بوو ئەوە کەسێکی چاکە و لە خواترسە ، بەڵام مەرجە هەرکەسێکێ راست گۆو دڵسۆز و دادپەروەرد بێت ، ئەوە بەراستی مرۆڤی چاکە و لەپەروەردگاریەوە نزیکە ، وە بەهەمان شێوە بۆ سەرجەم شتەکانی تریش .
ئێمەی شوێن کەوتەی پەیامی خوای گەورە هەمووکات شانازیمان بەوەوەکردووە کە ئیمان دارین ، لەخواترسین ، بەرەوشتین و چاکە خوازین)کە

بنچینەی هەڵسەنگاندنی مرۆڤ ئەمەیە چونکە ئێمە چاومان تەنها لایەنی ماددی و دنیای مرۆڤەکان نابینێت ، بەڵکو ئەو دیوجیهانی ماددەش (مـــاوراء المـــادة) دەبینێت و هەستیان پێ دەکەین .

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکانی دنیاپەرست شانازی بـە (مـاڵ و منداڵـی زۆر و عەشیرەت و نەسەب و جوانـی و ملـکـ داری و کورسـی دەسـتەڵات و سـەیارو کۆشـکی بـەرزەوەدەکات و ، ئـەوەی بـێ بـەش بێـت لـەم شـتە ماددیانـە ئـەوە (مهین)ە واتە بێڕێـزە و کێشـی نیـە ، هـەروەکـ فرعـەونی دنیـا پەرست موسـای وەهاسەیرە دەکردوو بەبێ ڕێز نیشانی گەلەستەم کارەکەی دەدا .

٦) گومان لـەوەدا نیـە کـە هـەموو مرۆڤێـکـ لـە بنچینـەو بنـەڕەتدا بـەڕێزە و خاوەنی کەسایەتی تایبەتی خۆیەتی ئەم ڕێزەش وەکـ خەلاتێکی خوایی وەهایـە بـۆ مرۆڤ و لە ئاژەڵ و گیاندارانی تر پیێ جیادەکرێتەوە ، (ولقد كرمنا بني آدم .. ..) .

بـەڵام زۆر جـار مرۆڤـەکان بـــەهۆی لادان و سـەرپێچی پـەروەردگار و پشـت هـەڵکردنیان لـە ئامۆژگـاری پێغەمبـەران و بانگـەواز خـوازان ، ئـەو ڕێـــز و کەسایەتیەیان لەدەست دەدەن و لە ئاستی مرۆڤایەتی خۆیان دێنە خوارەوە .

گەلەبەدکارەکەی فرعـەون بـەهۆی پشـت هـەڵکردن و سـەرپێچی موسـا و گـوێ ڕایەڵی کردنی فەرمانە دۆزەخیـەکانی فرعەونـەوە ئـەو ڕێزەیـان لەدەسـت داو بونـە ئەوکۆمەڵەی کە خوای گەورەبەگەلێکی (فاسق)واتە لـە فـەرمان دەرچـوو ناویـان بەرێت ، هەروەکـ قورئان دەفەرموێت :

(فاستحق قومه فأطاعوه إنهم كانوا قوماً فاسقين) !! (الزخرف : ٥٤) .

(سيد قطب) لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت :

(وماكان فرعون بقادرٍ على أن يستخف قومه فيطيعوه ، لو لم يكونوا فاسـقين عن دين الله ، فالمؤمن بالله لا يستخفه الطاغوت ، ولا يمكن أن يطيع له أمرا ، وهو يعلم أن هذا الأمر ليس من شرع الله ..) [٣٨]

[٣٨] في ظلال القرآن (شهيد الأسلام) سيد قطب ، ج(٣) ، ص (٦١١) .

واتە : فرعەون ئەوەندە بەدەستەڵات و توانادار نەبوو ، بەسەر گەلەکەیدا کەبێ قیمەتیان بکات و ئەوانیشی گوێ رایەڵی فەرمانەکانی بکەن ، بەڵکو ئەم گەلە خۆیان فاسق بوون و لایان دابوو لە دینی خوای گەورە ، بەلام باوەڕداریێ کە بەراستی باوەڕی بە (الله) هەبێت ئەوە هەرگیز طاغوت و کەسانی مل هوڕ ناتوانن ملی پێنەوی بکەن بێڕێزی بکەن ، پاشان ناتوانن کەوا لەو باوەڕدارە بکەن بەگوێ رایەڵی فەرمانە کانیان چونکە مرۆڤی باوەڕدار دەزانێ کەوا ئەوفەرمانەی لەلایەن فەرمان دارێکی طاغوت و بێ باوەڕەوە دەردەچێت فەرمانێک نیە کە لەلایەن گەورە و شەرعی خوای گەورەوە بڕیاری لەسەر درابێت .

جا بەڕێزان هەمووکات و لەهەمووسەردەمێکدا دەستەلات دارەبێباوەڕەکان بۆ مەبەستی سەلماندنی بونی خۆیان و سەپاندنی فەرمانەکانیان بەسەر میللەتدا سود لە نەفامی و نەزانی ئەوگەل و میللەتەوە وەردەگرن و پاشان دەیان کەنە هەویری بەردەستی خۆیان .

گومانیشی لەوەدا نیە کە هۆکاری سەرەکی بێڕێز بوون و لەدەست دانی هەموو ئازادیەکان و سەرجەم بەها مرۆییەکان دەگەرێتەوە بۆ خودی گەل و میللەت خۆیان نەک بۆ دەستەلات دارو فەرمان رەواکان ، چونکە گەر میللەت بەویستی خۆیان بەرگری لە بوون و کیانی دەستەلات داران نەکەن و خزمەت گوزاری دەرنەبڕن لە پێناویاندا ، ئەوە هەرگیز فەرمان رەوا دەستەلات دارەکان ناتوانن و دەستەلاتی ئەوەیان نیە کە میللەتێکی گەورە ژێردەستەبکەن و بیکەنە خزمەت کار و بەردەستی خۆیان !!

بەڵێ هەر میللەتە فەرمان رەوەکان راست دەکەنەوە و بواری ستەمی نادەن ، وە بە پێچەوانەشەوە هەر میللەتەکە دەبنە هۆکاری گەشەسەندنی ستەمی ستەم کاران و راپەڕاندنی کارەکانیان ،

پاشان سزای خوای گەورە لە دنیادا بۆ ئەم گەل و کۆمەڵەی کە پاڵپشت و سەرخەر و راپەڕێنەری ستەم کاران بن بریتیە لەوەی ئەو دەستەلادارە ستەم کارەیان بەسەر دا زاڵ دەکات و ئەویش بێ رێز و بێمافیان دەکات ، وە هەرگەلێک

ئاوەها بوون ئەوە لەلای خوای گەورە بە (فاسق) واتە : پشت هەڵکردوو و دەرچوو لە فەرمانی خوای گەورە حساب . دەکرێت و ناودەبرێت .

بەڵام ئیسلام وەک کۆتاپەیامی خوایی و کۆتا خەڵاتی ئاسمانی بۆ سەرجەم بەندەکان دەیان و سەدان رێگەی چارەسەر خوازی داناوە کە فەرمان رەواکان لەکاتی فەرمان و دەستەڵاتیاندا دەبنە درندە بۆ گیانی گەل و میللەت ، وە گەل و میللەتیش دەبنە مەقاشی بەردەستیان و ئەورێزو کەسایەتیەی کە خوای گەورە پیێ داون لەدەستی بدەن .

یەکێک لەو یاسانە بریتیە لەم فەرموودەی خوای گەورە کە روودەکاتە باوەڕداران و پێیان دەفەرموێت :

(يأأيها الذين آمنوا أطيعوا الله وأطيعوا الرسول وأولي الأمر منكم ..) .

واتە: ئەی کۆمەڵی باوەڕداران گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوای گەورە و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی پێغەمبەر و ئەو دەستەڵات دارانە بکەن کە لە خۆتانن ـ واتە باوەڕدارن ـ کاکڵە و ناوەڕۆکی ئەم ئایەتە لەوەدایەکە خوای گەورەکاتێ رێگە بە باوەڕداران دەدات کە گوێڕایەڵی فەرمان رەواکان بکەن کە ئەوانیش وەک گەل و میللەت باوەڕداربن و لەپەروەدەگاریان بترسن ، گەرنا ئەوە (لا طاعة لمخلوق في معصية الخالق) متفق عليه .

واتە : گوێ رایەڵی کردن بۆ هیچ کەسێک دروست نیە کە فەرمان بکات بەکارێک کە تاوان بێت و بێ فەرمانی پەروەردگار بێت .

٧) وەک ئاشکرایە کە پێغەمبەرانی خوای گەورە (عليهم الصلاة والسلام) هۆکاری سەرەکی بوون بۆ مەبەستی دابەزینی سۆز و رەحمەت و بەرەکەتی خوای گەورە ، لەگەڵ ئەمەشدا کاری سەرەکی هەریەک لەو پێغەمبەر بەرێزانە بریتیبووە لە پیشان دان ی رێی راست و سەرفرازی بۆ مرۆڤەکان تا دوور و پارێزراوبن لە سزا و تۆڵەی خوای گەورە چ لە دنیا و چ لە قیامەتدا ، بەڵام زۆرجار مرۆڤەکان ئەوەندە خراپە و تاوانیان ئەنجام دەدەن کە هەڵوێستی جوان و بەرزی پێغەمبەران و بانگ خوازان پێچەوانە ببێتەوە لە بەرامبەریاندا و لەبری دووعای خێر و چاکە

بۆیان ، داواکردن لەخوای گەورە بە دابەزینی قەهر و غەزەب و سزاو تۆڵە چ لە دنیاو چ لە قیامەتدا ..
گەر هەر لەم روانگەیەوە سەرنجی موسا و گەلەبەدکارەکەی بدەین دەبینین کەوا هەمان رووداو دووبارە دەبێتەوە !!
موسا - عليه السلام - بەمەبەستی رزگارکردنی گەلەکەی لە سزای خوای گەورە نێردراو رەوانەکرا ، بەلام گەلەکەی بەگشتی و فرعەون بەتایبەتی ئەوەندە بەرپەرچیان دایەوە و بەدرۆخواز ناویان برد تا کار گەیشتە ئەوەی موسا - عليه السلام - ئومێدی خێریان لێ‌نەکات و دەست و دڵ و دەمی پیرۆزی ئاراستەی پەروەردگاری بکات و پڕ بەدەنگ و لەناخی دڵیەوە هاوار بکات و بڵێت :
(ربنا إنك آتيت فرعون وملأه زينة وأموالاً في الحياة الدنيا ربنا ليظلوا عن سبيلك ربنا أطمس على أموالهم واشددعلى قلوبهم فلا يؤمنوا حتى يروا العذاب الأليم) [39] (يونس : ٨٨) .
جا بەرێزان هۆکاری بەدرەفتاری و بێباوەڕی فرعەون و گەلەکەی بوو کە ئاراستەی دووعای خێری موسای - عليه السلام - لە خێرەوە کردە شەڕ وو داواکردن لەخوای گەورە کە سزایان بۆ بنێرێت هەر لەدنیادا .
ئاخۆ دەبێت ئەم گەلە چەندە تاوانیان کردبێت ؟!
ئاخۆ دەبێت فرعەون چەندە توند رەفتاری لەگەڵ موسا و پەیامەکەیدا کردبێت و چەندە رەق و ناشرین بەرپەرچی دابێتەوە ؟!
ئەمانە و سەدان هەڵوێستی خراپی تری فرعەون و گەلە کەی شاهدن لە سەر ئەوەی کە سات لەدوای سات فرعەون و گەلەکەی بەرپەرچی موسا یان داوە تەوە و هەموو کارێکیان گرتووەتە بەر بۆ لەناوبردن و سەرکوت کردنی .
٨) گەر سەرنجی هەمان ئایەت بدەین دەبینین کەوا ماڵی دنیا و خۆشیەکانی کراوەنەتە هۆکارێک ی کاری گەر و بەرچاو لە پێناوی دورخستنەوەی خەڵکی لە

[39] پێشتر تەفسیرکراوە .

ڕێگەی خوای گەورەو (صراط المستقيم) هەروەک دەفەرموێت (ربنا إنك آتيت فرعون وملاه زينة وأموالاً في الحياة الدنيا ربنا ليظلوا عن سبيلك ..) (يونس : ٨٨)

لەم ئایەتەدا گەورەترین حکمەت و پەند و ئامۆژگاری ونهێنیی تێدایە کە خودی دنیا خۆی لەگەڵ خۆشیەکاتیەکانیدا هۆکاری سەرەکین بۆ لەخشتە بردنی بەندەکان و لادانیان لە ڕێبازی پەروەردگاریان ، هەروەک قورئان دەفەرموێت : (وما الحياة الدنيا إلامتاع الغرور).

بەڵێ ئەمە حەقیقەت و خودی دنیا خۆی وەهایە لە کاتێکی ئاسایدا ، دەی ئاخۆ ئەگەر زوربەی خۆشی و نعمەتەکانی دنیا بکەونە ژێر دەستی کەسانی بێباوەڕ و خراپەکارە وە دەبێت چیە مرۆڤەکان بکرێت و چەندە بەخێرایی لەدینی خوای گەورەیان دووربخەنەوە ؟!!!

بێگومان زۆربە خێرای چونکە لەم حاڵەتەدا هۆکاری لەخشتە بردن و گومڕاکردنی مرۆڤەکان دەبن بەدوان کە یەکەمیان دنیا و خۆشیەکاتیە گومڕاگەرەکانیەتی و دووەمیشیان خەڵکانێکی دەستەلات دار و خاوەندارن کە خۆشیەکانی دنیا و پاشان گەندەڵی و خراپەکاری خۆیان گرێ دەدەن و چەکوش ئامادەی دەن بە ئارەزووی خەڵکیدا و بەرەو ڕێگەی شەیتانەکان هەڵی دەنێت و دەی بزوێنن ، گەر سەیرێکی دەستەلات دارە فرعەون ڕەفتارەکانی سەردنیای ئەمڕۆبکەین ، ئەوە زۆر بەئاشکرا دەبینن کەوا هەریەک لە جێگەی خۆیەو فرعەون ئاسا ئامادەیەکە دەیان و سەدان هەزار دینار و دۆلار سەرف بکات لە پێناوی گومڕا کردنی خەڵکی وچەواشەکرنیان و بەهەڵەنیشاندانی ئەو ڕێگە ڕاستەی کە خوای گەورەدای ناوە .

بەڵام لەهەمان کاتیشدا گەر (دە)یەکی ئەوپارەی کە ئەوان لە پێناوی بەدکاری و چەواشەکردنی بەندەکانی خوای گەورەدا سەرف بکەن بۆ مەبەستی چاکە خوازی و کاری ئاوەدان کردنەوە ، ئەوە زۆر بەدڵنیاییەوە سەرجەم کێشەکانی وڵات چارەسەر دەبن و خەڵکی گرفتیان نامێنێت .

ئەمڕۆ چەندە خەڵکی بەهۆکاری پارە و ماڵی دنیاوە چەواشە کراوە و لەدینی خوای گەورە دوورخراوەتەوە !؟

چەندە نوسەر بەکرێ گیراون و لەدژی ئیسلام و موسڵمانان بەبەردەوامی دەنوسن و بلاودەکەنەوە ؟!

چەندە چەکدار لولەی تفەنگەکانیان ئاراستەی سنگی موسڵمانان کردووە و خۆزگەی لەناوبردنیان دەخوازن ؟.!

چەندە دام و دەزگای ڕەسمی میری دەستیان لەکاری بۆ دیاری کراوی خۆیان هەڵگرتووە و شەورۆژیان گرێ داوە بۆ داڕشتنی پیلان لەدژی باوەڕداران و لادانیان لە ڕێگەی ڕاستی پەروەردگاریان ؟! ئەمڕۆ چەندە کەناڵی ڕاگەیاندن بەکرێ گیراوە و لەدژی خواو پێغەمبەر و باوەڕداران بەبەردەوامی قسە دەکەن ؟!

ئەوەی کە باس کرا تا ڕۆژی دوای بەردەوام دەبێت و ماڵی دنیا دەکرێتە هۆکاری لادانی خەڵکی لە ڕێگەی خوای گەورە و ئیسلام ، بەلام (والعاقبة للمتقين) و (الندامة للضالمين) .

(٩) دابەزینی سزای خوای گەورە بۆ خەڵکی ئەوەناگەیەنێت کە خوای گەورە بەتەواوی خەشم و قینی لەو گەل و میللەتە گرتووە و لە سنووری سۆزی خۆی کردوو نیەتە دەرەوە ، بەڵکو زۆر جار خوای گەورە لە ڕەحم و سۆز و خۆشەویستی خۆی لەبەرامبەر بەندەکاندا بۆ مەبەستی گەڕانەوەیان دووچاری سزا و ناڕەحەتی و نەهامەتیان دەکات تا ئەوانیش بیریان بێتەوە بەخۆیاندا ودەستەلاتی پەروەردگاریان بۆ دەربکەوێت هەروەک قورئان ئەم ڕاستیەمان بۆ باس دەکات و دەفەرموێت .

(ولقد أخذنا ءال فرعون بالسنين و نقص من الثمرات لعهم يذكرون)
(الأعراف :١٣٠)

واتە : سوێند بێت بە پەروەردگار قەهر و غەزەبمان گرت لە گەل و دار و دەستەکەی فرعەون و سزامان دان و سالانی گرانی و قات و قڕی و کەم و کوڕی لەبەرهەم و میوەهاتدا بۆ ئەو مەبەستەی بیر بکەنەوە .

(سبحان الله) خوای گەورە چەندە لەکارەکانیدا حەکیم و لێزانە ، چەندە مەبەستێتی کە بەندەکانی بگەڕێنەوە و بیریان بخەنە کار بۆ هەست کردن بە تاوان و هەڵەی خۆیان و بەسۆزی و لێبوردەیی پەروەردگاریان .

گومانیش لەوەدا نیە کە بیر کردنەوە یەکێکە لەهەرە ئەو نعمەتە گەورە و بەرزانەی کە خوای گەورە وەک خەلاتێکی بەنرخ دەی بەخشێ بەبەندەکانی و دەیکاتە هۆکاری ناسینی خوای گەورە لە دنیا دا و رزگار بوونی لەتۆڵەی دوا رۆژ .

چونکە بەهۆی تێڕوانین و بیرکردنەوەیەکە بەندەکان لە دنیای ماددی کۆچ دەکەن و بەرەو جیهانی رۆح و ئاسمانەکان دەکەونە رێ و خێراو بەزوویی پەروەردگاریان دەدۆزنەوە و بەبێ هیچ هۆکارێک پەیوەندی پێوە دەکەن .

بەهۆی بیرکردنەوەیەکە مرۆڤ دەگاتە ئەو ئاستەی کە خوای گەورە ئەم بونەوەرەی بەبێ هودە دروست نەکردووە و مەبەستێکی گەورەی تێیدا هەیە .

هۆکاری بیرکردنەوەیەکەوا لە مرۆڤ دەکات دەرک بە سزای خوای گەورە بکات و پڕ بەدەنگ هاوار بکات و بڵێت ئەی پەروەردگارم بمان پارێزە لە سزای سەخت و سوتێنەری خۆت !!

(الذين يذكرون الله قياماً وقعوداً وعلى جنوبهم ويتفكرون في خلق السماوات والأرض ربنا ما خلقت هذا باطلاً سبحانك فقنا عذاب النار) .

کەواتە خۆش بەختی بۆ ئەوکەسانەی کە بیردەکەنەوە و لەناخۆشی و دەردوونەهامەتیەکان و پەند و ئامۆژگاری و هەڵوێستی ژیرانەوەردەگرن و بەخۆیاندا دێنەوە و ئەو هەڵەیەی ئەنجامیان داوە دووبارەی ناکەنەوە ، کە بەراستی ئەمانە (أولئك هم الفائزون) (هم المؤمنون حقاً) ، (هم المفلحون) ..

وە بە پێچەوانەشەوە سەرگەردانی خەسارەت مەندی دنیا و قیامەت بۆ ئەو کەس و کۆمەلانەی کە لەکاتی دابەزینی سزای خوای گەورە کەبەسەریان دێ ، یان کاتێ توشی هەر بەلایەک دێن ، بیرناکەنەوە و زیاتر بەردەوام دەبن و پشت دەکەنە خوای گەورە ، بەراستی ئەوانە (کاالأنعام بل هم أضل ، أؤلئك هم الغافلون) (هم الذين خسِروا الدنيا والأخرة) .

١٠) خاڵی دەهەم بە پرسیارێک دەست پێدەکات ئەویش بریتیە لە :

پرسیار : ئایا عاقبەتی ئەوکەس و میللەتانەی کە کاتێ سزای خوای گەورەیان توش دەبێت و بیر بەچی دەگات ؟! لە دنیادا و پاشان لەدوارۆژدا ؟!

وەڵام : هەروەک باسمان کرد کەوا مەبەستی خوای گەورە لە سزا ناردن بۆ سەر خەڵکی بریتیە لە هۆشیار کردنەوە و هەڵساندنیان لە شەوەزەنگی تاریکی و بێ ئاگایی و بەیادهێنانەوەیان لەو شتانەی کە لە بیریان کردووە .

بەڵام گەر خەڵکی بیروهەستی تەخرۆشا لەبەردەم بەسزا و تاقی کردنەوە خواییەکان ئەوەبێ گومان توشی ئەم بەڵاو ناڕەحەتیانە دەبێت .

ا) بەسەر بردنی ژیانێکی ناخۆش و پڕ لە خراپە و تاوان و بێ بەرەکەت ، ئەمیش لەکاتێکدا کە خەڵکی بەگشتی یان زۆرێک لەخەڵکی پشت بکەنە پەیامی خوای گەورە و بیرنەکردنەوەیان لەدەستەڵاتی بێسنووری هەروەک قورئان دەفەرموێت :

(فمن أعرض عن ذكري فاِن له معيشةً ضنكا ..)

واتە : گەر هەرکەسێک یان هەرکۆمەڵێک پشتیان کردە پەیامی من ـ واتە خوای گەورە ـ ئەوە لە ژیانێکی ناخۆشدا دەیژێنم ..) .

ب) گۆڕینی سەرجەم خێر و بەرەکەتە زەوی و ئاسمانی و گەردوونیەکان بەشتی خراپ و بێ سوود و پڕ لە بەلا ، بۆ نمونە باران بارین یەکێکە لەهەرئەو نعمەتەئاسمانیانەی کەژیانی خەڵک ی لەسەر بەندە و خوای گەورە بە پیرۆز (مبارک) ناوی بردووە هەروەک دەفەرموێت :

(وأنزلنا من السماء ماءً مبارك) .

واتە : لە ئاسمانەوە ئاوی پیرۆز و مبارک تان بۆ دەبارێنین !! بەڵام ئەو بارانە پیرۆزە لەهەمان کاتدا دەبێتە بەڵاو ناڕەحەتی و هۆکاری لەناو چوون و مرنی گەلە بەدکارەکەی (نوح) ـ علیه السلام ـ ئەویش بەهۆی بەردەوام بوونیان لەسەر تاوان و بیرنەکردنەوەیان لە سزای سەختی خوایی .

یان ڕەشەبا کە یەکێکی ترە لە نعمەتە گەردوونیەکانی خوای گەورە بۆ مرۆڤەکان و دەیان و سەدان سوود و حکمەتی جۆراو جۆری تێدایە ، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەو ڕەشەبا پڕ لە نعمەتە لەلایەن پەروەردگارەوە دەگۆڕێت بۆ بەڵا و دەبێتە هۆکاری لەبن هەڵکەندی گەلەکەی پێغەمبەر (عاد) ـ (عليه السلام) ـ هەروەک خوای گەورە دەفەرموێت :

(وأما عادٌ فأهلكوا بريح صرصرٍ عاتيةٍ .. ..) .

ج) کەم بوونەوە و لێ گرتنەوەی نعمەتەکان و دروست بوونی گرانی وقات و قڕی لە جێگە و شوێنیدا ..

ئەمیش بەو شێوەیەی کە خوای گەورە وورده وورده نعمەتەماددی و مەعنەویەکانی لەو گەل و میللەتە دەگرێتەوە و دووچاری گرانی و قات و قڕی و بێ بەرەکەتی و ترس و برسێتیان دەکات .

خوای گەورە لەم بارەوە سەرگوزشتەی گوندێکمان بۆ باس دەکات و دەفەرموێت :

(وضرب الله مثلاً قريةً كانت ءامنةً مطمئنةً يأتيها رزقها رغداً [40] من كل مكان فكفرت بأنعم الله [41] فأذاقهاالله لِباس الجوع والخوف [42] بما كانوا يصنعون) النحل : ١١٢ .

واتە : خوای گەورە نمونەتان بۆ دەهێنێتەوە بە شارێک کە ئاسوودەیی و دڵ ئارامی تێدا بێت پاشان ڕۆزی و رسقی بۆ بێت لەهەموولایەکەوە ، بەڵام لە پاشاندا ئەهل و دانیشتوانی ئەم شارە ناسوپاسی و سپڵەی بەکار بهێنن بەرامبەر بەخوای گەورە ، ئەوجا خوای گەورە ئەو رزق و ڕۆزیەی خۆی لێ دەگرێتەوە و کراسی

[40] رغداً : بمعنى طيباً واسعاً أو هنيئاً لا عذاب فيه .

[41] كفرت بأنعم الله ..) : بمعنى جحدت نعمَ الله عليها فلم تشكره .

[42] فأذاقها الله لباس الجوع والخوف / بمعنى رماهم الله بجوع وخوفٍ و مصائب تحيط بهم كما يحيط اللباس بصاحبهِ) .

(تفسير وبيان مع أسباب النزول للسيوطي ..) ص (٢٨٠)

برسێتی و ترس دەکات بەبەریاندا بەهۆی ئەو ناسوپاسی یەی کە دەیان کردوو ئەنجامیان دەدا .

ناوەڕۆکی ئەم ئایەتە دەدوێ لە بارەی ئەوەی کە خوای گەورە رزق و خێر و خۆشی و خۆی دەبەخشێ بەدانیشتوانی شارێک گەر بیربکەنەوە و پێزان و سوپاس گوزاربن بەرامبەر بە پەروەردگاریان بەلام گەربە پێچەوانەوە بوون و سوپاسی پەروەردگاریان نەکردوو بیریان لە بەڵگە و نیشانەکانی خوای گەورە نەکردەوە ئەوە بەدڵنیاییەوە خوای گەورە نعمەتەکانی خۆی دەگۆڕێتەوە بەدەردوو ترس و برسێتی بۆیان و وەک پۆشاک دەیکاتە بەریان .

و) **هێشتنەوەی ئەوکەس و گەل و میللەتانە لەسەر تاوان** و خراپەکاری و دووربونیان لەهیدایەت تا ئەو قەدەرەی کە بەکافری و چارەنوس خراپەوە سەر دەنێنەوە و دنیای بڕاوە بەجێ دەهێڵن !!

یەکێکی تر لە سزاکانی خوای گەورە بۆ ئەوکەس و کۆمەلانەی کە دەرس وەرناگرن لە بەڵگەکانی خوای گەورە و بیر لە رووداوەگەر دوونیەکان ناکەنەوە بریتیە لەوەی کە خوای گەورە لەوسەر گەردانی و بێباوەڕیەی کە دووچاری بوون دەیان هێڵێتەوە و بەردەوام یان دەکات لەسەر بێ باوەڕی خۆیان تا ئەوکاتەی کە بەرووڕەشی و بێ باوەڕی دەمرن و دنیا بەجێدەهێڵن ، گەر سەرنجی دووعاکانی موسا ـ ﷺ ـ بدەین دەبینین کەوا ئەم داوایە ئاراستەی خوای گەورە دەکات و دەفەرموێت .

(.. .. .. ربنا طمس على أموالهم واشدد على قلوبهم فلا يؤمنوا حتى يروا العذاب الأليم) (يونس : ٨٨) .

واتە : ئەی پەروەردگار خۆشیان و ماڵ و سەروەتیان لەناو بەریت و زیاتر دڵیان رەق و رەش هەڵگەڕاو بکەیت باوەڕ نەهێنن ! تا ئەوکاتەی سزای سەختی تۆ دەبینن !!

خوای گەورە لەبەرگرنگی ئەم داواکاریە دەست بەجێ وەڵامی موسا و هارونی دایەوە و فەرمووی :

(قد أجيبت دعوتكما .. .. ..) (يونس : ٨٨)
واتە : ئەوە وەڵامی داواکاریەکانتانم دایەوە .
هەروەها خوای گەورە بۆ زیاتر رون کردنەوەی ئەم سزادانە دەفەرموێت :
(ويمدهم في طغيانهم يعمهون)
واتە : ماوەیەک لەوسەرکەشی و تاوانەی خۆیاندا بەکوێری دەمێننەوە ! .. ..
ئەمیش بێگومان تاکاتی مرۆدنیانەو بەبێ باوەڕی و بەکۆڵێک تاوانەوە دەچنەوە بەر بارەگای دادی خوایی و پاشان لەدوای شەیتانی مامۆستایانەوە بەرەو دۆزەخی دوامەنزڵگای هەتا هەتای را پێچ دەکرێن .

پرسیار : ئایا چارەنووسی ئەوکەسانە بەچی دەگات کە بیر لە سزاکانی خوای گەورەدەکەونەوە و هەست و باوەڕیان دەخرۆشی و لە پەروەردگاریان دەترسن و لەکاتی تاوان و خراپەکایدا دەست بەجێ تەوبەدەکەن و دەگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە ؟!

وەڵام : بێگومان حسابی ئەوکەسانەی کە خوای گەورەیان لەیادە و بیردەکەنەوە لە سزاکانی و لەدڵەوە دەترسن لەپەروەردگاریان ئەوە زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەو کەس و کۆمەڵانەی کە بیرناکەنەوە و بەردەوامن لەسەر خراپەکاری خۆیان .
خوای گەورە وەسفی ئەم کۆمەڵە دەکات و دەفەرموێت :
(والذين إذا فعلوا فاحشة أو ظلموا أنفسهم ذكروا الله فاستغفروا لذنوبهم ومن يغفر الذنوب إلا الله ولم يصروا على ما فعلوا وهم يعلمون * أولئك جزائهم مغفرة من ربهم وجنات تجري من تحتها الأنهار خالدين فيها ونعم أجر العاملين)
(ال عمران : ١٣٥ ، ١٣٦) .
واتە : ئەوکەسانەی کە کاری خراپە و نابەجێ ئەنجام دەدەن یان ستەم لە نەفسی خۆیان دەکەن ، دەست بەجێ یادی خوا دەکەن و توبە دەکەن لەو تاوانەیان !! کەواتە کێ لێ خۆش بووە لە تاوانی بەندەکان جگە لە خوا !! هەروەها ئەو کەسانەی کە تاوان دەکەن و بەردەوام نابن لەسەری دەزانن کەوا تاوانە ، بەراستی ئەوانە پاداشت دەدرێنەوە لەلایەن پەوەردگاریانەوە بە لێ خۆش بوون و باخ و

باخاتی بەهەشت کە بەژێریاندا دەڕوات ئاوو کانیاوی جوان ، هەروەها بەنەمری دەمێننەوە تیایدا ، کە ئەوەش پاداشتی ئەو بەندانەیە کە کاردەکەن) پاشان چارەنوسی ئەوکەس و کۆمەڵانە بریتیی دەبێت لە :

ا) بەسەربردنی ژیانێکی ئاسوودە و پڕ بەرەکەتی خوایی هەروەک قورئان دەفەرموێت :

(ولو أن أهل القرى آمنوا واتقوا لفتحنا عليهم بركاتٍ من السماء والأرض ..) .

واتە : ئەگەر دانیشتوانی ئەو شاروو جێگایە باوەڕیان هەبێت خۆ پارێزن لە تاوان ئەوە بە دڵنیاییەوە دەرگای بەرەکەتی ئاسمانەکانوو زەویان بۆ دەکەمەوە .

ب) بۆ زیادکردن و دەوڵەت دار کردنیان و دورخستنەوەیان لەهەژاری و نەداری ، خوای گەورە دەفەرموێت :

(لئن شكرتم لأزيدنكم.. ..)

واتە : گەر ئێوە سوپاس ی منتان کرد ـ واتە هی خوای گەورە ـ ئەوە منیش بۆتان زیاد دەکەم .

ج) بڵاوبوونەوەی دڵ ئارامی و خێر و خۆشی لەناویاندا ، هەروەک خوای گەورە منەت بەسەر قرەیشدا دەکات و دەفەرموێت (أطعمهم من جوع وآمنهم من خوف) (قريش : ٤) .

واتە : خوای گەورە قوڕەیشیەکانی تێرکردبوو لە خواردن و دڵ ئارامی کردبوون لە ترس .

کەواتە پوختەی وتە لەم خاڵەدا ئەوەیەکە ئەگەر هاتوو خەڵکی لەبەرامبەر بەسزاکانی خوای گەورەیان نعمەتەکانی هەڵوێستی وەرگرت و بەخۆیاندا چوونەوە و دەستیان هەڵگرت لە خراپەکاری و بەزوویی گەڕانەوەلای خوای گەورە ئەوە خوای گەورەش ئەو نارەحەتی و بەلایەیان لەسەر لادەبات و خێر و خۆشی و دڵ فراوانی و هەرزانی و ئاسوودەیی لەناویاندا بڵاودەکاتەوە !!

بەڵام بە پێچەوانەوە گەر پەند و عیبرەت وەرنەگیرا لە سزاکانی خوای گەورە و خەڵکی بەردەوام بوو لە سەر بڵاوکردنەوەی بەدکاری ئەوە بێگومان خوای گەورە

جار لەدوای جار ئەو سزایانەیان لەسەر قورس تر دەکات و زیاتر گیرۆدەیان دەکات پێوەی هەروەک چۆن گەلەکەی فرعەونی بەو دەردە دا برد .

(۱) هەروەک لەسەرەتادا باسمان کرد کەوا خوای گەورە چەندین جۆر سزای جۆراوجۆری ناردەناو گەلەکەی فرعەونی بەدکارەوە و توشی ناڕەحەتی کردن، بەڵێ لەم روداوە پرسیارێک سەر هەڵدەدات کە ئەویش بریتیە لە :

پرسیار : ئایا لە چ کاتێکدا سزای خوای گەورە دادەبەزێ بۆ سەر خەڵکی بەشێوەیەکی گشتی ؟!

وەڵام : پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکە بدەینەوە دەبێت ئەوە بزانین کە خوای گەورە هیچ کاتێک مەبەستی سزادانی بەندەکانی خۆی نەبووە و هەردەم خێر و خۆشی ویستووە بۆیان بەڵام بەندەکان بەوشێوە پەروەردگاریان نەناسیوە و بەهۆی چەند کاروکردەوەیەکەوە بوونە هۆکاری دابەزینی ئەو سزایانە کە ئەوانیش بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە .

ا) **بەرپەرچ دانەوەی پێغەمبەران و بانگ خوازان** /کاتێک سزای خوای گەورە دابەزیووە بۆ سەر ئەوگەل و میللەتانە کە خەڵکی بەرپەرچی بانگەوازی پێغەمبەران یان بانگ خوازانیان دابێتەوە وە ئەم سزادانەش تەنها پەیوەست نەبووە بەو کاتەی کە ئەو پێغەمبەرە لەناو ئەو گەلەدا ژیابێت و بەمردن یان شەهید کردنی ئەو پێغەمبەرە سزا خواییەکە لاچووبێت لەسەریان !! بەڵکو سزای خوای گەورە بەردەوامە بۆ هەموو ئەوکەس و کۆمەڵ و گەل و میللەتانەی کە هەڵوێستی بەرپەرچ دانەوەی پەیامی خوای گەورە و هەڵگرانی پەیامەکە دەدەنەوە ، بەڵێ گەلە بەدکارەکەی فرعەون کاتی سزای خوای گەورە کەوتەسەریان کەبەرپەرچی موساو پەیامە خواییەکەیان دایەوە .

ب) **سوپاس نەکردنی خوای گەورە لەبەرامبەر نعمەتەکانیدا** / یەکێکی تر لەوهۆکارانەی کە دەبنە هۆی دابەزینی سزای خوای گەورە بۆ سەربەندەکان بریتیە لە سوپاس نەکردنی خوای گەورە لە بەرامبەر نعمەتەکانیدا و پێنەزانی و بێ سفەتی نواند ، قورئان لەم بارەوە دەفەرموێت :

(.. .. .. ولئن كفرتم إن عذابي لشديد) .

واتە : خۆ ئەگەر سوپاس گوزار نەبوون لەبەرامبەر بەنعمەتەکانی من ـ واتە خوای گەورە ـ ئەوە بەدڵنیاییەوە سزای من زۆر قورس و توندە .

ج) **زۆرتاوان کردن و بڵاوبوونەوەی فەساد لەوڵاتدا** / سێهەم خاڵ لەهۆکارەکانی دابەزینی سزای خوای گەورە بۆ سەرخەڵکی ناوچەیەک یان هەر جێگەیەکی تر بریتییە لە زۆر تاوان کردن و رۆچوون لەبەدکاری و خراپەکاریدا ، چونکە گومان لەوەدا نیە کە دڵی مرۆڤ بەهۆکاری تاوان ئەنجام دانەوە رەش دەبێت و پاشان وەک بەردو لەبەردیش زیاتر رەق دەبێت و توشی نەخۆشی دەبێت ، کاتێک ئەم دڵە یان ئەو دڵانە سیفەتی رەش بوون یان رەق بوونیان بەسەردا هات ئەوە بەدڵنیاییەوە ئامۆژگاری خوای گەورە و نوری پەیامی پەروەردگاری تێدا جێگە نابێتەوە و بەردەوام لەهەوڵی بەدکاری و خراپە دروستکردن دادەبن لەسەر زەویدا ، کاتێک ئەوفەساد و بەدکاری و بێ باوەڕیە بەشێوەیەکی دیار و بەرچاوو بڵاوبوویەوە و رێژەی خراپە و خراپەکاران زیاتر و زۆر تربوو لە کەسانی چاک و چاک خواز ئەوە سزای خوای گەورە لە دەرگای سەرجەم ماڵ و شوێنگای ئەوگەل و میللەتەدەدات و لەناویان دەبات هەروەک گەلی (عاد ، ثمود ، صالح ، هود ، لوط ، موسا ، ... هتد)

ء) **شکاندنی پەیمان لەگەڵ خوای گەورە و زۆر درۆکردن** /لەناو هەرگەل و میللەتێکدا نەخۆشی پەیمان شکاندن و درۆکردن زۆر بڵاوبوویەوە ، ئەوە ئەو گەل و میللەتە دووچاری دەیان و سەدان سزای سەخت و جۆرا جۆری خوای گەورە دەبن ، چونکە درۆکردن و پەیمان شکاندن یەکێکە لەهەرەئەوکارەخراپ و دزێوانەی کەسەرجەم کۆمەڵگاو ژینگەی مرۆڤایەتی دوودەخاتەوە لە راستیەکان و چەواشەکردنیان و کۆچ پێکردنیان لە راستە شەقامی خوای گەورە بۆ درۆ شەقامی شەیتان !!

هەموو ئاگادارین کە گەلەبەدکارە درۆزنە پەیمان شکێنەکەی فرعەون بەگشتی و فرعەون خۆی بە تایبەتی چۆن جار لەدوای جار پەیمانیان دەدا بەمووسا گەر ئەم

سزایانەیان لەسەر بڕوات ئەوە باوەڕی پێ بهێنن ، بەڵام پاش لاچوونی سزاکە دەست بەجێ دەگەڕانەوە سەرکردەوە دزێوەکەی خۆیان و بۆ جارێکی تر بەردەوام دەبوون لەسەری .

(وما نريهم من آيةٍ إلا هي أكبر من أختها وأخذناهم بالعذاب لعلهم يرجعون * وقالوا ياأيها الساحر أدع لنا ربك بما عهد عندك إننا لمهتدون * فلما كشفنا منهم العذاب إذاهم ينكثون) [٤٢] (الزخرف : ٤٨ ، ٥٠)

هـ) **خۆبەزل زانی** / یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی دابەزینی سزای خوای گەورە بۆ سەر خەڵکی بریتیە لە بوونی خۆبەزل زانی لەناو ئەوگەل و کۆمەڵەدا بەتایبەتی دەستەڵات دارو بەڕێوەبەرانی وڵات ، گەلە بەدکارەکەی فرعەون بەگشتی و فرعەون خۆی بەتایبەتی ئەم سیفەتەیان زۆر بەئاشکرا لەناودا بوو هەروەک قورئان دەفەرموێت :

(.. .. .. فاستكبروا وكانوا قوماً مجرمين) الأعراف : ١٣٣.

ئاشکرا شە کەوا خۆبەزل زانی بریتیە لە (بطر الحق وغمط الناس) رواه مسلم واتە : بەرپەرچ دانەوەی راستی و بەکەم تەماشاکردنی خەڵکی .

١٢) بەرچاوترین سیفەتی دزێوی خەڵکانی بێباوەڕ و دوور لەخوا بریتیە لەوەی کە ئەگەر هاتوو خێرێکیان دەست گیر ببێت ئەوە دەست بەجێ لەخۆیان بای دەبن و شانازی دەکەن و دەڵێن ئەوە لە ژیری و چاکی و ئازای خۆمانەوە دەستمان کەوتووە و بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئێمە شیاوی ئەو خێرەبین ؟

بەڵام هەر ئەم جۆرە خەڵکانە گەرتوشی بەڵاو ناڕەحەتیەک ببن و زیانێکیان لێ بکەوێت ئەوە خێرادەی دەنەوە پاڵ خوای گەورە و شوێن کەوتوانی پەیامەکەی !!

فرعەون و گەلە بەدکارەکەی کاتێ توشی خێر و خۆشی و بەرژەوەندیەکی دنیای دەبوون دەست بەجێ خۆزگەی خۆبەزل زانی لەناخیاندا سەری هەڵدەداو دەیان

[٤٢] پێشتر تەفسیر کراوە .

وت ئەمە لەچاکی و پاکی و زیرەکی خۆمانەوە دەستمان کەوتووە .! (فاء ذاجاءهم الحسنة قالوا لنا هذه ..)

بەلام بەپێچەوانەوەکاتێ توشی سزا و نارەحەتی و بەلایەک دەهاتن رویان دەکردە موسا و شوێن کەوتوانی و رەش بینی خۆیان دەردەبڕی لەبەرابەر یاندا و ئەوانیان دەکردە چوارچێوەی تاوانەوە و پێیان دەوتن : هۆکاری گیرۆدەبوونی ئێمە بەم هەموو سزا و زەرەروزیانەوە تەنها ئێوەن و گەر ئێوە نەبن ئەوە سزاو گرانیمان لەسەر لادەچێت و پشوودەدەین و بەخۆشی دەژین ؟!

(... وإن تصبهم سيئة يطيروا بموسى ومن معه .. ..) .

شەیتان بۆ مەبەستی گومڕاوکردنی مرۆڤەکان دەیان و سەدان رێگەی هەیە ، جا یەکێک لەو رێگە ساختەکارانەی کە دەیگرێتە بەر بۆ دورست کردنی رق و قین لەدڵی بەندەکاندا لەبەرامبەر پەروەردگاریان بریتیە لەوەی کار دەکاتە سەرناخیان و دەروونیان دەشێوێنی و بەوجۆرەی لیدەکات کە ئەگەر توشی خێر و خۆشی و هەندێ لە نعمەتەکانی دنیا هات ئەوە بەهی خۆی بزانێت و بەزمانی حاڵ بڵێت .

بەراستی من شیاوی ئەوەم کە سەروەت و سامان و پارە و ماڵ و منداڵم هەبێت و ئەوەی کە ئێستە بومەتە خاوەنی لە ژیری و زانای و زیرەکی خۆمەوە پەیدام کردووە و نعمەتی خوای گەورە نیە ؟!! هەروەک قارون ی دوور لەخواو ماڵ پەرست هەمان قسەی دەکردوو دەی وت :

(.. .. إنما آتيته على علمٍ عندي ..) (القصص ٧٨)

واتە : ئەوسەروەتەی کە هەمە و خاوەنداریم بەهۆکاری زانیاری و زیرەکی خۆمەوە دەستم کەوتووە ؟!

بەلام هەر ئەم جۆرە کەسانە کاتێ توشی نارەخەتی و سەرئێشە و گرفت و کێشە وبەلادێن دەست بەجێ هۆکارەکەی دەگێڕنەوە بۆ خوای گەورە و شوێن کەوتوانی و رەش بینی دەردەبڕن بەرامبەر بە بانگەوازخوازان و پەیامەکەیان ؟!

ئەم جۆرە هەڵوێستە تەنها پەیوەست نەبووە بەسەردەم و کاتی فرعەونەوە لە پاشاندا کۆتایی پیهاتبێ ؟!!

نەخێر بەرەش تەماشاکردنی پێغەمبەران و بانگ خوازان و پەیام داران هەڵوێست و پیشەی شەیتانی سەرجەم کەسانی دور لە خواو دنیاپەرستە تا رۆژی دوایی !!

خۆ ئەگەر بەخێرایی سەیرێکی خەڵکی ئەمرۆ بکەین هەمان خوو رەفتاری جاهلی فرعەون و گەلەبەدکارەکەی بەدی دەکەین ، ئەویش بەوەی کە توشی خێر دەبن دەست بەجێ هۆکارەکەی دەگێرنەوە بۆ چاکی و باشی خۆیان و دەڵێن : بەراستی ئێمە شیاوی ئەم خێرو خۆشی و نعمەتە زۆرانەین هەر بۆیە دەست گیرمان دەبێت !!

بەڵام کاتێ برسی دەبن دەست بەجێ شەیتان خوایان بیردەخاتەوە ؟ ئەویش لەبەر ئەوە نا کە بگەڕێنەوە بۆ لایی و تەوبە و پەشێمانی دەرببڕن ، بەڵکو بۆ ئەوەی کە هەڵوێستی ناشرین و رەش بینی لەبەرامبەرا دەرببڕن و زیاتر خواى گەورە و شوێن کەوتوانی پەیامەکەی ناشرین و لەکەدار بکات لەدڵیاندا !!

ئەمرۆ چەندە خەڵکی بێئاگا دەبینین کە کاتێ توشی خێر دەبن هۆکارەکەی دەگێرنەوە بۆ لای چاکی و باشی خۆیان بەڵام کاتێ توشی ناڕەحەتی و برسێتی و بەلایەک دەبن دەست بەجێ رووی رەش و دەمیان دەکەنە ئیسلام و موسڵمانان و تاوانبار یان دەکەن و بەزمانی حاڵ دەڵێن (گەر ئێوە نەبونایە ئێمە وەهامان بەسەر نەدەهات ، یان گەر ئێوە لەناوماندا دەرنەکەوتنایە ئەوە وڵات و خاک و ئاوو نیشتمانمان دەپارێزراو توشی ئەم قات و قڕی و شەڕوو گرانیە نەدەبوو ؟؟!

وە هەزاران قسەو باسی تری بێ ناوەرۆکی لەم بابەتە .

بەڵام لە راستیدا وەهانیە و کەسانێک ئەم بیروباوەڕو عەقیدە خراپە یان هەیەکە زۆر دووربن لە عەقیدەی پاک و بەرزی پێغەمبەران و نەفام و نەزان بن لە بەرامبەر بەحەقیقەتی زاتی بەرزو بڵندی پەروەردگار ، بەراستی کەسانێک رەش بینن و تاریک بیر دەکەنەوە کە لە دنیادا ئەقڵ و بیرو هەست و سەرجەم ژیانیان تەسلیم بەشەیتان و نەوەکانی کردبێ و دووربن لە رێگەی راستی پەروەردگاریان .

ڕەش بینی و هۆش تاریکی ئەو جۆرە کەسانە گەورە ترین بەڵگەی زیندووە لەسەر ئەوەی کە دڵەکانیان تاریک هەڵگەڕاوە و سەرجەم ژیانیان لە تاریکی دادەبەنە سەروو بەهەموو شتێک دەڵێن تاریک !! تەنانەت بەتیشکی خۆریش !!

ئەوکەسانە شەمشەکوێرە ئاسا هەردەم حەزیان بەتاریکی و دیمەنی ڕەش هەیە و هەردەم ناڕەحەت و بێ تاقەتن لە ڕوناکی و بەدەرکەوتنی تیشکی پیرۆز و ڕووناک خوازی خۆر ؟!

باشە بۆ دەبێ خەڵکی ڕەش بین بەرامبەر بە کەسانێک کە مەبەستیان بریتی بێت لە بڵاوکردنەوەی خێر و خۆشی و هەرزانی و ئاسوودەیی دنیا و سەربەرزی دوارۆژی ئەو خەڵک و میللەتە ؟!

بۆ دەبێت تاوان باربکرێن بە هۆکاری گرانی قات و قڕی و نەهامەتی ؟!

بۆ دەبێت بناسرێت و بەدڕۆزن و بەدکارو ئاژاوەچی لەناو گەل و خەڵک و میللەتدا ؟!

لە ڕاستیدا مەسەلەی ڕەش بینی (متشائم)و بەشووم دانانی کەس و شوێن و ڕوداوەکانی بیروباوەڕێکی جاهلی پێش ئیسلامەو بەهاتنی ئیسلام ئەم بیروباوەڕە پوچەڵ کرایەوە ، یان بەشێوەیەکی تر بڵێین : بیروباوڕی ڕەش سەیر کردن و ڕەش بینی لە بەرامبەرکەسەکان لەکاتێکدا دروست بوون کە خەڵکی لە پەیامی خوای گەورە دور بوبێت و بێ ئاگابوو بێت لەو بارەوە ، جا خوای گەورە بۆ مەبەستی ڕاست کردنەوەی ئەم بیروباوەڕە پڕ لە (شرك)و تاوانە پۆل پۆل پێغەمبەرانی ڕەوانە دەکرد تا عەقیدەی بەدکاری خەڵکی ڕاست بکەنەوە و تێیان بگەیەنن کە چاکە و ڕون و گەش بینی و خراپە و ڕەش بینی هەردووکیان لەلایەن خوای گەورەوەن و بەپێی واقیع و حاڵی چاک یان خراپی ئەو خەڵکە دادەبەزن گەر زۆرترین ڕێژەی خەڵکی لەناو ئەو جێگە و شارەدا باش بن ئەوە بێگومان خوای گەورە توشی خێریان دەکات و دەرگاکانی ڕزق و ڕەحمەت و بەرەکەتی زەوی و ئاسمانەکانیان لێ دەکاتەوە و توشی خێریان دەکات (ولو أن أهل القرى آمنوا واتقوا الفتحنا عليهم بركاتٍ من السماء والأرض ..)

بەڵام پێچەوانەوە گەر زۆرترین خەڵکی ئەوشارو ناوچەیە روویان لە خراپە بێت و بەرپەرچی بانگەوازی خوای گەورە بدەنەوە ئەوە بێ گومان خوای گەورە سزایان بۆ دەنێرێت و توشی سەدان جۆر لە بەڵاو نارەحەتیان دەکات و لە ژیانێکی ناخۆشدا دەیان ژێنێ و گوزەریان پێ دەکات .

(فمن اعرض عن ذكري فاءن له معيشة ضنكا ونحشرهُ يوم القيامة أعمى.. ..)

کەواتە مەسەلەی رەش بینی و بەشوم دانانی کەسەکان یان شتەکان کارێکی نابەجێ و بێبناغەیەو لە پێوەری عەقیدەی پاك و پوختدا کێشیان نیە ، بەڵکو دەبێت باوەڕمان وەها بێت کە (خێر و خۆشی و شەڕو نارەحەتی) هەردووکیان لەلایەن خوای گەورەوەیە و بەپێی حاڵ و گوزەران و رەفتار و باوەڕی بەندەکان دادەبەزن لەلایەن خوای گەورە .

(بەڵێ خوای گەورە ئەم بیروباوەڕە ناپەسەند و بێ بنچینەیە راست دەکاتەوە و دەفەرموێت :

(الا إن طائركم عند الله ولكن أكثرهم لا يعلمون) ألأعراف : ١٣١ .

لەگەڵ سڵاو ڕێزی مەڵبەندی کۆمپیووتەری سۆز
سلێمانی ـ شەقامی صابونکەران
بازاڕی گۆیژە

سەرچاوەکان

- القرآن الكريم .
- الجامع لأحكام القرآن (قرطبي).
- في ظلال القرآن (شهيد الأسلام سيد قطب).
- تفسير القرآن العظيم (إبن كثير) .
- صفوة التفاسير (محمد علي الصابوني) .
- تفسير الكشاف (زمخشري) .
- تفسير طبري (إمام طبري).
- تەفسیری قورئانی پیرۆز (م عثمان عبدالعزيز).
- مجموعة الفتوى الكبرى (شيخ الأسلام إبن تيمية) .
- الصارم البتار في التصدي للسحرة الأشرار (وحيد عبدالسلام بالي).
- السحر والسحرة في ضوء الحديث النبوي (د. سعد المرصفي) .
- فتح المجيد شرح كتاب التوحيد .
- كتاب الكبائر (إمام الذهبي).
- المنهج الحركي للسيرة النبوية (منير محمد غضبان).
- قصص الأنبياء (عبدالوهاب نجار).
- النبوة و ألأنبياء (محمد علي الصابوني).

سلسلة قصص الأنبياء ((٦))

قصة موسى

((عليه السلام))

تأليف

دانا عثمان حسن

جزء الثانى

الطبعة الأولى